# پێشەکی

**نووسینی: ئاری بابان***

کتێبخانە، هەردەم مەڵبەندێکی گرنگی رۆشنبیری و چالاکییەکانی رۆشنبیری بووەو رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی سەرچاوەکانی زانیاری و کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە و گەیاندنی بەو کەسانەی کتێبخانە بەکاردێنن و هەوڵیداوە بەئاسانترین رێگاو بەزووترین کات" خوێنەرانی بگەنە ئەو زانیارییانە و سوودی لێوەربگرن، لەهەمان کاتدا هەر کتێبخانەیەك دەبێت توێژینەوەی تایبەتی بەخۆی هەبێت سەبارەت بەو کۆمەڵە کەسانەی زانیارییان پێدەگەێنن بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر خزمەتی خۆی بەکۆمەڵگا پێشکەش بکات.

بێگومان کتێبخانەی گشتی گرنگترین جۆری کتێبخانەیەو ژمارەیان لەسەرجەم کتێبخانەکانی دیکە زیاترە، لەبەر ئەوەی کتێبخانەی گشتی" کتێبخانەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەو خزمەتی خۆی بەهەموو لایەکی کۆمەڵ وەکو یەك دەگەێنێت و شوێنێکە دەتوانرێت بۆ رۆشنبیرکردن و فێربوون بەکاربهێنرێت.

مەڵبەندێکی پرشنگداری رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەکانی زانیاریی وەك کتێب و رۆژنامە و گۆڤار و بەکارهێنانی ئینتەرنێتە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری و... هتد.



بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەوە ئاماژەی پێبکەین، کەمیی پسپۆڕانی زانستی کتێبخانەکانە لەزۆربەی کتێبخانە گشتییەکان لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەوە کەمیی سەرچاوەی زانیارییە دەربارەی زانستی کتێبخانە و دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەو کتێبانەی دەربارەی زانستی کتێبخانەکان نووسراون یان وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.

بۆیە ئەم کتێبەی بەردەستت بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو سوودێکی باش بە کارمەندانی کتێبخانەکان دەگەێنێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ دەربارەی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان و هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی کارمەندانی لێهاتوو لەپێناوی پەرەپێدانی هۆشیاریی رۆشنبیری و دامەزراندنی کتێبخانەکان بەشێوەیەکی تۆکمەو رێکوپێك بۆ ئەوەی بتوانرێت بەشێوەیەکی باشتر خزمەت بەوکەسانە بگەێنین کە هاتووچۆیان دەکەن.

بێگومان بایەخدان بەم بابەتە و هەوڵدانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بابەتی زانستی دەربارەی کتێبخانە مایەی دەستخۆشی و بەرزنرخاندنی کارەکەیە، بۆیە ئەم کارەی بەڕێز (یاسن قادر بەرزنجی) بەکارێکی گرنگ و دەست پێشخەرییەکی باش دەزانین، کە هەوڵی داوە لە پانزە بەشی کتێبەکەدا زانستێکی باشمان پێببەخشێت سەبارەت بە کتێبخانەو پسپۆڕانی و کارمەندانی کتێبخانەکان و رۆڵی تەکنەلۆژیای نوێ لە پێشخستنی کتێبخانەکان و چەندین بابەتی دیکەی گرنگ کە زانیارییەکی چڕمان پێدەبەخشن، هەروەکو ئەو بەشانەی سەبارەت بە دڵەراوکێی کتێبخانەیە، یان دەربارەی ئەو کتێبە گرنگانەیە کە لەساڵی 2011دا بڵاوبوونەوە، یان سەبارەت بەدیاردەی کتێب دزین، یان ئەو بابەتەی سەبارەت بەکتێبخانەی نیشتمانی وەرگێڕراوە، کە دەکرێت لەبەرچاو بگیرێت و تێبینی و سەرنجەکانی بەهەند وەربگیرێت.

ئەوەی شایانی باسە وەرگێڕی ئەم کتێبە ئەزموونێکی پێشووی هەیە لە بڵاوکردنەوەی چەندین کتێب و بابەتی دیکەو بڵاوکراوەی تایبەتمەند دەربارەی زانستی

کتێبخانەکان و لەهەموویان گرنگتر بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)یە کەوەکو (سەرنووسەر)ی ئەم بڵاوکراوەیە مانگانە چەندین بابەتی گرنگ و بەپێز بڵاودەکاتەوە، دیارە تاکە بڵاوکراوەی پسپۆڕیشە لەبواری کتێبخانەکان و رۆڵێکی گرنگی هەیە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت کتێبخانەکان و سەرچاوەیەکە دەربارەی ئەو زانیارییانە.

بێگومان کارێکی وا مایەی بەرزنرخاندنە و هیوادارین کاك یاسین بەردەوام بێت لەو ئەرکە پیرۆزەی لەئەستۆی گرتووە، لەپێناوی دامەزراندنی کتێبخانەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی.

*** بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی**

# بەبازاڕكردنی خزمەتگوزاریی

# كتێبخانە گشتییەكان


ن. هشام بن عبدالله العباس

کتێبخانەی گشتی، بەوپێیەی خزمەتگوزارییەکی گشتییە، بۆ ئەوە دامەزراوە ببێتە سەنتەرێك کە هەرچییەك سوودمەند بیەوێت" دەستەبەری بکات بۆی، هەرچۆن رۆڵی رێنمایی و ئاراستەکردنیشی دەبینێت، بەشێوەیەك کاریگەریی لەسەر هەموو ئەوانە هەبێت کە ناخوێننەوە، رووبکەنە خوێندنەوە. پاشان، لە ئامانجە گرنگەکانی دیکەشی کارکردنە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی تاك و کۆمەڵ و فێرکردنیان، لەگەڵ پەرەدان بەهۆشیاریی تاك بۆ تێگەیشتن لە هەموو پرسە گشتی و تایبەتەکان.

ئەمڕۆ کتێبخانەی هاوچەرخ بریتییە لە شانەیەکی زیندوو لە بونیادی کۆمەڵگا، بەتەنیا رۆڵی بریتی نییە لە دەستەبەرکردنی زانیاری و سەرچاوەکان بۆ کەسێك بیەوێن و فەرامۆشکردنی ئەوانی دی، بەڵکو بەشدارێکی کارایە لە ژیانی گشتیی ئەو کۆمەڵگایەی کتێبخانەی تیادایە، هەرچۆن هاووڵاتی بەئازادیی سەر دەکات بەبازاڕدا بۆ هەڵبژاردنی کەلوپەلی ناوماڵ و کەرەستەکانی خوێندنگا و خۆراك، بەهەمان شێوەش پێویستی بەبازاڕی هزرە بۆ تێرکردنی رۆحی، تا ئازادانە بەوبازاڕەدا بگەڕێ بەناو جۆرەکانی زانیاریدا بەمەبەستی هەڵبژاردنی ئەوەی پێویستی پێیەتی.

بەلابردنی بەربەستی نێوان سوودمەندو سەرچاوە و بەواڵاکردنی کتێبخانەو سەرچاوەکانی لەبەردەم خەڵکیدا کە خوێنەر بە ئارەزووی خۆی هامشۆی بکات و چی بوێت هەڵیببژێرێت، ئەوا کتێبخانەی نوێ دەبێتە بازاڕێکی رۆشنبیریی کە هەموو شتێکی تێدا بێت و سوودمەندیش بەتەنیا هەڵبژاردنی لەسەر دەبێت.





کتێبخانەیەکی گشتیی لە پورتوگال

کەواتە پێویستە کتێبخانەکان ئاستی خزمەتگوزاریی و کاریگەرییان بەشێوەیەك بەرزبکەنەوە کە پێویستی و حەزی خەڵکە زۆر و لەیەکتر جیاوازەکە تێر بکەن، ئەویش بە بەرهەمهێنانی ئەوەی لە توانای بازاڕکردندایە، نەك ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی هەیە، ئەویش بە گرتنەبەری مێتۆدە باوەکانی زانستی بەبازاڕکردن، لە بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەکاندا، چونکە بەبازاڕکردن لە پێناوی هێنانەدیی دوو ئامانجدایە:

1-ئاشکراکردنی خواستی سوودمەند و بەکاربەر و بەرجەستەکردنی ئەوەش لە بەرهەمی وەبەرهێندا.

2-گەیاندنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە بەکاربەرەکان بەمەبەستی تێرکردنی خواستەکانیان.

هەرچۆن بەبازاڕکردن جەختی زۆر دەکاتە ئامانج و مەبەستەکان، بەشێوەیەك هەل بۆ کتێبخانەکان دەڕەخسێنێ بایەخی زیاتر بدەنە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی و

بەنرخترین و کاریگەرترینیان بەسوودمەند، بەواتایەکی تر زانستی بەبازاڕکردن فەلسەفەو میتۆدێکی پراکتیکی سەرکەوتووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کاریگەر.

لێرەوە پێویستمان بە سوودوەرگرتنەوە لە زانستی بەبازاڕکردن و جێبەجێکردنی لەبواری خزمەتگوزاریی کتێبخانە و سەنتەری زانیارییەکاندا، هەروەها تێگەیشتن لەو راستییەی کە پێویستە کتێبخانە هاوچەرخەکان کاری لەسەر بکەن، ئەویش گەڕان بەدوای باشترین رێگایە بۆ ئەوەی سوودمەند بتوانێ بەکەمترین ماوەو کۆشش سوود لە کتێبخانە وەربگرێت، هەرچۆن هەڵسەنگاندنی راستەقینەی هەر کتێبخانەیەکیش پەیوەستە بەچۆنێتی بەکارهێنانی و سوود لێوەرگرتنی لەلایەن خوێنەرانییەوە.

کەواتە پێویستە لەسەر کتێبخانەکان لەرێی گرتنەبەری باشترین رێگاوە لە خەسڵەتی سوودمەندانی تێبگات، لەوانەش رێگاکانی بەکارهێنانی بەبازاڕکردنی نوێ کە تیایدا وەبەرهێن، یان سوودمەند دەبێتە تەوەری چالاکییەکەی بەبازاڕکردن و رازی بوونی، ئەو سەرکەوتوویی ئەو دامەزراوە نیشاندەدات لە هێنانەدیی پلان و ئامانجەکانی و بەردەوامیی لە گەشە و پێشکەوتندا.

## توێژینەوەکانی لەوەوبەر

ئەم بابەتە، جێگای بایەخی زۆر لە نووسەر و بیرمەندانی وڵاتانی خۆرئاوا بوون و گەلێك کتێب و توێژینەوە و وتار نووسراون کە تیایاندا رۆڵی زیندووی بەبازاڕکردن لە کتێبخانە گشتی و تایبەتمەندەکاندا خراونەتە روو، لەجیهانی خۆرئاوا ئەوە روون بووە کە بەبازاڕکردن هۆکاری راستەقینە بووە لە هێنانەدیی ئامانجەکانی کتێبخانەدا، بگرە ئامرازی مانەوەشی بووە، لەوانە توێژینەوەیەکی M.F.KING بۆ بەرهەمی فیکریی لەبواری بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە تایبەتمەندەکاندا.

هەروەها توێژینەوەیەکی A.C.DRAGON لەساڵی 1979دا کەتیایدا میتۆدەکانی بەبازاڕکردنی باسکردبوو بووە هۆکاری سەرەکیی بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی



گشتیی ناوچەی (OJA)ی ویلایەتی کالیفۆرنیا و بووە فریادرەسی ئەو کتێبخانەیەی بەهۆی نابووتبوونیەوە دەرگای لەرووی هامشۆکەرانیدا داخستبوو.

هەروەها ساڵی 1980، J.A.EDNGER باسی لە چەمکەکانی بەبازاڕکردن کردوە لە دامەزراوە بێبەرامبەر و بێداهات و قازانجەکاندا، ئەوانەی ئامانجی کۆمەڵایەتییان هەیە وەکو کتێبخانەکان، تیایدا کتێبخانەکانی راسپاردوە بایەخ بدەن بەخواستەکانی سوودمەند.

هەرچۆن ساڵی 1990 توێژینەوەیەکی M.F.PURCELL، ناکارایی کتێبخانە گشتییەکانی ئیرلەندەی سەلماندووە بۆ دابینکردنی خواستی خەڵکە خوێنەرەکە، هەربۆیە رێنمایی بەکارهێنانی چەمك و میتۆدەکانی زانستی بەبازاڕکردنی کردوە بۆ بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان بەمەبەستی بەرزکردنی ئاستیان و راکێشانی خوێنەران و ئەندامە هەمیشەییەکان بەلای خۆیاندا.

## بەبازاڕکردن و دامەزراوە بێداهاتەکان

توێژینەوە نوێییەکان بایەخیان بەچەمکی کۆمەڵایەتیی بەبازاڕکردن داوە کە چەمکێکی نوێیە و وا دەڕوانێتە بەبازاڕکردن کە چالاکییەکە لە سایەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا کاردەکات و هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی هەیە، بەواتایەکی تر کاتێك دەتوانێت بەرنامەیەکی تەواوی بەبازاڕکردن بەپێی خواستی بەکارهێنەکان پێشکەش بکات کە ئاگاداری ژینگەی کۆمەڵایەتیی دەوروبەرەکە بێت.

لەم ئاڕاستە نوێیەوە، توێژینەوە زانستییەکان گوزارشتیان لە گرنگیدان دەکرد بۆ بەبازاڕکرنی هزرو خزمەتگوزارییەکان، کەلەوەوبەر بەتەنیا تایبەت بوو بەکاڵاکان. چەندین توێژینەوە بابەخیان بە پەیڕەوکردنی بیرۆکەی بەبازاڕکردن دەکرد لە دامەزراوە نابازرگانی و بێداهاتەکاندا، واتە ئەوانە ئامانجی کۆمەڵایەتییان هەبووە، هەموو جەختیان لەوە دەکرد کە لە توانادایە بیروڕاکانی بەبازاڕکردنی کاڵا بازرگانییەکان بەسەر خزمەتگوزاریی تاك و هزردا بچەسپێنرێت.


ئەوەبوو هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەسەردەمی بەبازاڕکردنی هزرو خزمەتگوزارییەکان ناسراو زۆر پیشەو پسپۆڕیی رێگای نوێی نەخشەسازی و نرخدانان و دابەشکردنیان گرتەبەر، هەر بەهۆی زانستی بەبازاڕکردنەوە بانگەشەکردن بۆ خزمەتگوزارییەکان کاریگەرتربوون.

بیرۆکەی جێبەجێکردن و سەربەخۆیی زانستی بەبازاڕکردن لەو دامەزراوانەی خاوەنی ئامانجی کۆمەڵایەتیی (بێداهات) بوون ئاستەنگی زۆریان هاتەرێ، کەهەندێجار بەرەتکردنەوە دەگەیشت، هەندێك لایان وابوو بەبازاڕکردن بێجگە لە دەستی دەستی و یاریکردن بەنرخ و کات بەفیڕۆدان و پارە لەدەستدان هیچی تر نییە و ناکرێ بەزانست یان پیشە تەماشا بکرێت، هەندێکی تر لێیان تێکەڵ بووبوو، وایاندەزانی بەبازاڕکردن پڕوپاگاندەو بانگەشەیە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا (بەبازاڕکردن) توانی ڕێزی خۆی بەدەستبێنێ و خەڵکی وەك میتۆدێکی نوێ دانیان پیادا نا.



## چەمکی بەبازاڕکردن

بەپێی قۆناغە مێژووییەکان، چالاکیی بەبازاڕکردن گەشەی بەسەرداهاتووە، تا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بایەخی هەرە گەورەی پێدراوە.



کتێبخانەی گشتیی ماریلاند لە ئەمریکا

گرنگترین پێناسەی بەبازاڕکردن لەلایەن کۆمەڵەی بەبازاڕکردنی ئەمریکی (AMA)وە بووە لەساڵی 1985دا کە دەڵێت "پرۆسەی پلان و جێبەجێکردنی ئاڕاستەی گشتی و نرخدانان و بانگەشەبۆکردن و دابەشکردنی کاڵاو خزمەتگوزاریی و هزرە بەمەبەستی ئاڵوگۆڕ، ئەوا ئامانجی هەریەکە لەتاك و رێکخراوی تیادا دێتەدی".

گرنگترین پێناسەی بەبازاڕکردن کە لەگەڵ خزمەتگوزاریی کتێبخانەکاندا بگونجێ، ئەو پێناسەیەیە کە R.KING کردویەتی و دەڵێت "پێشکەشکردنی زانیاریی راستودروستە بە کەسی شیاو لە کاتی شیاودا و بەنرخی گونجاو بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیی سوودمەندو ئارەزووەکانی".

بەپێی چەمکی نوێی بەبازاڕکردن، بەرهەمهێن، یان دامەزراوە، بەتەنیا کاڵا، یان خزمەتگوزاریی نارەخسێنێت، بەڵکو ئەرکی بەبازاڕکردنی سوودوەرگرتن، یان خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنراو دەگرێتە ئەستۆ، بۆ نموونە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە کتێب بەرهەم ناهێنن، بەڵکو ئەرکیان بەبازاڕکردنی مەعریفەیە.

بەوشێوەیە کتێبخانەکان توانییان سوود لە چەمکی بەبازاڕکردن وەربگرن بەوەی بناغەکەی ئاڵوگۆڕی سوودبینینە و پشت بە پشتگیریی مادی و مەعنەوی دەبەستێت لەبەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە تاکەکانی کۆمەڵ، بۆ نموونە بودجەی کتێبخانەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکان پشت دەبەستێ بەپارەی وەرگرتنی باج، ئەمە بۆ بەڕێوەبردنی کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی خوێندنگاکان، هەروەها باجی سەرخوێندکاران بۆ کتێبخانەی کۆلێژ و زانکۆکان، بەڕێوەبردنی کتێبخانە تایبەتمەندەکانیش بودجەکەی دەخرێتە سەر پشتبەستنی دارایی تایبەت بە توێژینەوەی دەستەی سەرپەرشتیی کتێبخانە تایبەتمەندەکان.

## لێکۆڵینەوە لەبازاڕ، یان کۆمەڵگای کتێبخانە

بەکاربەر تەوەری چالاکیی بەبازاڕکردنە، قایل بوونی واتا سەرکەوتوویی ئەو دامەزراوەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، قایل بوون بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی.

لێکۆڵینەوەی بازاڕ لە کاتی بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکاندا کارێکی پێویستە، هەربۆیە دەبێت بەڕێوەبەرێتی دامەزراو، یان کتێبخانە، شارەزای سروشتی هەر توێژەبێت لە سوودمەندان و ئەوانەی سوودمەنیش نابن، تاوەکو بتوانرێ خواستەکانیان دابین بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەلای کتێبخانەدا رابکێشرێن، کەواتە کاتێ کۆمەڵگای دەوری کتێبخانە شیدەکرێتەوە، نابێ بەتەنیا لەسوودمەندان



بکۆڵرێتەوە، چونکە ئەوانی تر کە سوودمەندنابن زۆربەی زۆری دانیشتووان پێکدێنن، ئەمە بێجگە لەوەی زانیاریی بەتەنیا بۆ گروپێك پێویست نییە، بەڵکو هەر هەموو پێویستیی زۆریان پێیەتی، بەڵام گرفتەکە لەم خاڵانەدایە:

1- هەندێ جار، هۆشیاریی کۆمەڵ وا لە خەڵکی دەکات شوێن زانیارییەکان بکەون و کتێبخانە بەکاردێنن.

2- لەگەڵ بوونی هۆشیاریی کۆمەڵدا، گوزارشت لە پێویستیی کتێبخانە ناکرێت.

3- حەزی شارراوە هەیە و داهاتوو گەشەی پێدەدات.

کەواتە دەبێت کتێبخانە سوودمەند و ناسوودمەند بەهەند وەربگرێت لە کۆششەکانیدا بۆ تێرکردنی ئەوانەی گوزارشت لەو حەزە دەکەن و ئاڕاستەکردنی ئەوانەش کە گوزارشت ناکەن، دەنا کتێبخانە دەبێتە جەستەیەکی مەنگی بێ جووڵە و ئامانج.

بۆ دیاریکردنی ناسنامەی سوودمەندان، G.P.DELLA گروپەکانی ئەوانی دابەشکردوە بەسەر سێ جۆردا:

1- ئەوانەی کتێب دەخوازن و زوو زوو سەردانی کتێبخانە دەکەن، لەپاڵ خواستندا سوود لە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی کتێبخانەش وەردەگرن.



کتێبخانەی گشتیی بۆدابست لە هەنگاریا

2- ئەوانەی لەناو کتێبخانەدا دەخوێننەوە، ئەمانیش سەردانەکانیان بەردەوامەو لەکاتی خواستندا سوود لە ئاسانکاری و خزمەتگوزارییەکان وەردەگرن.

3- لەگەڵ ئەوانەی سوودبینیان لەئاستی مامناوەندیدایەو کتێب کەم دەخوازن و کەمیش خزمەتگوزارییەکان بەکاردێنن. لەبەرئەوەی سوودمەندان نوێنەرایەتی دەستەیەکی گونجاو ناکەن، پێویستە کتێبخانە ئاکاری پێویست بگرێتەبەر لەمامەڵەی سوودمەنداندا تا بەکارهێنانی کتێبخانە چالاك بکرێت و سەردانی خوێنەرانی بەردەوام بێت، ئەمە بەواتای (بەش بەشکردنی بازاڕ) دێت:



### یەکەم: بەش بەشکردنی بازاڕ

کتێبخانەکان، بەتایبەت گشتییەکان بۆ ئەوە دادەمەزرێ کە خزمەتی مەعریفە بکات و کاتە بەتاڵەکان پڕبکاتەوە، هەربۆیە پێویستە سوودمەندانی دابەش بکرێن بەسەر گروپی هاوشێوەو گونجاودا لەڕووی حەزو پێداویستییەوە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ هەر گروپە، لەگەڵ چاودێریی جیاوازیی گروپەکان، چونکە سیاسەتی بەش بەشکردنی بازاڕ بەشدار دەبێ لە بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییە جاوروجۆرەکاندا، لەگەڵ دانانی ستراتیژی بەبازاڕکردنی گونجاو بۆ هەر بەشێکی بازاڕ لەڕووی دیاریکردنی ئاوێتەی بەبازاڕکردن و دابینکردنی سامانی مرۆیی و مادیی بەپلەیەکی کاریگەر.

هەرچەندە کتێبخانە لەڕێی پێشکەشکردنی بەرنامەو خزمەتگوزاریی گونجاو بەگەورەو بچووك و گروپە تایبەتەکان جیاوازیی لەنێوان سوودمەنداندا کردوە بەپێی خواستی هەریەکیان، بەڵام گەر سیاسەتی بەبازاڕکردن بۆ هەریەك لەو حاڵەتە دیاری نەکات ئەوا هەنگاوەکان ناجێگیر دەبن.

### دووەم: کتێبخانە بکرێتە دامەزراوێك کە وەڵامدانەوەی خێرابێت

KOTLER بەم شێوەیە پێناسەی دامەزراوی خێرا وەڵامدەر دەکات:

1- هانی سوودمەندانی بدات بۆ پرسیارو سکاڵاکردن و پێشنیاز دەربڕین و بیروڕا دەرکاندن.

2- توێژینەوەی وەرزیی سەبارەت بەئاستی رازی بوونی سوودمەندان ئەنجام بدات.

3- بەتەنیا بایەخ بەرازیبوونی سوودمەندان نەدات، بەڵکو بایەخیش بەداواکاریی ئەو سوودمەندانە بدات کە هێشتا رازی نەکراون، لەگەڵ دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی.

4- کاربکات بۆ هەڵبژاردن و مەشق پێکردنی تاکەکان لەسەر هۆشیاریی بەکاربردن.

## سێیەم: رازی بوون

پێویستیی بۆ زانیارییەکان و سەرچاوەکان، دەخوازێ خزمەتگوزاریی بۆ تێرکردنی خواستی سوودمەندان بەمەبەستی رازی بوونیان دابین بکرێت، بەوپێیەش دەستکەوتەکانی دامەزراوەی کتێبخانە بەردەوام دەبێت.

هەرچەندە کتێبخانەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، بەڵام رازی بوون نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست، چونکە رێژەی هامشۆکردن لە کەم بوونەوەدایە، کەواتە ئایا خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکان دەبێتە وەڵامدەرەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات و ئایا توانای گۆڕانی چەندە؟

رازی نەبوون لەکتێبخانەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

- بایەخدان بەوەبەرهێن زیاتر لە سوودمەند.
- ئاستەنگی بەردەم بوونە ئەندامی و سیستمەکانی خواستن.
- سزای سەرپێچی دواخستنی گەڕانەوەی چاپکراوەکان.
- بەرزبوونەوەی کرێی خزمەتگوزارییەکان.
- سنووردانیی سەعاتەکانی کردنەوەی کتێبخانە.
- درێژیی لیستی چاوەڕوانی خواستنی کتێبە بەنرخەکان و کەرەستەکانی تر.

لەگەڵ سروشتی ناجۆری هەندێ لە کتێبخانە کۆنەکان و خراپیی بەشێك لە سیستمی کتێبخانەکان.

کەواتە پێویستە خزمەتگوزاریی کتێبخانەکان روو لەسوودمەندان بن و بایەخ بەداخوازییان بدەن، تا بیانکەنە دۆست و هامشۆکەری بەردەوامیان و بەحەزی زۆرترەوە روویان تێبکەن، دەنا بەکاربەر ناچار دەبێت روو لەجێگای تر بکات کە داخوازییەکانی بهێنێنەدی.



## ئاوێتەی بەبازاڕکراو

دوای تێگەیشتن لە داخوازیی سوودمەندان، دیاریکردنی ئاوێتەی بەبازاڕکردن دێت، بۆ نموونە ئەو خزمەتگوزارییەی کتێبخانە پێشکەش تەمەن گەورەکانی دەکات، بەتەواوی جیاوازە لەوەی پێشکەش بەمنداڵانی دەکات. ئەم ئاوێتەیە کە لەنێوان کتێبخانەو بەکاربەردایە، لەچوار پێگەی سەرەکیی پێکدێت(بەرهەمهێن، نرخ، شوێن، بانگەشە).

## بەرهەمهێن

مەبەست لە خزمەتگوزارییەکانە لەدیدی بەکاربەر، یان سوودمەندەوە، واتە کۆمەڵێ خزمەتگوزاریی کە بەکاربەر لەرێی کرینی کاڵاو بەکارهێنانیەوە چنگی دەکەوێت و بریتین لە سوودە کۆمەڵایەتی و مەعنەوییەکان، بۆ نموونە سوودمەند کتێبێك لە کتێبخانە بەمەبەستی چێژ لێوەرگرتن و کات بەسەربردن، یان بۆ تاقیکردنەوەو نووسینی توێژینەوەیەك دەخوازێ، چونکە دەزگای بڵاوکردنەوە لەوکاتەدا رۆڵی بەرهەمهێنی کتێبی نییە، بەڵکو بەبازاڕکردنی مەعریفە ئەنجام دەدات. لەکتێبخانەکاندا چەمکی بەرهەمهێن زانیارییەکان و سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییەکانە، هەروەها ژمارەی سەعاتەکانی دەوامی کتێبخانەو دابینکردنی هەلومەجی خوێندنەوەی وەك هۆڵ و کورسی و مێز...، (چونکە ئەوەی لای خەڵکی گرنگە چۆنێتی پێچانەوەی کاڵاکانە، نەك بەتەنیا خودی کاڵاکان). هەربۆیە پێویستە بایەخ بە بەرگ بدرێت، چونکە بێجگە لەپارێزگاری لەکتێبەکان، بەرگ جوانی و سەرنج دەدات پێیان و وا لەخوێنەر دەکات سەردانەکانی زیاتر بکات، بەتایبەت بەرگی چاپکراوی منداڵان.

هاوکات دیمەنی دەرەوەو ناوەوەی کتێبخانەو پاراستنی هێمنی و راگرتنی پاك و خاوێنی و کەرەستەی گونجاو و پاراستنی چاپکراوەکان و جزوبەندکردنیان..ئەمانە رۆڵیان هەیە بۆ گونجاوی کتێبخانەو هاندانی هامشۆکەرانی، لەگەڵ گەشەدان بە پرۆسەی خوێندنەوەو دابینکردنی سەرچاوە نوێیەکان فاکتەری هاندەر دەبن، چونکە پێوانەی هەر کتێبخانەیەك بەقەوارەی خزمەتگوزارییەکانی دەپێورێت.


## نرخدانان بۆ خزمەتگوزارییەکان

چەمکی راستەقینەی نرخ ئەو برە پارەو قازانجەیە کە سوودمەند لە کالاّ، یان خزمەتگوزاریی پێشکەش کراو، وەك چالاکییەکی بەرچاو دەستی دەکەوێت.

هەندێك وادەبینن کە دەبێ خزمەتگوزاریی بێ بەرامبەر پێشکەش بکرێت، چونکە ئەوە ئاستی کالاّ، یان خزمەتگوزاریی بەرزدەکاتەوە، بەپلەیەکی زۆر کە لەتێچووی خزمەتگوزارییەکە تێدەپەرێت.

بەلاّم ترسێك هەیە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بێ بەرامبەر، ئەویش درووستبوونی بێ بایەخی و گرنگینەدانە لەلایەن سوودمەندانی، یان زیادەرەوییە لە داواکردنی و بەکارهێنانی، بۆیە باشتروایە خزمەتگوزاریی بەرامبەر بێت، یان لەرێی سەپاندنی سزای دواخستنی سەرچاوەی خوازراو، یان لەدیاریکردنی نرخ بەرامبەر خزمەتگوزاریی دیاریکراو.

لەو کتێبخانانەی کە هەر لەسەرەتاوە بیرۆکەی بەبازارکردنی داهێناوە کتێبخانەکانی ئەمریکا بوون کە ئەزموونیان هەبووە لەو بوارەدا، ئەویش کاتێ بودجەیان کورتی هێناوە، پێویستیان بەپشتگیریی مەعنەوی و مادیی بووە لەلایەن سوودمەندانەوە.



کتێبخانەیەکی گشتیی لە ئەڵمانیا

بەبازارکردنی خزمەتگوزاریی لەلایەن کتێبخانەکانەوە جیاوازبووە، کتێبخانە هەبوون بەرامبەر ئەنجامدانی توێژینەوە لەرێی تەکنیکەوە کرێیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا خزمەتگوزاریی تەقلیدیی، یان توێژینەوەکانیان کە نووسیویانە بێ بەرامبەر بوون، هەرچەندە



بەشێك لە کتێبخانەکان پێرستی سەرچاوەکانیان لەکۆمپیوتەردا دانابوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان لەرێی کۆمپیوتەرەوە نرخیان دانەدەنا، بەلاّم لەرێی وەرگرتنی سزای درەنگ گەراندنەوەی سەرچاوەکانیانەوە پارەیان وەردەگرت.

هەروەها لەحالّەتی خزمەتگوزاریی نوێدا وەك هێنانەوەو وەدەستخستنی زانیارییەکان لەنێو تۆرەکانی زانیاریدا نرخیان دەخستەسەر سوودمەند، بەجیاوازیی برەکەی لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، هەندێکیان کاتی پەیوەندیکردنیان دەکردە پێوەر بۆ نرخەکە، هەندێکی تر کرێیان بەرامبەر بەکارهێنانی راستەوخۆی ژمارەی کارتە چاپکراوەکانی نێو ON-LINE دیاری دەکرد، هەشبوون هەموو تێچوویەکیان لە سوودمەند وەردەگرتەوە، هەبوون خزمەتگوزاریی وەرگێرانیان دەکردە پێوەرو ئەوەش تەنیا بۆ وەرگرتنەوەی بری تێچووی پرۆسەکە بوو، نەك قازانج.

بەو شێوەیە، بایەخی پلاندانانمان بۆ دەردەکەوێت لەیاریکردنی کرێ بەرامبەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی، بەشێوەیەك لەگەڵ بری تێچوودا بێتەوەو سوودمەندیش قایل بکات.

گواستنەوەو دابەشکردنی خزمەتگوزاریی

لێرەدا مەبەست لە گواستنەوە، گەیاندنی زانیاری و خزمەتگوزارییە بۆ هەر کەس و لایەنێك پێویستیان پێی بێت.

پرۆسەی گواستنەوە لە پرۆسە گرنگەکانی دۆزینەوەی بازاری نوێیە، یان ژینگەی نوێ بۆ کالاّکان، هەرچۆن کاردەکرێت بۆ فراوانکردنی بازارەکانی ئێستا کە زانیارییەکانیان تیادا دابەش دەکرێت، ئەوەش یارمەتیی کتێبخانە دەدات بۆ زیادکردنی خزمەتگوزارییەکانی، دیارە گەشەکردنی ئامرازەکانی گواستنەوەو پەیوەندیی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کاریگەریی زۆری هەبووە لەپێشکەوتنی خزمەتگوزارییە کتێبخانەییەکاندا و بلاّوبوونەوەیان بەشێوەیەك بەتەنیا لە نێو شارەکاندا نەبێت، یان لەناوچەیەکی دیاریکراودا، بەڵکو پەل بهاوێت بۆ هەموو جیهان.

گواستنەوەو دابەشکردنی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان یان لەرێی ئەو رێگایەوە بووە کە بە(خالّی خزمەتگوزاریی) ناودەبرێت، کە لەکتێبخانە ناوەندی و سەرەکییەکاندا تا

دەگات بەکتێبخانەی لقەکان و وێستگەکانی کتێب، بۆ سەنتەرەکانی ئەفراندن و بۆ کتێبخانەی گەڕۆك و خزمەتگوزاریی سەرچاوە فەرهەنگییەکان لەیەکتر جیاوازن، هەروەها لە پەنابردنەبەر ئامڕازەکانی پەیوەندی نوێی وەك تەلەفون و ڤیدیۆتکس و ڤیوداتا و تەلیکس و تەلیفاکس و فاکسی مانگە دەستکردەکانو...تاد، (خاڵی خزمەتگوزاریی) یان(وێستگەی خزمەتگوزاریی) لەیەکتر جودان.

ئامڕازەکانی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان خاوەنی توانای زۆرن بۆ بەدیهێنانی فراوانبوونی گەیاندنی زانیاری و نمایشیان، ئەوەش لەنێوان کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکاندا بەمجۆرە رەنگیداوەتەوە:

1- ئاڵوگۆڕی خواستنی بەڵگەنامەکان لەنێوان کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکاندا.

2- توێژینەوەی راستەوخۆ لەڕێی ئامێرەوەو لەڕێی پێرستی کتێبخانەو سەنتەرەکانەوە.

3- توێژینەوە لە زانیاری و بانکەکانی زانیاریدا.

4- ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی لەڕێی پەخشی زانیارییە هەڵبژێردراوەکان.

5- گواستنەوەی کۆنفرانسە زانستییەکان لەکاتی بەستنیانداو هەلڕەخساندن بۆ سوودوەرگرتن لێیان و گفتوگۆکردنیان.

6- توانای دەرکردنی خولاوەکان و کتێب لە جێگایەکی دوورەوە، بەواتایەکی تر توانای بازاڕکردنی خوازیاری دانیشتوو لەپشتی کۆمپیوتەرەکەیەوە بەدڵنیاییی کە داخوازییەکەی لەچەند چرکەو خولەکدا پێدەگات.

هەربۆیە گرنگە کتێبخانە باشترین رێگا هەڵبژێرێت بۆ هێنانەکایەی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی، بەرەچاوکردنی بایەخدان بەشوێن و کاتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی.

لەهەوڵە جدییەکان بۆ جەخت کردنەسەر سوودمەند، بڵاوبوونەوەی(لامەرکەزییەت)ە لە گەیاندنی زانیارییەکاندا ئەویش بەپێی خواستن و پێداویستی ئەوان، هەرچۆن کتێبخانەکان بایەخ بە واڵاکردنی دەرگاکانیان دەدەن لەکاتی گونجاودا بۆیان و ئەمیندارە بەتواناکان هەلی تەواو دەرەخسێنن بۆیان تا باشترین سوود وەربگرن.



## بازاڕگەرمکردن

لە ئامانجە سەرەکییەکان کە هەر کتێبخانەیەك کاری بۆ دەکات بەردەوامبوونی پەیوەندییە لەنێوان کتێبخانەو زۆرترین ژمارەی سوودمەندان لە دامودەزگاو تاکەکانی کۆمەڵی دەوروبەری، بەگشتی ئەو بەردەوامییە خۆی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی سەبارەت بەکتێبخانەو خزمەتگوزاری و پلانەکانیدا دەنوێنێت، هەرچۆن کار بۆ رازی کردنیان دەکات بەرامبەر بەرنامەی دیاریکراوو کاریگەریی لەسەر ئاڕاستەو ئاکاری هەر یەکێکیان لەڕێی پەیوەندیکردن پێیانەوە.

بازاڕ گەرمکردن وەك رەگەزێکی بەبازاڕکردن، هەموو جۆرەکانی پەیوەندیی بەخەڵکەوە دەگرێتەوە، واتە ئاگاداری و پڕوپاگاندەو ئامڕازەکانی چالاککردنی فرۆش و فرۆشتنی شەخسی.

## ئاگاداری

رەگەزی سەرەکییە لە بازاڕگەرمکردندا، ئامڕازی ناشەخسییە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو.

مەبەستی ئاگاداری گەیاندنی زانیارییە بۆ زۆرترین سوودمەند بۆ هامشۆی بەردەوامی کتێبخانەو سوودوەرگرتن لێی، ئەوەش لەڕێی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ئاگادارییەوە دێتەدی، وەکو رۆژنامەو گۆڤار، تەلەفزیۆن، رادیۆ، ئاگاداریی لەڕێی پۆستەوە، سینەما، هەروەها لەڕێی ئامێرەکانی گواستنەوەو تابلۆی نمایشی ئاگادارییەکانەوە.

دیارە مەرامی کتێبخانەو ناساندنی خزمەتگوزارییەکانی، بەهۆی پڕوپاگەندە بۆ خودی کتێبخانە دێتەدی، چونکە کەسانێك هەن بوونی پێ نازانن، یان شارەزایی خزمەتگوزارییەکانی نین، هەربۆیە دەبێ کتێبخانەو سەعاتەکانی دەوامی بناسێنرێت، هەر



کتێبخانەی نیشتمانیی فەڕەنسا

چۆن دەبێ باسی سەرچاوەکانی بکرێت و بانگەشە بۆ ئەو سەرچاوە رۆشنبیری و مەعریفیە بکرێت.

لەکتێبخانەی وڵاتانی جیهانی سێدا چالاکیی ئاگاداری بایەخی ئەوتۆی پێ نادرێت، چونکە بڕوایان بەقسەیەکی کۆنە کە دەڵێت((کاڵای باش خۆی دەفرۆشرێت)) هەرچەندە ساڵانێکی زۆرە ئەو قسەیە باوی نەماوە، بەڵام لەو جۆرە وڵاتانەدا هەر کاری لەسەر دەکرێت.



## پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشتییەکان کار ئاسانی دەکات لە پرۆسەی پەیوەندیی نێوان کتێبخانەکان و خەڵکیدا، هەرچۆن هەڵوێستی کتێبخانە روونکاتەوە بەرامبەر خوێنەرانی، هەروەها بەپێچەوانەوە، ئەمەش بۆ دروستکردنی باوەڕی ئەوان بەرامبەر کتێبخانەو تێگەیشتن و پشتگیریی لێی، واتە ئەرکی سەرەکیی پەیوەندییەکان لەکتێبخانەدا ناساندنی کتێبخانەیە بەکۆمەڵ و کۆمەڵیش بەکتێبخانە.

چالاك بوونی پەیوەندیی توندوتۆڵ لەنێوان کتێبخانەو تاکەکان و گروپەکاندا دەبێتە هۆی زیادبوونی پشتگیریی دارایی و مەعنەویی بۆ کتێبخانەو زۆربوونی خوێنەرانی و سوودوەرگرتن لەسەرچاوەکانی و پارێزگاریی لەپێگەی کتێبخانەو دەستکەوتەکانی، دواجار کێبڕکێی کتێبخانە لەگەڵ کەناڵەکانی تری خۆشگوزەراندن و کات بەسەربردندا. هەربۆیە هەڵسوکەوتی لەباری کارمەندان لەگەڵ خوێنەران و رێکپۆشی ئەوان لە کتێبخانەداو توانایان لە کاریاندا دەبێتە هۆکاری سەرنج راکێشانی خوێنەران، هەرچۆن پەیوەندییەکان رۆڵیان دەبێت لە بڕیاری سیاسیی سەرکردەکانی دەسەڵات بۆ دروستکردنی رای گشتی لای خەڵکەکە، یەکێك لەتیۆرەکانی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی رازی کردنی دەسەڵاتە بۆ هەر بیرۆکەیەکی دیاریکراو کە دەبێتە فاکتەری کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ بەمەبەستی گۆڕینی ئاراستەکان.

## پڕفرۆشیی

چالاك بوونی فرۆش کە دەکرێ کتێبخانە پەنای بەرێتەبەر، لەتەك ئاگاداری و بانگەشەدا، دەبێتە هۆی زیادبوونی داخوازیی سوودمەندان لە زانیارییەکان و سوودوەرگرتن لەکتێبخانەکان، ئامڕازەکانی ئەم مەبەستە بریتین لە تابلۆی ئاگاداری و لافیتەو لیست و کۆبۆن و پێشانگاو پێشبڕکێیەکان، هەروەها دیاری و چۆنێتی نمایش بە بەکارهێنانی ئامڕازەکانی روونکردنەوەو..تاد.



کتێبخانەی گشتیی لە ئەوروپا

## فرۆشتنی شەخسیی

واتە دیمانەو ئاخافتن لەگەڵ کەسێك یان زیاتر لەسوودمەندان بەمەبەستی رازی بوونیان بۆ بەکارهێنانی کتێبخانە. کەسایەتی هەڵکەوتووی ئەمینداری کتێبخانەو ئاستی رۆشنبیریی فراوانی و هەڵسوکەوتی لەباری لەگەڵ سوودمەندان لە پەیوەندیی رۆژانەدا دەبێتە بەهای بنچینەیی لەباشکردنی پەیوەندیی کتێبخانەو خوێنەرانی، بەوەش بازاڕی کتێبخانە گەرم دەبێت، چونکە پەیوەندیی شەخسی و زارەکی دەبێتە هۆکاری سەرکەوتوویی یان سەرنەکەوتوویی هەر کتێبخانەیەك، هاوکات بوونی گیانی هاوکاری و خزمەتگوزاریی دەبێتە هۆی جێ بەجێکردنی کردەیی بەرنامەو چالاکییەکانی کتێبخانە.



## راسپاردەکان

لەئاکاری ئەم توێژینەوەیەوە، دەگەینە راسپاردنی ئەم خاڵانە:

1-کتێبخانەکان پێویستیان بەرازی کردنی تاکە بەپلەی یەکەم، ئەویش بەدابینکردنی خواستەکانیان، واتە بەرهەمهێنانی هەرچی لەتوانادایە بەمەبەستی بەبازاڕکردن لەپێناوی خزمەتگوزاریی تەواودا.

2-پەنابردنە بەر میتۆدە زانستییەکان بۆ بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانە بەشێوەیەك لەگەڵ داب و نەریتی هەر کۆمەڵگایەکدا بگونجێت.

3-کارکردن بۆ دۆزینەوەی بوار بۆ دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەڕێی ئامڕازە تەکنیکیە نوێیەکانەوە، یاخود کردنەوەی کتێبخانەی نوێ و لقەکانیان لەسەرانسەری وڵاتدا.

4-بەشداریی کەناڵەکانی راگەیاندن، بەتایبەت تەلەفزیۆن لە نیشاندانی ئاستی کتێبخانەکاندا، چونکە گەشانەوەی ئاستی هاووڵاتی بەندە بەپێشکەوتوویی کتێبخانەکانەوە.

5-بایەخدان بەهەڵمەتەکانی ئاگاداریی بۆ ئەو مەبەستە.

6-توێژینەوە لەمەڕ ئەوانەی هامشۆی کتێبخانە ناکەن کە زۆرترین رێژەی دانیشتووانن.

7-خستنەگەڕی زۆرترین کادیری بەتواناو شارەزاو پسپۆر کە لە بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەکان تێدەگەن و کاری بۆ دەکەن.

## سەرچاوەکان

1- احمد انور عمر، المكتبات العامه بين التخگيگ والتنفيژ، القاهره، 1978.
2- حسن عبدالله أبو ركبه، اداره التسويق، جده، 1990.
3- عبدالمجيد بو عزه، استغلال علوم التسويق من قبل المكتبات العامه، المجله العربيه للعلوم، 1990.
4- سما و زكى المحاسنى، استخدام التلفزيون والراديو فى دعم الخدمه المكتبيه، عالم المعلومات، 1983.
5- محمد محمد الهادى، الاداره العلميه للمكتبات ومراكز التوپيق والمعلومات، الرياچ، 1983
(لەگەڵ چەندین سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی)

## سەرنج

**ئەم لێکۆڵینەوەیە بەهەندێك کورتکردنەوەوە لەم کتێبەوە کراوەتە کوردی:**

**مكتبة الملك فهد الوطنية، ادارة المكتبات ومراكز المعلومات، تحرير اللجنة العلمية للنشر، الرياض، 2009.**

# رۆڵی پسپۆڕی کتێبخانە لە پەرەپێدانی
# هۆشیاریی رۆشنبیری لە کۆمەڵگادا
# لەڕێی کتێبخانە گتییەکانشەوە

ئەم توێژینەوەیە وەك بەرنامەی كار لە(كۆنگرەی یەكێتی عەرەبیی بۆ كتێبخانەو زانیارییەكان) پێشكەشكراوە، كە لە كتێبخانەی ئەسكەندەرییە لە دیسەمبەری 2004 دا بەستراوە.





# پێشەکی

مێژووی پیشەی پسپۆڕی كتێبخانە (Librarian) لەدایك بووی ئەم سەردەمە نییە، هەروەها سەدەی رابردووش، بەڵكو بەیەكێك لەپیشە بەراییەكانی مێژوو دادەنرێت، چونكە(توت) نموونەی یەكەمینی ئەمیندارانی كتێبخانەیە لە میسری كۆنداو هاوسەرەكەشی (حاتور) یەكەمین ئەمینداری كتێبخانە بووە لەو كاتەدا، هەربۆیە لەرووی (مەجاز)ەوە ناونراون (خواوەندی هزر)و لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگارەكاندا بە نموونە لەلای سەرجەم كارمەندانی كتێبخانە میسرییەكان ماونەتەوە(1).

ئێستایش، رۆڵی پسپۆڕی كتێبخانە كاراو كاریگەرە، چ لەتوێژینەوەی زانستیداو چ لەبوارەكانی مەعریفەدا، لەگەڵ ئەو رۆڵەیدا كە خزمەتگوزاریی پێشكەوتووە بۆ سەردەمی تەكنەلۆژیای نوێ.

پێویستمان بەوەیە بەباشی لە رۆڵی پسپۆڕی ئەم بوارە بگەین لە جیهانێكدا كەوا شۆڕشێكی فراوانی زانیارییەكانی لە سەرجەم بەشەكانی مەعریفەی مرۆییدا تیادا بەرپابووە. ئەمە وێڕای بوونی رووبەڕوو بوونەوەی نوێ لەبواری كتێبخانەو زانیارییەكاندا، كە پێویست دەكات پسپۆڕی كتێبخانە لە توانایدا بێ ئەو ئەركە بهێنێتە دی و بەشێوەیەك بێت باشترین خزمەتگوزاریی زانیارییەكان پێشكەش بەسوودمەندانی كتێبخانە بكرێت، تاوەكو ببێتە مایەی هاوكاریی توێژینەوە زانستییەكان و زیادبوونی رۆشنبیریی كۆمەڵگا.

بەتایبەت رۆڵی كتێبخانەی گشتی رۆڵێكی گرنگە لە گەشەپێدانی رۆشنبیریدا، چونكە كتێبی باش پوختەی هزری مرۆیی سوودبەخشەو كاریگەریی هەیە لەسەر بیركردنەوەی خوێنەرو هەڵسوكەوتی(2).

## چەند پرسیارێك..

کاتێك روناکی دەخەینە سەر ئەم باسە، کە بایەخدانە بە زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان و رۆڵی پسپۆڕی کتێبخانەکان تیایاندا، بەتایبەت لە کتێبخانە گشتییەکاندا، چەند پرسیارێك دێنە پێشێ:

* ئەو مۆراڵانە چین کە دەبێت لە پسپۆڕی کتێبخانەکاندا هەبن؟

* رۆڵی پسپۆڕی کتێبخانە چییە لە پەرەپێدانی هۆشیاریی رۆشنبیریی کۆمەڵگادا؟

*پسپۆڕی کتێبخانەکان چۆن خزمەتگوزاریی زانیارییەکان دەخەنە خزمەتی کۆمەڵگاوە؟

* چەندە پسپۆڕی کتێبخانە شارەزایە لە خزمەتگوزاریی زانیارییەکان لەڕێی ئینتەرنێتەوە؟

## چەند زاراوەیەك.. کتێبخانەی گشتی Public library

هەر کتێبخانەیەك خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی گشتی بێ بەرامبەر لە گەڕەکێك، یان ناوچەیەکی دیاریکراودا پێشکەش بکات، هەڵبەت ئەوەش بەکۆمەکی دارایی گشتی، یان تایبەت دێتە دی و خزمەتی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دەکات کە کتێبخانەکەی تێدایە.

## پسپۆڕی کتێبخانە: Librarin

ئەو کەسەیە کە بەرپرسیاری کتێبخانەو سەرچاوەو کەرەستەکانی لەئەستۆ دەگرێت، هەرچۆن چاپکراوەکان هەڵدەبژێرێت و خزمەتگوزاریی زانیارییەکان پێشکەشی سوودمەندان دەکات.



## خزمەتگوزاریی زانیارییەکان: Information Services

خزمەتگوزارییەکە کە کتێبخانە دەستەبەری دەکات و ئامانجی سەرنج راکێشانە بۆ ئەو زانیارییانە کە لەکتێبخانەدا هەن، ئەویش لەڕێی لیستی بەرهەمە هزرییەکان و سەرچاوەکانەوە.

## ئینتەرنێت The internet

تۆڕی ئاڵوگۆڕکردنەو لە دوو تۆڕ یان کۆمەڵێك پێکدێت کە بەستراون بە یەکترەوەو لەڕێی کۆمەڵێك ئامێرەوە بەشێوەیەك کاردەکەن کە وەکو یەك تۆڕ وابن.

## رۆشنبیری Culture

بەشێوەیەکی گشتی، میتۆدی ژیانە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، کە تیایدا بیرکردنەوەو ئاڕاستەو داب و نەریت و هەڵسوکەوت دەردەکەون.

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە دوو کەرەستەو لایەن دەبەستێت، ئەوانیش:

- بەکارهێنانی لیستی سەرچاوەکان.
- سەرنجی راستەوخۆ لەپیشەی پسپۆڕی کتێبخانەکان.

پسپۆڕی کتێبخانەو زانیارییەکان و بایەخ و رۆڵی لەم سەردەمەدا

زاراوەی (ئەمینداری کتێبخانە) بەواتای ئەو کەسە دێت کە بەرپرسە لەتۆمارەکانی کتێبخانە، بەواتایەکی تر بەرپرسی خزمەتگوزاریی کتێبخانەو زانیارییە زانستییەکانە بەپلەی یەکەم لەسەرچاوەکانی زانیاریدا، لەم سەردەمەدا کە گەشەی بەرچاو بەسەر شۆڕشی زانیارییەکاندا هاتووە، کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان بوونەتە دامەزراوی زانستیی ئەوتۆ کە شێوەی زۆر لە سەرچاوەی زانیارییەکان لەخۆدەگرن، وەکو(کتێب، خولاوەکان، فیلم و سیدیو..تاد).

لەسەردەمانی کۆن و ناوەندا کەسێك بەرپرسیاریی کتێبخانەی پێدرابێت، زانا یان توێژەر یاخود روناکبیرێ بووە کە شارەزایی هەبوبێت دەربارەی کتێب، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی کتێبخانەداو دیاریکردنی ئەرکەکانی لەسەردەمی نوێدا وای خواستووە کە ئەو کەسە جۆرێکی تر بووبێت کە شارەزایی تەواوی هەبووبێت لە کارکردن لەگەڵ کتێب و کتێبخانەدا، دوای ئەوەش قۆناغێکی تر هاتۆتە ئارا، کەوا قۆناغی ئامادەکردنی کادیری ئەکادیمییە، ئەویش دوای ئامادەسازیی گشتیی بۆ تایبەت و جۆری، کە لەکاری دەستەوە وەرچەرخاوە بۆ کارکردن لەسەر نوێترین کەرەستەو ئامێرە تەکنەلۆجییەکان(3).

چەمکی کتێبخانەکان بەپێی ناوەرۆکی زانستی و تیۆرییان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەگەڵ گەشکردنی کتێبخانە تایبەتمەندەکانداو جەختیان لەسەر خزمەتگوزاریی زانیارییەکان و میتۆدە هونەرییەکان کردوەتەوە.

هەندێك گەشەکردنی کتێبخانە بەهۆی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و ئەرکە نوێیەکان دەکەنە بناغە بۆ رەگەزەکانی تیۆری نوێ بۆ کتێبخانەکان، یان بنچینەی ئەکادیمی و تەکنەلۆجی بۆیان و بۆ زانستی زانیارییەکان و لەوێوە پسپۆڕی بواری زانیارییەکان و شارەزای تەکنەلۆجیای زانیارییەکان بوونەتە ناوی هاوچەرخ بۆ گوزارشت لەدیدو روانگە نوێیەکان(4).

راهێنانی پسپۆڕی کتێبخانەو زانیارییەکان.. میسر بە نموونە

لە میسردا، ئێستا 14 بەشی ئەکادیمی بۆ خوێندنی زانستی کتێبخانەو دوکیۆمێنت و زانیارییەکان هەیە، لەو وڵاتەدا لەساڵی 1951دا خوێندنی زانستی کتێبخانەکان دەستی پێکردوە، ئەویش دوای دامەزراندنی بەشی کتێبخانەو دۆکیۆمێنت لە زانکۆی قاهیرە لە 1954دا بووەتە بەشێکی کۆلێجی ئەدەبیات و بەوەش بووەتە یەکەم بەشی زانستی بۆ خوێندنی زانستی کتێبخانەکان لە نیشتمانی عەرەبیدا. هەرچۆن ساڵی 1982 بەشێك بۆ هەمان بوار لە زانکۆی ئەسکەندەرییە دامەزرێنراوە، دواتریش چەندین بەشی کتێبخانەکان لە زانکۆ فەرمییەکانی میسردا دامەزراوەو





تەنانەت بەشێکیشی لە زانکۆی تایبەتی 6ی ئۆکتۆبەر بۆ ئەو مەبەستە دامەزرێنراوە.

لێرەدا ئاماژە بۆ پرۆگرامی بەشی کتێبخانەکانی زانکۆی قاهیرە دەکەین کە بریتییە لەم وانانە(مێژووی کتێب و کتێبخانەکان، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، زانستی ئەرشیف، دەروازەیەك بۆ زانستی زانیارییەکان، سەرەتایەك بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستی دۆکیۆمێنت، ژێدەرە گشتییەکانی، پێڕستی وەسفی، پەرەپێدانی سەرچاوەکان، کەرەستەکانی بیستن و بینین، بنەماکانی کۆمپیوتەر، پێڕستی بابەتی، دەستنووسی عەرەبی، زانستی زمان بەگشتی، سەرچاوەکانی کەلەپور، زانستی بەراوردکاری کتێبخانەکان، سستمی گێڕانەوەی زانیارییەکان، وەسفی بیبلیۆگرافیی کتێبخانەی منداڵان، رێبەرو کورتکراوەکانو..تاد).

## مۆراڵی پسپۆڕی زانیارییەکان

مەبەست لە مۆراڵی پیشەی پسپۆڕانی کتێبخانەو زانیارییەکان بە تەنیا پڕۆسەی جوانکردنی وێنەی پیشەکە، یان کارمەندانی کتێبخانە نییە لەبەرچاوی خەڵك، بەڵکو هێنانەکایەی چوارچێوەیەکە کە تیایدا پسپۆڕان بەرپرسیارییان بەرامبەر پیشەکەو کۆمەڵگا دەربکەوێت.

گرنگترین خەسڵەت کە لە کارمەندانی ئەم دامەزراوانەدا هەبن بریتین لە:

**یەکەم: ئەو بنەمایانەی پەیوەستن بە ڕێزگرتن لە سیستم**

1ـ بەدواداچوون و ڕەخنە لەخۆگرتن و هەڵسەنگاندن بەگیانی لێبوردەییەوە.

2ـ ڕێزگرتن لەهەر کارێك بەرپرس دیاری بکات.

3ـ ڕێزی هەر سیستمێك کە لەدامەزراوەکەدا پەیڕەو بکرێت.

4ـ بەویژدانی لە کارکردندا.

**دووەم: بنەماکانی کارکردنن لەگەڵ هاوڕێیانی کاردا**

1ـ هەڵسوکەوت لەبەر ڕۆشنایی بنەما ڕەوشتییەکان و ڕێزگرتن و بریندارنەکردن.

2ـ ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ هەرکەسێك پێویستی پێی بێت.

3ـ لە گفتوگۆدا پەیڕەوکردنی لۆژیك و دوورکەوتنەوە لەلایەنداریی.

4ـ پەسەندکردنی کێبڕکێی خاوێن، دوور لەئیرەیی و بوغز.

**سێیەم: بنەماکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ هامشۆکەرو سوودمەنداندا**

کە بریتین لە: پاراستنی هێمنی، ڕاستگۆیی و دەستپاکی، لە خۆبردوویی و دوورکەوتنەوە لە خۆبەزلزانین، پرسینەوە لە پێویستیەکانیان، وەڵامدانەوەی پرسیارو سۆراغیان.





**چوارەم: هێنانەدیی پیشەیی**

1-ڕێزگرتن لە پسپۆڕی و پیشەکە.

2-قاڵبوون لە کاردا.

3-سووربوون لەسەر فێربوون.

4-دەستپێشخەریی بۆ گەشەدانی پیشەکە.

5-پاراستنی تایبەتمەندیی.

6-پاراستنی مافی موڵکداریی نووسەران.

ئەوانەش هەموویان بەهۆی پەیڕەوکردنی مۆراڵی پیشەیی دێنەدیی کە لەسێ ئاراستەوە خۆ دەنوێنن(پێکهاتەی کەسیی کارمەند، ئەو ژینگەیەی تیایدا کار دەکات، لەگەڵ یاساو ڕێسای پیشەیی کتێبخانەیی)(5).

## چوارەم: خولەکانی راهێنان بۆ پسپۆڕانی زانیارییەکان

گەشەپێدانی پیشەیی کارمەندان لەپێناوی زیادبوونی زانیارییاندایە بۆ بایەخدانی زیاتر بە کارەکەیان و نواندنی چالاکیی ئەوتۆ کە ببێتە مایەی گۆڕان و تازەگەری و داهێنان.

ئەویش سوود وەرگرتن لە ڕێبازو میتۆدە زانستیە نوێیەکان بۆ بوارەکەیان، ئەوانە لەرێی بەشداریکردنیان لەخولە پسپۆڕییەکاندا دێنە دی کە بەهۆی زانستی نوێ و سەرچاوەکانی ئینتەرنێتەوە ئامادە دەکرێن، بەو پێیەی بواری زانیاری و کتێبخانەکان فراوانن و لەگەڵ تەکنەلۆجیادا لە رەوتدان، هەرچۆن بوارەکە بەتیژڕەوی گۆڕانی بەسەردا دێت.

کارمەندی کتێبخانە بە ئامادەبوونی لەو خولانەو کۆنفرانسەکاندا فێری زانیاریی نوێ دەبێت، هەرچۆن ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەنێوان کتێبخانەکاندا سەرچاوەیەکی بەپێزە بۆ وەرگرتنی زیاتر.



## نموونەی خولەکانی راهێنان

* پێڕست: پێڕستی وەسفی و بابەتی.

* پۆلێن: چەمکی پۆلێن و پەیوەندیی بەپێڕستەوە، چۆنێتی پۆلێنکردنی سەرچاوەکانی زانیاری، گرنگترین سیستمەکانی پۆلێن.

* بەڕێوەبردنی کتێبخانەکان: چەمکی بەڕێوەبردن و ئامانجی و ئەرکەکانی و بوارەکانی و خەسڵەتەکانی، ڕێکخستن لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا، پلاندانان، مەشقی کارمەندان..

* ئەرشیف و ئەرشیفی رۆژنامەوانیی: چەمکی ئەرشیف، پۆلێنکردنی دۆکیۆمێنتە ئەرشیفییەکان، ئامادەکردنی هونەرییانە بۆ ئەرشیفی رۆژنامەوانی، سەنتەرە رۆژنامەوانییەکان.

* خولی خزمەتگوزاریی کتێبخانەو زانیارییەکان: خواستن، خزمەتگوزاریی ژێدەریی، ئاگاداربوون لە سەرچاوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، پەخشی زانیارییەکان، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، مەشقی هامشۆکەران، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە خزمەتگوزارییەکاندا.

* خولی زمانی ئینگلیزی.

* خولی تایبەت بۆ ئەمیندارانی کتێبخانەی خوێندنگاکان.

* خولی تایبەت بۆ ئەمیندارانی کتێبخانەی منداڵان.

* خولی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاو ڕێبەرو کورتکراوەکان.

* خولی ئامادەکردنی توێژینەوەی زانست و میتۆدەکانی توێژینەوە.

* خولی راهێنان لەسەر تازەترین تەکنەلۆجیای کتێبخانەو زانیارییەکان.

## گەشەكردنی زانیارییەكان لە ئێستاداو رۆڵی پسپۆڕی كتێبخانەكان لە كۆمەڵگای زانیارییەكاندا

### 1– كۆمەڵگای زانیارییەكان:

ئەم زاراوەیە كە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا كەوتووەتە بەرچاو، مەبەست لێی ئەو كۆمەڵگایەیە كەوا بەشێوەیەكی سەرەكیی پشتی بەستووە بە زانیارییەكان و تەكنیكی زانیارییەكان و تەكنەلۆجیای نوێ، بەشێوەیەك تیایدا زانیارییەكان بووەتە پێویستییەك بۆ هەر تاكێك و ئێستا رۆڵی زانیارییەكان لە سەرجەم بوارەكانی ئابووری و سیاسی و زانستی و كۆمەڵایەتی و..تاد" دەركەوتووە.

لێرەوە دوای پێناسەی كۆمەڵگای زانیارییەكان و خەسڵەتەكانی، باس لە كاریگەریی ئەو كۆمەڵگایە دەكەین لەسەر پسپۆڕی زانیارییەكان و رۆڵیان لە كۆمەڵگاكەدا.

### * پێناسەی كۆمەڵگای زانیارییەكان:

ئەو كۆمەڵگایەیە كە بەپلەی یەكەم پشتدەبەستێت بەزانیارییە زۆرو زەبەندەكان، وەك بەرهەمێكی وەبەرهێنان و كالآیەكی ستراتیجی و وەك خزمەتگوزارییەك و سەرچاوەیەكی داهاتی نەتەوەیی و بوارێك بۆ هێزی كارگەر.

كۆمەڵگایەكە تیایدا پەیوەندییە جیهانییەكان رێكخراون و تیایدا زانیارییەكان بەشێوەیەكی زۆر بەرهەمدێت، هەرچۆن بەشێوەیەكی فراوان دابەش دەكرێن و كاریگەرییان لەسەر ئابووریی هەیە.

كۆمەڵگایەكە بۆ گەشەكردنی پشتی بەزانیارییەكان و كۆمپیوتەرو تۆڕەكانی ئینتەرنێت بەستووە.



### * خەسڵەتی كۆمەڵگای زانیارییەكان:

زانیارییەكان وەك داهاتێكی ئابوورییەو زۆربەی دامەزراو و كۆمپانیاكان كاری لەسەر دەكەن بۆ زیادبوونی تواناكانی بەرهەمهێنان لەكارداو گەشەپێدانی نوێكردنەوەو داهێنان، ئێستا بیرۆكەی دامەزراندنی كۆمپانیای زانیارییەكان لە ئارادایە بۆ باشكردنی ئابووریی ولآتان.

بەكارهێنانی زانیارییەكان لەلایەن زۆربەی كۆمەڵگاوە بەشێوەیەكی فراوانی ئەوتۆیە كە بەرهەمهێنەران و بەكارهێنەرانی گرتووەتەوە، هەرچۆن دامەزراندنی سەنتەری سیستەمە زانیارییەكان هەلی رەخساندوە بۆ باشترین دەرفەتی فێركردن و دەركەوتنی ناوەندی زانیارییەكان بوونەتە هۆی دەركەوتنی ناوەندی ئابووریی گرنگ و زۆر ولآت هەن تیایاندا ناوەندی بەرهەمهێنانی زانیاریی بوونەتە چالاكییەكی سەرەكیی ئابووریی.

### * پێكهاتەكانی ناوەندی زانیارییەكان:

كە بریتین لە:

- پیشەسازیی پێكهاتەی زانیاریی:
- لەرێی دامەزراوەكانی هەردوو ناوەندی گشتی و تایبەتەوە كە بەرپرسن لە بەرهەمهێنانی موڵكداریی هزریی تاكەكان و پاشان كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنان، كە دابەشدەكەن و دەیفرۆشن بە بەكارهێنەران.
- پیشەسازیی وەرگرتن و پەخشی زانیارییەكان:

كە بەرپرسن لە وەرگرتن و پەیداكردنی زانیارییەكان لەرێی كۆمپانیاكانی پەیوەندی و تۆڕەكانی تەلەفزیۆن و مانگە دەستكردەكان و ئێستگەكانی رادیۆو هەروەها لەرێی كتێب فرۆشەكان و كتێبخانەكان و سەنتەرەكانی زانیارییەوە.

- پیشەسازیی چارەسەری زانیارییەكان:

بەهۆی بەرهەمهێنەرانی ئامێرو کەرەستەکان و پرۆگرامەکانەوە دێتەدی، لەم پرۆسەیەدا دیزاین و پیشەسازی و بەبازاڕکردنی کۆمپیتەرو ئامێرەکانی پەیوەندی و ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت.

## ڕۆڵی پسپۆڕی زانیارییەکان لە کۆمەڵگای زانیارییەکاندا

دەبێ لەیەکچوون لەنێوان هەردوو زاراوەی(کۆمەڵگای زانیارییەکان)و (پسپۆڕی زانیارییەکان)دا هەستی پێ بکەین، بوونی وشەی (زانیارییەکان) لە هەردووکیاندا پەیوەندی توندو تۆڵی نێوانیان دەردەخەن، یەکەمیان کۆمەڵگایەکە لە زانیارییەکان پێکدێت و دووەمیش پسپۆڕێکە پیشەکەی زانیارییەکان و چۆنێتی پێشکەشکردنیانە بەسوودمەندان.

کەواتە پسپۆڕ دەبێ کەسێکی بەتوانابێت ڕۆڵێکی گەورەو گرنگی ببێت لەو کۆمەڵگایەدا، هەرچۆن کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان کە جێگەو پێگەی کاری پسپۆڕە دامەزراوی بەرپرسن لە وەرگرتن و پەخشی زانیارییەکان و کەسی پسپۆڕیش تیایاندا ڕاپەڕێنەری ئەوئەرکانەیە.

## مۆراڵی کارکردنی پسپۆڕان

چەند لایەنێك هەن کە دەبێت پسپۆڕی زانیارییەکان لەگەڵ زانیارییەکاندا کاریان پێبکات، ئەوانیش:

تایبەتمەندی، وردیی زانیارییەکان، مولْکداریێتی، ڕەخساندنی هەل بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان، هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی زانیاری و سانسۆر، خزمەتگوزاریی ژێدەری و وەڵامدانەوەی پرسیاری خوێنەران.



## بایەخی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان

1-خستنە بەردەستی زانیارییەکان کە بۆ داخوازیی سوودمەندان پێویستن.
2-ئاگاداربوونی خێرا لەسەرچاوەی زانیارییەکان.
3- بەدواداچوونی سوودمەندان بۆ ئەو گۆڕانانەی کە ڕەوشی سوودمەندان دەیانخوازن.
4-پەیڕەوکردنی وردی و دروستی لەپێشکەشکردنی زانیارییەکاندا.
5-پڕکردنەوەی کەموکوڕیی زانیارییەکان کە بەهۆی بەربڵاویی بەرهەمە هزرییەکان و سەرچاوەکانی زانیارییەوە دەخولْقێن.

## 2- کتێبخانەی ئەلیکترۆنی:

یەکێك لە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەبەردەم پسپۆڕاندا ئەو گەشەکردنە تەکنەلۆجیایە کە ئێستا هاتووەتەدی، ئەویش لەکتێبخانەی ئەلیکترۆنیدا خۆدەنوێنێت.

ئەویش بریتییە لەو کتێبخانەیە کە تیایدا چارەسەری زانیارییەکان دەکرێت و دەخرێتەوە بەردەست، بەڕێگا ئەلیکترۆنییە نوێیەکان ئەنجام دەدرێن، ئەم پڕۆسەیە پشت دەبەستێ بە بەشداری و هاوکاری و توێژەر دەتوانێت سوود لەو کتێبخانەیە وەربگرێت و سەردانی بکات بەبێ بەکارهێنانی جەستەو ڕۆیشتن بۆی، بەڵکو لە بەردەستی خۆیدایەتی و دەتوانێت هەر زانیارییەکی بیەوێت و لەهەر کاتێکدا بێت وەریانبگرێت، ئیتر لەهەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا بێت(6).

## ⭑ پسپۆڕی زانیارییەکان و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی:

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، کە رۆژ لەدوای رۆژ لەبڵاوبوونەوەی زیاتردایە، ئەگەر نەڵێین خەریکە جێگای کتێبخانەی تەقلیدی دەگرێتەوە پێویستە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی پسپۆڕی ئەوتۆ بەڕێوەی بەرن شارەزابن و بتوانن مامەڵەی گونجاو لەگەڵ سەرچاوەکانیدا بکەن، لە خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە پسپۆڕە:

- شارەزایی تەواو لە گۆڕینی ژمارەیی (بە ئەلیکترۆنی کردنی سەرچاوە)دا.
- شارەزایی لە بەکارهێنانی سەرچاوە ناتەقلیدییەکانی زانیاریی.
- لێزانین لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا.
- ئاگاداربوون لە سیستمە ئۆتۆماتیکییەکانی نێو کتێبخانەو مامەڵە لەگەڵ بنەمای زانیارییەکاندا.
- زانینی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سوودوەرگرتن لە ماڵپەڕەکان. هەرچۆن، دەخوازرێن پسپۆڕی ئەم بوارە بتوانێ مامەڵە لەگەڵ خەڵکی جودا لەگەڵ رەگەزی جیاوازدا بکات.

3- بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی:

ئەم جۆرە بڵاوکردنەوەیە ئامادەباشیی تایبەتی دەوێت لە پسپۆڕی کتێبخانە، چونکە کاریگەریی زۆر لەسەر کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی جێدێڵێت.

دەبێت پەخشی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆبن لە هەموو جیهاندا سوودیان لێ وەربگیرێت، لەمەشدا هۆشیاریی پسپۆڕ رۆڵی گرنگ دەبینێت. ئیتر بەشێوەی تێکست بن یان دۆکیومێنت یاخود وێنەو فۆرمی دیکە.



## پسپۆڕی کتێبخانەکان و پەرەپێدانی هۆشیاریی رۆشنبیریی کۆمەڵگا

کتێبخانە گشتییەکان رۆڵی گرنگیان هەیە لە گەشەپێدانی رۆشنبیریدا، چونکە کتێبی ناوازەو بەسوود کورتەیەکە لە هزری مرۆیی لە سەرجەم بوارەکانی ژیانداو رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر مرۆڤی خوێنەرو هەڵسوکەوتەکانی.



بەپێی راگەیاندراوەکانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی جیهان(ئیفلا) مەبەستەکانی کتێبخانەی گشتی بریتین لە:

1- پەروەردەو فێرکردنی ئاستە جیاوازەکان.
2- دەستەبەرکردنی زانیاریی بەهەموو جۆرەکانیەوە.
3- پەرەپێدانی کەسیی بۆ داهێنان.
4- راهێنانی منداڵ و هەرزەکار بۆ خوێندنەوە.
5- پەرەپێدانی رۆشنبیریی لە کۆمەڵگادا.

6- رۆڵی کۆمەڵایەتیی کتێبخانە بەتایبەت لەو جێگایانەدا کە کتێبخانەیان کەمە.

کتێبخانە بێجگە لەو مەبەستانە، چەندین رۆڵی تر دەگێڕێت، وەکو:

* خزمەتگوزاریی ژێدەریی: کە لە بەشی ژێدەردا لەم جۆرە سەرچاوانە دەخرێنە بەردەست (فەرهەنگ، ئینسایکلۆپیدیا، ژیاننامە، ئامار، بیبلیۆگرافیا، رێبەر، کورتکراوە، بەڵگەنامەکانو..تاد)

* خزمەتگوزاریی راهێنانی سوودمەندان: ئامادەکردنی پرۆگرام بۆ ئەو مەبەستە، تا سوودمەند بتوانێ سوودی تەواو وەربگرێت. ئەم خزمەتگوزارییە لەم جۆرە کتێبخانانەدا دێتە دی (کتێبخانەی گشتی، نیشتمانی، قوتابخانەیی، ئەکادیمی)و پەیمانگای کتێبخانەو زانیارییەکان و دامەزراوەکانی توێژینەوەو گەشەپێدان.

* خزمەتگوزاریی سەرچاوە بەدەستگەیشتووەکان: کەوا سوودمەندیان لێ ئاگادار دەکرێت.

* خزمەتگوزاریی خواستن لە کتێبخانەکاندا: بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە لە ماڵەوە، یان شوێنی کار، یان خوێندنەوە، خوێنەر داوای سەرچاوەی پێویست دەکات و بەدەستی دەگات.

* خزمەتگوزاریی خوێندنەوە: بەسوود وەرگرتن لە کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان کە سەرچاوەن بۆ بوونی هەزاران کتێب و بێ بەرامبەر خراونەتە بەرچاو. هەرچۆن سوودمەند گەلێك گۆڤارو رۆژنامە بەشێوەیەکی رۆژانە دەبینێت.

لە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەدا رۆڵی سەرەکی بۆ پسپۆڕانە بۆ دابەزاندن و رێکخستن و گەیاندنی سەرچاوەکان و رێنمایی بۆ سوودمەند بۆ چۆنێتی سوود وەرگرتن لێیان(7).



## لێهاتوویی کارمەندی کتێبخانە

بۆ سوود گەیاندن بەهەموو تاکێکی کۆمەڵ، کارمەندی کتێبخانە رۆڵی گرنگی هەیە، لەوانە:

* وتووێژی ئەرێنی لەگەڵ خوێنەراندا.
* تێگەیشتن لە داخوازیی ئەوان.
* توانای هاوکاری کردن لەگەڵ کارمەندان و هامشۆکەراندا.
* ئاگاداربوون لە هەمەجۆریی رۆشنبیریی.
* شارەزایی لە سەرچاوەکانی کتێبخانەکەیدا.
* بیرکردنەوەی فراوان و داهێنان لە کاردا.
* شارەزایی لە تەکنیکی زانیاری و پەیوەندییەکاندا.

کارمەندانیش بریتین لە:

– ئەمیندارە چالاکەکانی کتێبخانە.
– یاریدەدەرانیان.
– کارمەندە پسپۆڕەکان.
– کارمەندانی تر.

ئەوانە بەهەموویان دەتوانن رووی جوانی ببەخشنە کتێبخانەکانیان و رۆڵیان هەبێت لە پەرەپێدانی کۆمەڵگاو هۆشیاری و رۆشنبیریی لەرێی کتێبخانە گشتییەکانیانەوە.

**سەرچاوەكان:**

1- شعبان عبدالعزيز خليفه، الكتب والمكتبات العصور القديمة، القاهرة، 1996.

2- سهير احمد محفوظ، تكنلوجيا المعلومات ومكتبات الأطفال على مشارف القرن 21، القاهرة، 2001.

3- محمد فتحي عبدالهادى، المكتبات والمعلومات العربية بين الواقع والمستقبل، القاهرة، 1998.

4- احمد بدر، اساسيات في علم المعلومات والمكتبات، الرياض، 1996.

5- محمد فتحي عبدالهادى، المعلومات وتكنلوجيا المعلومات على اعتاب قرن جديد، القاهرة، 2000

6- Informatics.gov.sa/magazine

7- غالب عوض النوايسة، خدمات المستفيدين من المكتبات ومراكز المعلومات، عمان، 2002.

**لەماڵپەڕی (منتديات اليسير للمكتبات وتقنييه المعلومات)ەوە.**

# پێــکــهاتەی کــتێبخانە نــوێیــەکــان

# لــەســەردەمــی ئەلیکــترۆنیــدا

ن. پرۆفیسۆر عبداللگیف صوفی

## 1- پێکهاتەی کتێبخانەکان:

پێکهاتەی کتێبخانە نوێیەکان یەکێکە لە پرسە گرانەکانی ئەمڕۆ، چونکە لەسەردەمێکدا دەژین کە گۆڕانکاریی خێرا بەسەر تەکنیکی زانیارییەکان و پاراستن و چارەسەرو هێنانەوەکایەو پەخشیاندا هاتووە، بەجۆرێکە لە هەموو کات و شوێنێکدا خەڵکی سوودیان لێ ببینێت.

سەردەمی وەرچەرخانە بۆ کۆمەڵگای ناکاغەزین، بەهەموو پێداویستی و داواکارییەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە.

لەپێکهاتەی کتێبخانە نوێیەکاندا، راهێنانی کارمەندانی کتێبخانە پێویستە لەسەر تەکنیکی زانیارییەکان و گەشەکردنە بەردەوامەکانی، بەجۆرێ کاربکەنە سەر کتێبخانەکانیان کە هاوڕەوتی سەردەمەکەو ئاسۆکانی بەردەمیان بن. هەرچۆن دەبێت پێکەوەگرێدانێك هەبێت لە نێوان پێداویستییە تەقلیدی و هەنووکەیی و داهاتووە چاوەڕوانکراوەکانی کتێبخانەدا.

زانستی کتێبخانە زانستێکی کۆمەڵایەتییە، هەروەکو پزیشکی، یاسا و پەروەردە، تیایدا توێژینەوە تیۆری و پراکتیکییەکان پێکەوە گرێدەدرێن، گونجاندنی پێکهاتەی نێوان هۆڵەکان و راهێنانی نێو مەیدانی مەشق کردنە، بەتەنیا بریتی نییە لەو گۆڕانکارییانەی پەیوەستن بە تەکنیکی زانیارییەکان و پەیوەندییەکانەوە، بەڵکو بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکانیشە بەشێوەیەکی هۆشیارانە.

بەوجۆرە، پێکهاتەی کتێبخانە نوێیەکان، دەبێتە رووبەڕووبوونەوە بەرامبەر سەردەم و بەشێوەیەك پەیمانگای کتێبخانەکان و بەشەکانی لە زانکۆکاندا و بەرپرسان لە پێکهاتەی کتێبخانەکاندا لەسەر هەموو ئاست و





جۆرەکاندا، ناچاربن ناوبەناو چاوێك بخشێننەوە بە پێکهاتەی کتێبخانەکان و ئامانج و بەرنامە و رێبازی کارکردن و سەرچاوەکانیاندا تا لەگەڵ سەردەمە نوێیەکەدا بڕۆن بەڕێوە و کارمەندی کتێبخانەکانیش بە باشترین شێوە کاروباریان بەڕێوەبەرن.

## 2-کتێبخانە نوێیەکان:

کتێبخانە نوێیەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شێوە دیارەکانی پیشەی کتێبخانەکانەوەو هەردوو لایەنی فێرکردن و فێربوون پێکەوە کۆدەکاتەوە، کاتێك خۆمان فێر دەبین، پێویست دەکات کەسانی تریش فێربکەین، هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی کتێبخانەکاندا هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین.

دەبێت لەسەرەتاوە بزانین کە کتێبخانە نوێیەکان بریتین لە چی؟

ئێمە لە بیست ساڵی رابردوودا گەلێك شتمان دەربارەی (کۆمەڵگای بێ کاغەز) و (کتێبخانە بێ دیوارەکان) خوێندووەتەوە، ئەمڕۆش سەرنجی ئەو بابەتانە دەدەین کە دەربارەی (کتێبخانە زیرەکەکان) و (کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان) دەنووسرێن، هەموو

ئەوانە، بەڕوونی ئەو وەرچەرخانە گەورانە دەردەخەن کە بەردەوام ڕووبەڕوویان دەبینەوە.

لەجیهانی پێشکەوتوودا خەریکە بە یەکجاری کتێبخانەی تەقلیدی لەبەرچاو ون دەبێت، ئەویش بە هۆی کارابوونی کتێبخانە نوێیەکانەوە کە تیایاندا هەموو سەرچاوەکانی زانیاریی یەکخراون، ئەوانیش کتێبە چاپکراوەکان و وێنە و تابلۆو زانیارییە میکانیکییەکان و ڤیدیۆ و سەرچاوە بیستراوو بینراوو ئەلیکترۆنییەکانن بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

گۆڕینی کتێبخانە تەقلیدییەکان بۆ نوێیەکان لەڕێی گواستنەوە لە پێڕستی (OPACS)ەوە هاتووەتەدی، چونکە ئەمە، واتە گۆڕینی پێڕستی دەستی بۆ میکانیکی (ئەلیکترۆنی) و دامەزراندنی پێڕستێکی گشتی لەو گۆڕانکارییەدا کارێکی کردوە سەرچاوەکانی زانیاریی بەدرێژایی شەوو ڕۆژ لە خزمەتی سوودمەنداندا بن، چونکە ئەم پێڕستە لەنێو سیستم و لەسەر تۆڕەکانی دەرەوەی کتێبخانەدان و لەبەردەستی هەمووانداں لە گشت کات و شوێنێکدا.

لەداهاتوودا، کاتێك باوەڕ بەوە دەهێنرێت کە کتێبخانە پێویستی بە سەرچاوە کاغەزینەکان نییە، پێویستە بیر لە دەستبەرداربوونی تەلار و خانوبەرەی کتێبخانەکان بکرێتەوە، ئەوانەی تا ئەمڕۆ ڕوویان تێدەکەین، چونکە وازهێنان لە پاراستنی چاپکراوەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە، کار دەکاتە سەر قەوارەی کتێبخانە و هۆڵ و پانتاییەکانی، کتێبخانەی نوێ کە تا ئەمڕۆ بایەخ بەپاراستنی چاپکراوەکان، لە کتێب و خولاوە و تێکستەکان دەدات، بێجگە لەسەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان، گرنگی تەواو دەداتە سەرچاوەکان و تەکنیکی بەکارهێنانیان و پاراستنیان، هەرچۆن گرنگی دەداتە سوودمەندان و داخوازییان، هەروەها بەڕێوەبردن و کارمەندان، بەشێوەیەك بزانن چۆن چۆنی تەکنەلۆجیا لە خزمەتی کتێبخانەدا دەبێت و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەو کارکردنی کارمەندانی دەبێت، دیارە هەموو تازەگەری و نوێبوونەوەیەکیش هی تری بەدوادا دێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە چوونە سەر پێڕستی ئەلیکترۆنی مانای



ئەوە نییە واز لە فێربوونی پێڕستی تەقلیدی و بنەماکانی بهێنین، کتێبیش لە کتێبخانەی نوێدا بایەخی خۆی لەدەستنەداوە، هەرچەندە ئەم جۆرە کتێبخانەیە لە پانتایی ئەلیکترۆنیدا کاردەکات.

دیارە نوێکردنەوە پێویستی بە بەرنامە و پلانی کاری زەمەنیی پێویست هەیە، پێویستی بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە هەیە کە لەنێوان فێربوونمان لە پەیمانگای کتێبخانەکان و ئەزموونەکانی ئەمڕۆدایە، بەڵام دەبێت داخوازیی سوودمەندان بەر لە هەموو شتێك لەبەرچاو بگیرێت.

## 3-پێویستییەکانی کتێبخانە نوێیەکان:

دوو پێویستی گرنگ بۆ کتێبخانە نوێیەکان هەن، ئەوانیش سەرچاوەکان و سوودمەندانن، لێرەوە دەتوانین لە گرنگترین پێویستییەکان بدوێین کە بریتین لە :

-جێگاو پانتاییەکی فیزیکی کە پێی دەگوترێت کتێبخانە.

-پانتایی تۆڕەکان و دەروازە ئەلیکترۆنییەکان کە دیسانەوە پێی دەگوترێت کتێبخانە.

-خوێنەران کە دێنە ناو ئەو پانتاییانەوەو تیایدا دەجولێن، ئیتر بە ئامادەبوونی خودی خۆیان بێت، یان لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، یان پەیوەندیی تەلەفۆنی و فاکس و پۆستی ئەلیکترۆنی (ئیمەیل)، یان بەشدارییان لە ڤیدیۆ کۆنفرانسەکاندا.

-زانیارییەکان کە پێشکەشی سوودمەندان دەکرێن لەڕێی شێوە تەقلیدی و ئەلیکترۆنییەکانەوە.

-دەروازەکان کە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاریی لە گشت کات و جێگایەکدا دەخرێنە بەردەست.

-کارمەندانی کتێبخانە کە لە پێناوی وەرگرتنی فۆرمە تەقلیدی و میکانیکییەکاندا بۆ سوودمەندان ماندوو دەبن توانای فێربوون و ڕاهاتنیان هەیە لەگەڵ هەموو نوێیەکدا (1).



## 4- کارمەندان لە نێوان تەقلید و تازەگەریدا:

زاراوەیەك پەیوەستە بەجۆری کتێبخانە و شێوازی بەڕێوەچوونی، ئەویش ئایا کتێبخانەکە تەقلیدییە، یان نوێیە؟ رابردوو کارمەندان زیاتر بەندبوون بەشوێنی کتێبخانە و سەرچاوەکانیەوە، چونکە کتێبخانە بریتی بوو لە تەلارێك کە هەزاران و ملێونان لە کتێب و خولاوەکان و پێڕستی کارتەکانی تیادا پارێزراوبوو، کاریان دەکرد بۆ رێکخستنیان و خستنە بەردەستی سوودمەندانیان.

بەڵام کارمەندان لە کتێبخانە نوێیەکاندا دەبێ ئەم خەسڵەتانەیان تیادا بێت:

- داهێنەربن و چارەسەری گرفتەکان بکەن، هەرچۆن شارەزا بن لە پەیوەندییە نووسراو و بیستراوەکاندا.



- توانای رێکخستنیان هەبێت، هەرچۆن پەیوەست بن بەخزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە.
- بەتوانا بن لە بەڕێوەبردنی گروپدا و چاودێر بن بەسەر بەڕێوەچوونی کارەکاندا.
- خاوەنی بڕوانامەی باڵابن لە زانستی کتێبخانەکاندا.
- زمانێکی بیانی یان زیاتر بزانن، بە تایبەت ئینگلیزی.
- شارەزا بن لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکاندا.
- بتوانن بەردەوام خۆیان پەروەردە بکەن.
- هاوڕەوتی لەگەڵ داهێنانی نوێ و گۆڕانە خێراکانی بواری زانیارییەکاندا بن.

کتێبخانەی نوێ توانیویە تەنگژە باوەکانی کارمەندان چارەسەر بکات، چونکە زانیاریی وەك جاران نەماوە کە بخرێنە سەر مێزی کتێبخانەکان، بەڵکو پێشکەشی خەڵکی دەکرێن لە هەموو شوێن و کاتێکدا.

نەوەی ئەمڕۆ لەسەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر راهاتوون و لەوڵاتانی پێشکەوتوودا منداڵی حەوت ساڵان دەزانێ چۆن داوای پێڕستی کتێبخانە بکات و لەرێیەوە سۆراغی زانیارییەکان بکات، ئەو دەیەوێت تەکنەلۆجیای نوێ بەکاربێنێت (2).

کارمەندی ئەمڕۆ پێویستی بەلێزانینی نوێ هەیە، بەتایبەت لە ئینتەرنێتدا، وەك شارەزابوون لە بەرنامەکانی Telenet, SGML, Html, SGML، هەروەها لە بنەمای زانیارییەکانی سەرهێڵ و گەڕان بەدوای تەواوی تێکستەکاندا و توانای پەیوەندییە نوێیەکان و بەکارهێنانی ئامێرو بەرنامەکان و خزمەتگوزاریی زانیارییەکاندا، لەگەڵ بوونی پسپۆڕی لە کایەیەکی زانستیدا و بەکارهێنانی لە بەشەکانی کتێبخانەدا، هەرچۆن کارمەند پێویستی بەکارەکتەری بەهێز و ئامادەبوونی کاریگەر هەیە لە کارەکەیدا (3).

ئەمڕۆ (بۆ نموونە) پسپۆڕی لە زۆر بواردا هەیە، وەکو: پسپۆڕی لە سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا، لە خزمەتگوزاریی سەرچاوەکاندا، لە بنەمای زانیارییەکاندا و لە پشتیوانی توێژینەوە زانستییەکاندا.

گرنگترین ئەرکەکانی کارمەندی کتێبخانە لە کتێبخانە نوێیەکاندا بریتیین لە:

*گەشەپێدانی کۆمەڵە ئەلیکترۆنییەکان: پێویستە سەرجەم کارمەندان بەشداری سەرچاوەکان بن، لەگەڵ چۆنێتی پێکەوە گرێدانیان و بەتایبەت لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، دەبێ رۆژانە لەمەڕ کۆمەڵەکان و پێڕستەکان لە گفتوگۆدابن و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان بخەنە خزمەتی سوودمەندان.

*بەکارهێنانی وێب: جیهانی وێبی (6) رێگایەکی گرنگی ترە بۆ پەیوەندیی لەگەڵ سوودمەندان، پێکەوە گرێدانی تێکست و لە سەریشیەوە وێنە رووی بەهێزی پەیوەندی نوێیە، لەسەر لاپەڕەکانی زانیاریی سەبارەت بە کتێبخانەو سەرچاوەکانی خزمەتگوزارییەکانی و کارمەندانی دەخاتەڕوو.

*فێرکردن لەبواری سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا: فێربوونی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان و گەڕان بە دوایاندا بەشێکە لە ئەرکی کارمەندان.

## 5-بەرنامەکانی پێکهاتنی کتێبخانە نوێیەکان:

گرنگترین ئەرکی بەرپرس و بەشدار لە دانانی بەرنامەکاندا ئاگاداربوونەوە لە واقیعی ئەو کتێبخانەیەی بەرنامەکانی پێکهاتنی بۆ دادەڕێژرێت، چونکە رەچاوی داخوازیی سوودمەندانی دەکرێت. هیچ بەرنامەیەك سەرکەوتوو نابێت گەر بەخێرایی زۆر و لە ماوەیەکی کورتدا دابنرێت لەلایەن یەك کەسەوە یان گروپێکی کەمەوە، چونکە کارەکە پێویستی بەکۆششی کەسانی پسپۆڕ و نائاساییە، ئەوانەی شارەزای تەواون، چونکە بەرنامەکان دەبێ شتی ئاسایی نەبن و بۆ ئەوەش دەبێت چەند هەنگاوێك بگیرێتە بەر، ئەوانیش:

-دیاریکردنی پێویستییەکان لە روانگەی واقیع و ئامانجە داخوازەکانەوە.

-دابینکردنی کۆمەکی دامەزراوی سەرپەرشتیکارو هاوڕێیانی کار.

-کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بۆ گەشەپێدانی کتێبخانە.

-سەرپەرشتی کارگێڕی و هونەریی پێویست.



-گفتوگۆ لەسەر بەرنامەکان و راوێژ و دیاریکردنی ئەوانەی لەپێشەوە دەبن.

دیاریکردنی بەرنامەکان بەشێوەیەك لەگەڵ کات و وەرزەکانی خوێندندا بگونجێن.

-دەستنیشانکردنی مەشق و پراکتیکی هونەریی پێویست.

-پەنابردنەبەر کەناڵەکانی میدیا بۆ ئەو مەبەستە.

-دیاریکردنی بنەما و ژێرخانی پێویست (شوێنی جێبەجێکردنی بەرنامەکان، ئامراز و کەرەستەکان).

-سۆراغی خاوەن شارەزاییەکانی لەوەوبەر، هەڵسەنگاندن.

-پێداچوونەوەی بەردەوام ئەویش بە مەبەستی هەموارو گەشەپێدان.

لەبیست ساڵی رابردوودا، توێژینەوەکان لە بوارەکانی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان و بەرنامەکاندا لە ئاقاری شەش تەوەرەوە گەشەیان کردوە:

أ-دەرکەوتنی دووجۆر لە شارەزایی زانیارییەکان، یەکەمیان ئامرازو تەکنەلۆجیاکان کە بەو پەڕی تواناوە هاتوونەتە ناو کاری کتێبخانەکانەوە، دووەمیشیان وێناندن و رامان کە بەهۆیانەوە داهێنان بۆ ئەو بوارە دەبینرێتەوە.

ب-جیاوازیی نێوان مامۆستایان و کارمەندانی کتێبخانە، کە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوانیان.

پ-گەشەپێدانی سیاسەتی زانیاریی و بەرنامە و کەرەستەکان.

ت-پێشکەوتنی شارەزایی زانیارییەکان کە زۆر گرنگە بۆ کارمەندان و بەهۆیەوە لەنێو وانەی نێو هۆڵەکانەوە گەیشتوونە نێو گۆڕەپانی پێکهێنان.

ج-بایەخدانی تەواو بە تەکنەلۆجیای زانیارییەکان کە کۆڵەکەی کتێبخانەی نوێیەو بنەمای بەرنامەکان و پێکهاتەکانی پەیمانگاکانە.

چ-گرانیی دیاریکردنی ئەو کارانەی پێویستە لە پەیمانگای کتێبخانەکاندا بگۆڕدرێن، ئەوانیش لەرووی شارەزایی زانیارییەکان و گەشەپێدانی پەروەردەییەوە.



فێربوون بەشارەزایی زانیارییەکان پێویستی بە تێڕامانی ئەم پرسیارانەیە:

-زانیارییە پێویستەکان کامانەن و چی بکەین؟

-لەکوێ زانیارییەکان دەستبخەین؟

-چۆن زانیارییەکان چنگ دەکەون؟

-ئەو سەرچاوانە چین کە پێویستە بەکاریان بهێنین؟

-چۆن دەتوانین سەرچاوەکان بەکاربهێنین؟

-چی بکەین بۆ تۆماری زانیارییەکان و گواستنەوەیان؟

-چۆن دەتوانین زانیارییەکان نمایش بکەین و سوودیان لێ وەربگیرێت؟(4)

## 6-ئامانجەکانی پێکهاتەی کتێبخانە نوێیەکان:

کۆمەڵێ ئامانجی گرنگ هەن کە پێویستە بۆ بەرنامەکانی پێکهاتن لەبەرچاو بگیرێن تاوەکو کتێبخانە نوێیەکان سوودیان لێ ببینێت، لەوانە:

- پشتیوانی لە زانیاریی توێژەران و ناسینی سەرچاوەکان، بەتایبەت ئەلیکترۆنییەکان و تا بتوانن رەخنەگرانە هەڵیانبسەنگێنن و بەباشی بچنە سەر هێڵەکانی بانکی زانیارییەکان.



-ئامادەسازییان بۆ کارکردن لە بوارێکی زانستی و پسپۆڕدا لە بوارەکانی زانستی کتێبخانەکاندا، دیارە هەڵکەوتوویی کارمەند لە خزمەتی توێژەراندا دەبێت.

-دیاریکردنی جۆری پسپۆڕی و کار بۆ کارمەند، کە بەرژەوەندیی توێژەران لە بوارەکانی مەعریفەی مرۆیی دەشکێتەوە، چونکە ناکرێ کارمەند هەموو کارێکی کتێبخانەی نوێی پێ بسپێردرێت، ئیتر کارگێڕی بن یاخود هونەریی.

-گەشەپێدانی توانای کارمەند بۆ خزمەتگوزاریی زانیارییەکان.

-پەیداکردنی زانیاریی لەسەر پێکهاتەی سوودمەندان.

-راهێنانی بەشدارانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

-رەخساندنی هەلی ئاڵوگۆڕی ئەزموون و زانیاریی و بەکارهێنانی تۆڕە تایبەتمەندەکان.

## 7-کارمەندی کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان لە کتێبخانە نوێیەکاندا:

کتێبخانە نوێیەکان لە ئێستادا بایەخی تایبەت دەدەنە کارمەندی کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان، دیارە هاوکات بایەخی زۆریش دەدەنە پێشخستنی خودی کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکانیان، چونکە بایەخدان بەکادیری مرۆیی پێویستە هاوشانی بایەخدان بێت بە تەکنەلۆجیا.

کتێبخانە بەبێ کارمەندی ئەوتۆ کە بەباشی بەکاری بهێنێت شتێکی ئەوتۆ نییە کە مایەی سوودبەخشین بێت، چونکە هەر کارمەندی باشە کە خزمەتی ئامانجەکانی کتێبخانەی پێدەکرێت و هاوکات وەڵامی داخوازیی سوودمەندانیش دەداتەوە.

## کارمەندو سوودمەندان:

پێویستە وەك ئەو خەرجییە زۆرەی دەدرێتە تەکنەلۆجیا هـــەمان کات پارەش بۆ پێگەیاندنی کارمەند لە پێناوی باش بەکارهێنانی کتێبخانەدا خەرج بکرێت. دەبێت کارمەند لەم جۆرە کتێبخانانەدا لەپاڵ درووستکردنی خۆی و گەشەدان بە تـــــواناکانی بایەخ بەشارەزاکردنی خوێنەرانیش بدات بۆ سوودوەرگرتن لە کتێبخانەکەی.

بەتەنیا ئەوە بەس نییە کارمەند بەباشی تەکنیکە نوێیەکانی کتێبخانە بەکاربهێنێت، بەڵکو دەبێت بەکارهێنانەکە بۆ بەرژەوەندیی سوودمەندان بێت، بەشێوەیەك وایان لێ بێت خۆیان بتوانن داخوازییەکانیان بهێننە دی و بۆ هەموو شتێکی بچووك و گەورە نەگەڕێنەوە لای کارمەند.

## درووستکردن بۆ دوارۆژ:

ئەرکی کتێبخانە نوێیەکان و پەیمانگای کتێبخانەکانە کە کارمەند بۆ دوارۆژ پێبگەێنن، ئەویش بەهۆی ئەو داهێنانە یەك بەدوای یەك و خێرایانەی کەوا لەبواری تەکنەلۆجیای کتێبخانەکاندا دەبینرێنەوە.

پێویستە کارمەندان رابهێنرێن بۆ کارکردن لە جیهانی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا، لەپێشیانەوە بەرێوەبردنی سەرچاوە ژیرەکان، یان زیرەکەکان، لەگەڵ باش بەکارهێنانی هێڵەکان و بەردەوامیی لەسەر سەرچاوەکان و گەڕانی کارا بەناو تۆڕەکاندا، لەگەڵ هەموو ئەوشتانەی بۆ ئەمڕۆ و ئایندە بەکەڵکن.



## تواناکان لەسەر هێڵ و چاوە کراوەکان:

لەپێشەوەی بایەخدانی کتێبخانە نوێیەکان، دانانی کەسانی بەتوانایە لەسەر هێڵەکان، چونکە هەرچاوی کراوەو هۆشدارە کە دەتوانێت کارەکان بە باشی ببات بەڕێوە.

## بڕیاردان:

گەورەترین کێشە لە کتێبخانەکاندا و لای کارمەندانی بڕیاردانە، ئیتر لەسەر ئاستی پیشەیی بێت یان کەسیی، ئەویش بۆ باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، پێویستە بڕیاری گونجاو لەکاتە گونجاوەکاندا بدرێت.

## راهێنان و پێکهێنانی بەردەوام:

ئەم سەردەمە پێویستی بە راهێنانی تەواوە لەسەر تەکنیکە تازە داهێنراوەکان، ئەویش پێویستی بە بەرنامەی گونجاوە کە فریای داهێنانەکان بکەوێت.

لەم سەردەمە ئەلیکترۆنییەدا، دەبێت راهێنان سەرەتا بۆ کارە بناغەییەکان بێت، ئینجا بۆ قووڵبوونەوە لە پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکاندا تا دەگات بە راهێنان لەسەر تەکنیکە نوێیەکانی بوارەکە.

پێویستە ستراتیژی درێژخایەن هەبێت بۆ راهێنانی بەردەوام و ئامانجی گەشەدان بێت بە گیانی داهێنان. (ماکدۆناڵد) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا زۆر لە کارمەندە سەرکەوتووەکان راهێنانی کەسیی خۆیان لەنێو ئەزموونەکاندا بووە، واتە لە کاتی کارکردندا، زیاتر لەو بەشدارییانەی لە خولی راهێنانە فەرمییەکاندا دیویانە (5).

## سەرچاوەکان لە بەرنامەی پێکهێناندا:

لەمڕۆدا سەرچاوەکان بەوپەڕی تواناوە دەچنە نێو بەرنامەکانەوە کە لە کتێبخانە نوێیەکاندا سوودیان لێ وەردەگیرێت، بەڵکو بەرنامەی تایبەتیان لە پێناوی پسپۆڕانی بوارە سەرچاوەییەکان (ژێدەرییەکان) بۆ دادەرێژرێت، هەندێ پەیمانگا هەن خوێندکار بۆ ئەو خزمەتگوزارییە پێدەگەێنن، کەبەباشی بەکاریان دێنن، بەتەقلیدی و ئەلیکترۆنییەکانەوە، هەرچۆن بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاریشیان بەباشترین شێوە دەبێت، ئەمە بێجگە لە توانایان لە بەکارهێنانی ئامڕازەکانی پەیوەندیی و لایەنە یاساییەکان بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەکان.

## 8-پێکهاتەی سوودمەندان و راهێنانیان:

کتێبخانە نوێیەکان بایەخی تایبەت دەدەن بە سوودمەندان، هەر بەوێنەی کارمەندان و راهێنانەکانیان، چونکە ئەوانیش پێویستیان بە فێربوون و راهێنانی بەردەوامە، تاوەکو بتوانن بە باشی تەکنیکە نوێیەکان و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربهێنن، هەروەها ئەو ئامڕازە تایبەتانەی بەهۆیانەوە مامەڵەی لەگەڵ کتێبخانە و خزمەتگوزارییەکانی پێدەکەن.





پێویستە خولی راهێنانی بەردەوام بۆ سوودمەندان بکرێتەوە لە ماوەی نزیك بەیەکدا و لەسەر ئاستە جیاوازەکان، لەم خولانەشدا مۆرکی پراکتیکی زیاتر دیار

دەبێ لەتیۆری، کەتیایاندا فێری بەکارهێنانی بنەمای زانیارییەکان و تەکنیکی گەڕان و شیکردنەوەی پرسیارەکان، لەگەڵ ئامادەکردنی ڕێبەری پەروەردەیی چاپکراو سەبارەت بە پێکهاتەکان بۆیان لەو بابەتانەی کە پێویستن بۆ ئەو جۆرە خولانە:

- سەرەتایەك لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت.
- وەدەستهێنانی زانیاریی.
- دەروازەیەك بۆ بەرنامەکانی وێب.
- تەکنیکەکانی گەڕان و دۆزینەوەی سەرچاوە.
- بونیادی سەرەکیی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی.
- گەشەپێدانی سەرچاوەکان لەو کتێبخانانەدا.
- چوونە ناو زانیارییەکانەوەو دۆزینەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پەیوەندیدار بە زانیارییەکان، بڵاوکردنەوەو بڵاوکەرەوەکان و هەندێ کاروباری پیشەیی و بەڕێوەبردنی کتێبخانەکان.

پێویستە دەرگا واڵا بێت و بەردەوام ناونووس بکرێن، هەرچۆن پێویستە ڕاهێنان بڕەخسێ بۆ کەسانێ لە دوورەوە بیانەوێ بەشداربن، وەك لە ماڵەکانیانەوە، یا لە شوێنی کارکردنیانەوە، بەوێنەی ئەوانەی لە کتێبخانەکاندا خولی ڕاهێنان دەبینن.



**سەرچاوەکان:**

1-Cheryl La Cuardia. Teaching The new library, New York: Neal- Shuman Publishers Inc“ 1996. P.10

2-Joseph Janes. Introduction to reference work in the diyital age, New York“ 2000.P.P.12-20

3-د. عبدالگیف صوفی، التکوین العالی فی علوم المکتبات و المعلومات، قسن گینه، 2002، ص 69-.100

4-Rick Rogers. Teaching Information Skills, London: British Library reseach. 1993. P.02

5- د. عبدالگیف صوفی، المراجع الرقمیه و الخدمات المرجعیه فی المکتبات، قسن گینه، 2004، ص 198.

**سەرچاوە:** Azro- Karim. Maktooobblog. com

# دڵەڕاوكێی كتـێبخانه

ن. سمير مدحت سعيد



لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی ئەو توێژینەوانەی باس لە جۆری خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە دەکرێت روو لەزیادبوونن، لەوانەش جۆری خزمەتگوزاریی( Service Quality) هەروەها جۆری باش و نایابی لەو خزمەتگوزارییانەدا، هەموو ئەو توێژینەوانە باسی(بیرورا)ی سوودمەندان دەکەن بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێت، هەندێ توێژینەوەش باس لە(هەست)ی سوودمەن دەکەن بەرامبەر بە کتێبخانە، دیارە جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو چەمکەشدا هەیە، یەکەمیان



پەیوەستە بەسەرنج و گۆشەنیگایەکەوە کە ئەگەری گۆڕانی هەیە بە گۆڕانی رەوش و خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە، بەڵام دووەمیان کە هەست و رازی سوودمەندە لەنێو کتێبخانەدا، کە هەروا بەئاسانی ناگۆڕێت.

لەڕووی تیۆریی درووستەوە، دەبێت هەست و ناخی خەڵکی ئارام و دڵنیابێت، بەڵام ئەوە جۆرێکە لە مەحاڵ، بەڵام بەردەوام زاناو پسپۆرانی بوارەکانی سایکۆلۆجی لە توێژینەوەکانیاندا هەوڵی ئەوە دەدەن کە پەشێوی و شپرزەیی خەڵك کەمبکەنەوە لەبواری کتێبخانەکانیشدا، لەوەوبەر کەسێك بیری ئەوەی نەبووە کە سوودمەندان لە خزمەتگوزاریی کتێبخانەکان، دووچاری پشێویی دەروونی دەبن لەکاتی سەردانیاندا بۆ کتێبخانە، بەڵام کاتێك خاتوو(Melon) ساڵی 1986 توێژینەوەیەکی بڵاوکردوەتەوەو تیایدا پەردەی لەڕووی ئەو شپرزەبوونە هەڵماڵیوە کە سوودەمەندان کاتی سەردانی کتێبخانە دووچاری دەبن، ئەمەش وای لە پسپۆرانی تر کردوە کە ئەو ئاراستەیە فراوانتر بکەن و توێژینەوەی تری بەدوادا بێت.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەستی خوێنەر، سەرنجی توێژەرە لەمەڕ کتێبخانەی ناوچە عەرەبییەکان بە بەراورد لەگەڵ کتێبخانەکانی خۆرئاوا لەڕووی دڵەڕاوکێ لە کتێبخانەکانەوە.

ئامانجی توێژینەوەکەشی ناساندنی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی و وەڕس بوونی هامشۆکەرانی کتێبخانەیە لەڕووی دەروونییەوە، ئەویش بەمەبەستی:

-هۆشداریدان بە بەڕێوەبەرانی کتێبخانەکان بەرامبەر مەترسیی ئەم دیاردەیە.

-روونکردنەوەی مەوداو نیشانەکانی بە مەبەستی ئاگاداربوونی سوودمەند لێیان و پاشان چارەسەریان.

## وشەی دڵەڕاوکێ وەك زمان

پێناسەی دڵەڕاوکێ، بەرامبەر بەوشەی(بێزاربوون) دێت، هەرچۆن بەواتای حاڵەتی نائارامی، یان بێ ئارامی دێت. زاراوەکەش، بەحاڵەتی گرژیی جەستەیی و دەروونی لەیەك کاتدا پێناسەکراوە، تا دەگات بەترس و پشێویی جەستەیی. بەژان، وەکو تەنگەنەفەسی، یان دووچاربوونی(خەمۆکی)، ئاماژە بەوەش کراوە کە(دڵەڕاوکێ بنەما دەروونییەکەی ترس لە ئازار، دووبارە بوونەوەی هەڵوێستەکانیش کە دەبنە هۆکاری دڵەڕاوکێ، یان دەبێتە زۆربوونی بڕوا بەخۆبوون یاخود دەبێتە ناکامی و سەرنەکەوتن و زیادبوونی هەستکردن بەو هەڵوێستانە، هەست بەکەمی دەکات و رەخنەی زۆر لەخۆی دەگرێت، هەرچۆن گومانی لەتواناکانی دەبێت.

دڵەڕاوکێ و شپرزەیی، لە هەموو لایەنێکی ژیاندا دەنگ دەداتەوە، زۆربەی جار بەهۆی گەشەکردنی شارستانی و تەکنەلۆجیەوە دەبن، لەوانەش: دڵەڕاوکێی لە جەنگ، بەرامبەر مەرگ، یان بەرامبەر فڕۆکەو گەشت، هاوسەرگیری و منداڵ بوون، نەخۆشی و نەشتەرگەریی، یان دڵەڕاوکێ بەرامبەر تاقیکردنەوەکان.

## نیشانەکانی دڵەڕاوکێ

دەکرێ پۆلێنی نیشانەکانی دڵەڕاوکێ لە دوو جۆردا بکەین:

1- نیشانە جەستەییەکان: کە خۆیان لەزیادبوونی لێدانی دڵ، بێ ئاگایی و وەڕس بوون، دڵتێکهەڵان و ئازاری گەدە، نەمانی کۆنترۆڵ بەسەر خوددا، ئارەقەکردنەوەی زۆر، خەون بینی ناخۆش و گرژیی.

2- نیشانە دەروونیەکان: وەکو خەمۆکی و بێزاریی، بارگرژیی زۆر، نەمانی توانای پەی پێبردن و جیاکردنەوە، لەبیرچوونەوە، شیرازە تێکچوونی بیرکردنەوە، حەزی دوژمنکارانەو شەڕفرۆشتن.



## دڵەڕاوکێی کتێبخانە

پێناسەی دڵەڕاوکێی کتێبخانە جیاوازیی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو پێناسەو زاراوانەی پێشوو ئەوە نەبێت کە نیشانەکانی روودانی ئەو دڵەڕاوکێیە پەیوەستە بە سەردانی کتێبخانەو بەکارهێنانیەوە، هەربۆیە کەسێك پێناسەی بابەتیی بۆ ئەم جۆرەی دڵەڕاوکێ نەکردووە، بەڵام دەکرێت هەندێك دیاری نەکردن بۆ نیگەرانیی کتێبخانەو دڵەڕاوکێی دابنێین و بڵێین"حاڵەتێکی دەروونی و فیسۆلۆجییەو لەگەڵ هەر سەردانێکی کتێبخانەدا تووشی سوودمەندی هامشۆکەر دەبێت، بەتایبەت لە یەکەم سەردانیدا، چونکە نیشانەکانی نەخۆشیی دڵەڕاوکێ بەشێوەیەکی گشتی پێوەی دیار دەبێت".

هەرچۆن گوتراویشە"ئەزموونێکی نەرێنییەو تیایدا دڵەڕاوکێ زیاد دەکات، هەروەها مرۆڤ تووشی چەند بارێکی تر دەبێت وەکو بیرۆکەی خراپ، ترس، گرژیی و هەژانی فەسلەجیو، هەموو ئەوانەی لەکاتی راپەڕاندنی کاردا لەنێو کتێبخانەدا پێوە دیاری دەدات".

لێرەدا پێویستە جیاوازیی لەنێوان دوو زانراوەدا بکەین، ئەوانیش(ترس لەکتێب)و (ترس لە کتێبخانە)یە کە هەردووکیان کەم تا زۆر پەیوەستن بە بابەتی دڵەڕاوکێی کتێبخانەوە:

### ⋆ ترس لە کتێب (Bibliophobia):

حاڵەتێکی دەروونییەو تووشی ئەوانە دەبێت کە هەست بەترس دەکەن ( Book Fear)، ترسی لە بەکارهێنان و گرتن بەدەستەوەو هەڵگرتن و نزیك بوونەوە لە کتێب، بەبێ رەچاوی شوێنی دانانی، لەکتێبخانەدا بێت یان لە دەرەوەی لە نموونەی ئەم جۆرە ترسە، سڵەمینەوەیە لە قورئانی پیرۆز وەك تەنێکی ماتەیاڵی پیرۆز، ئەمە لای هەندێك کەس، بەڵام ئەگەر قورئانەکە، خرابێتەسەر CD ئەوا ئەو هەستە بەو جۆرە لای ئەو کەسانە درووست نابێت، هەرچۆن ترس لە کتێبە کۆنەکان هەیە، یان زۆر بەکارهێنراوەکان، ئەویش لەو گومانەوە کە هەڵگری نەخۆشین و دەگوێزرێنەوە بۆ خوێنەریان، یان ترس لە کتێبەکانی جادووگەریی لەو روانگەیەوە کە بەکارهێنەریان نەفرەتی خودای بەربکەوێت.

رەنگە جوانترین نموونە بۆ ئەم حاڵەتە(هۆلاکۆ)ی داگیرکەرو وێرانکەری شاری بەغدا بێت لەساڵی(656ك/ 1258ز)، ئەو کە دووچاری ئەم نەخۆشییە بوو بوو فەرمانی داوەتە سوپاکەی بەگواستنەوەی چی کتێب هەیە بۆ ناو روباری دیجلەو لەناوبردنیان.

### ★ ترس لە کتێبخانە Library phobia:

لەحاڵەتە لێکچووەکانی ترس لەکتێبە، بەڵام لەرووی دەروونی و جەستەییەوە بۆ هامشۆکەری کتێبخانە کەمەر شکێن ترە، گەورەترین هۆکاری ئەم نەخۆشییە بەندە بەرابردووەوە کە ئەو کەسە بەدەست هەڵوێستێکی ناخۆشەوە دەناڵێنێ و لەگەڵ هەر سەردانێکیدا بۆ کتێبخانە بیری دەکەوێتەوەو دواجار وای لێدێت سەرنەکاتەوە پیایدا، ئەمەش بەهۆی پسپۆری دەروونییەوە چارەسەر دەکرێت.

## گەشەی مێژوویی دڵەڕاوکێی کتێبخانە

کاتێك خاتوو کۆنستانسی میلۆن(کە مامۆستای زانستی کتێبخانە لە ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ساڵی 1986 توێژینەوەکەی بەناوی(دڵەڕاوکێی کتێبخانە..بنەما تیۆری و گەشەپێدانەکانی) نووسی، بۆ یەکەم جار ئەو زاراوەیی دڵەراوکێیەی بەکارهێنا، یەکەم جار نامۆ بوو، بەڵام هەر زوو ئەمینداری کتێبخانەکان پشتگیرییان لێ کردو دانیان بەوەدا نا کە ئەم حاڵەتە بوونی هەیە.

خاتوو ملیۆن توێژینەوەکەی لەماوەی دوو ساڵدا ئەنجامداوەو لە 6000 خوێندکاری زانکۆی(ساوپرن)ی ئەمریکی کۆڵیوەتەوە بەمەبەستی زانینی هەست و نەستیان بەرامبەر بەکتێبخانەی زانکۆکەیان لەکاتی سەردانەکانیاندا.



بەپێی ئەنجامەکان، دەرکەوتووە 75٪-85٪ی نموونەکانی توێژینەوەکە وەڵامە بەراییەکانیان بە هەندێك ترس بووە لە بەکارهێنانی کتێبخانە، توێژینەوەکە ترسی خوێندکارەکانی لەم چوار حاڵەتەدا نیشانداوە:

هەستکردن بە ترس لە قەوارەی کتێبخانەکە
The size of the library.

نەبوونی شارەزایی بۆ ناسینی سەرچاوەکان
Not knowing where things were.

نەشارەزایی بۆ دەستپێکردنی گەڕان بەناو کتێبخانەکەدا
Not Knowing how to begin the library research process.

نەزانینی سەرەتای دەستکردن بەکارەکەی
Not Knowing what to do.

هەرچۆن توێژینەوەکە ئەوەشی سەلماندوە کە ئەو هەستە زیاتر لای خوێندکارانی قۆناغی یەکەم دەستپێدەکات و بەرەبەرە لەقۆناغەکانی تردا روو لەکەمی دەبن، هاوکات ئەوەشی دەرخستووە لەچاو خوێندکارانی قۆناغە پێشکەوتووەکاندا" خوێندکارانی قۆناغی یەکەم زیاتر هەست بە گرێی کەموکورتی دەکەن لەخۆیاندا، تەنانەت ئەو هەستەیانی شوبهاندوە بە دڵەراوکێی تاقیکردنەوە (Test Anxiety)کە هەستێکە خوێندکار لەکاتی تاقیکردنەوەدا بۆ هەموو قۆناغەکان دووچاری دەبێت.

تا ساڵی 1992 تیۆرەکەی(میلۆن) بە تەنیا بناغەیەکی تیۆری بوو، بەڵام کاتێك (شارون لی بوستیك) توێژینەوەیەکی لەسەر دروستیی تیۆرەکەی میلۆن نووسی، پێوانەیەکی داڕشت بەناوی پێوانەی دڵەڕاوکێی کتێبخانەوە Library Anxiety Scale (LAS) کە لە پێنج برگە پێکهاتبوو بەناوی(بەربەستەکان/ Barriers)و ئەوانیش بەربەستەکانی: کارمەندان، تەلاری کتێبخانە، بەکارهێنانی کتێبخانە، حەوانەوەو میکانیزمی بوون.

### 1- بەربەستی کارمەندان Barriers With Staff:

بۆ پێوانەی هەستی سوودمەندان بەرامبەر کارمەندانی کتێبخانە بەکاردێت، ئەویش لەرووی پێشوازی و باش مامەڵەکردن و ئاسانکاری و ئاشنایەتییەوە، هەمیشەش خراپ مامەڵەکردنی کارمەندانی کتێبخانە لەگەڵ سوودمەندان لە یەکەم سەردانیاندا بۆ کتێبخانە کاریگەریی زۆری لەسەریان دەبێت، زیاتر لە بەربەستەکانی تر.



هەڵسوکەوتی یەك کارمەند کاریگەریی لەسەر هەموو کارمەندەکانی کتێبخانەدا دەبێت و کار لەسەردانی خوێندکار دەکات، تەنانەت خراپ مامەڵەکردنی کارمەندێك لەبیرو دەروونی هامشۆکەردا دەمێنێتەوەو هەرگیز کاڵ نابێتەوە.

توێژینەوەیەك باسی لە نموونەکانی ئەو جۆرە مامەڵە نەرێنییە دەکات، وەکو تەنگ پێهەڵچنینی کچان لەلایەن کارمەندانەوە کە تا چەندین ساڵ دوای ئەوەش کاریگەریی لەسەر هامشۆکەران دەمێنێت.

هەرچۆن توێژینەوەیەکی(مۆنیکا بێرگمان)یش ئەوە دەردەخات کە زۆر لە سوودمەندان پێناسەی ئەمینداری کتێبخانە بە(ئەژدیها) دەکەن، وەك لێکچوواندن بۆ



حاڵەتی ترسی بەرامبەر هەڵسوکەوت و شێوەی ئەمیندار کە خۆیان لە دیپسلین و ڕاگرتنی ئارامیی کتێبخانەو ڕێگانەدان بە ئاخافتن ئەگەر بەچرپەش بێت.

### 2- بەربەستی تەلاری کتێبخانە Barriers With building:

ئەم بەربەستە لە توێژینەوەکانی دڵەڕاوکێی کتێبخانەدا سەرسوڕهێنە، ئەنجامەکانی هەندێ توێژینەوەکان دەریانخستووە کە گەورەیی تەلاری کتێبخانەو تازەیی درووستکردنی دەبێتە بەربەست لەبەردەم سوودمەنداندا. ئەوەش لە دیمەنی دەرەوەو نەخشەسازیی ناوەوەو زۆریی ڕێڕەوو نهۆم و هۆڵ و ژووردا دەردەکەوێ و دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێی هەندێ لە هامشۆکەران.

هاوکات کۆنی کتێبخانەو نەخشەسازیی ناوەوەی دووبارە دڵەڕاوکێ درووست دەکەن، هەرچۆن شوێنی کتێبخانەش ڕۆڵی هەیەو کتێبخانە دوورو چەپەکەکان دڵەڕاوکێ دەدەنە هامشۆکەران، بەڵام لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، دوای هامشۆی بەردەوامی سوودمەند دڵەڕاوکێیەکان کەم دەکەنەوە.

### 3- بەربەستی بەکارهێنانی کتێبخانە Knowledge of the library:

ئەمیش هەر لە سەردانە بەراییەکاندایە، ئەویش بەتایبەت لەو کاتانەدا تووشی سوودمەند دەبێت کە پێویستی بە بەکارهێنانی سەرچاوە زۆرەکانی زانیاریی بێت لە کتێبخانەدا، هەر لە بەکارهێنانی پێڕستەکانەوە تا دەگات بەتۆمارکردن و خواستنی کتێب، ئەمە بێجگە لە سەرچاوەکانی تری زانیاریی کە هەندێکیان زیرەکیی زیاتریان دەوێت لە خواستنی سەرچاوەی تەقلیدیی وەکو کتێب.

هەرچۆن ئەم بەربەستە لەژێر کاریگەریی جیاوازییە کەسییەکاندایە لەنێوان ئاستی سوودمەنداندا، ئەوانەی کتێبخانە بەکاردێنن، تیایاندایە، هەرچۆن پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد(هەست بەکەمیی) دەکات، یان خۆی بەکەم دەزانێت، بەڵام ئەم هەستکردەو، دەوردە لەگەڵ هامشۆکاندا روو لە نەمان دەکات و بەباشی ئەو کەسە کتێبخانە بەکاردێنێت، بەڵام هەشن بەردەوام لە دڵەڕاوکێدان، بەتایبەت کاتێ بۆ دەستخستنی زانیاریی کۆمپیوتەری کتێبخانە بەکاردێنن.

### 4-بەربەستی حەوانەو راهاتن Comfort With the Library:

کەشی گشتیی کتێبخانە، کە خۆی لە ئامێرەکانی وەك فێنك کەرەوەو گەرم کەرەوە روناکی و شوێنی دانیشتن و کەرەستەکاندا دەبینێتەوە رۆڵی گرنگیان هەیە بۆ راهاتنی هامشۆکەر لەگەڵ کتێبخانەدا، یان رانەهاتن و بەردەوام بوونی حاڵەتی دەروونیی دڵەڕاوکێ لەگەڵیاندا.

### 5-بەربەستی میکانیزمی Mechanical barriers:

مەبەست لەو بەربەستانەیە کە رووبەڕووی سوودمەند دەبنەوە لەکاتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی کتێبخانەدا، وەکو ئامێرەکانی لەبەرگرتنەوەی خود خزمەتیی( Self Service)و لەبەر نەشارەزایی لەبەکارهێنانیدا هامشۆکەر تووشی ئاستەنگ دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر کە لێزانانە بەکاری دێنن و بەوشێوەیە.

### بێزاربوون لە هامشۆی کتێبخانە

ساڵی 2004، خاتوو دوریس کامپین توێژینەوەیەکی نوێی خستووەتە بەرچاو کە تیایدا ئاماژە بە بۆچوونەکانی لەوەوبەر دەکات سەبارەت دڵەڕاوکێی کتێبخانەو دەیسەلمێنێت کە بەپێی سەردەمەکەو گۆڕانکارییەکان، بەتایبەت تەکنەلۆجییەکان ئەو پێنج بەربەستەی لەوەوبەر



باسکراون بەتەنیا نابنە پێوانەی دڵەڕاوکێ، بۆ مەبەستەکەشی چەندین نموونەی هێناوەتەوە، لەوانە بەکارهێنانی ئینتەرنێت کە بەوشێوەیە لەوەوبەر بوونی نەبووەو هێندە گرنگ و بەربڵاونەبووە، هەروەها بنەمای زانیارییەکان کە بەکارهێنانی زیادی کردوە، بەتایبەت لە کتێبخانە زانکۆییەکاندا، وەك بنەماکانی تێکستی تەواو، یان بەتەواویی(Full Text)، هەروەها ئامرازەکانی گەیشتن بەزانیارییە بیبلیۆگرافیاکانی وەك پێڕستی ئازاد (OPAC).

(کامپین) ئاماژەی بۆ چەند توێژینەوەیەك کردوە کەوا باس لەو گرفتانە دەکەن کە لەگەڵ تەکنەلۆجیای نوێدا دەبینرێنەوە، لەوانە گرفتی سوودمەندە بەساڵاچووەکان لەکاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێدا لە کتێبخانە گشتییەکاندا.

ئەو توێژەرە پێوانەیەکی نوێی لەسەر 18 نموونەی ئەزمونگەریی هێناوەتە پێش کە خوێندکاری دکتورا بوون، بەرامبەر ئەوەش نموونەی 554 خوێندکاری تری دکتۆرای بۆ هەمان مەبەستی بەکارهێناوە، بۆ مەبەستەکەشی پێوانەیەکی شەش بەربەستی راگەیاندووە:

راهاتن Comfortableو بڕوا Confidence لەکاتی بەکارهێنانی کتێبخانەدا.

1- گەڕان بەدوای زانیاریدا لەچوارچێوەی بنەمای زانیارییەکاندا، یان لە کتێبە ژێدەرییەکاندا.

2- بەربەستی پەیوەست بە کارمەندان.

3- چۆنێتی بەکارهێنانی کتێبخانە.

4- راهاتن لەگەڵ تەکنەلۆجیای بەکارهێنراو لە کتێبخانەدا.

5- راهاتن لەگەڵ تەلاری کتێبخانەدا.



لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە بەرزبوونەوەی ئاستی دڵەڕاوکێ لەلای سوودمەندانی کتێبخانە مەرج نییە جەخت کردن بێت بۆ ئاستی لاوازو مامەڵەی خراپی کتێبخانەکە، چونکە پشینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی سوودمەندان پڕن لە بیرەوەریی یان هەڵوێستیان بەرامبەر کتێبخانەو ئەوەش لەکاتی سەردانەکانیدا دەردەکەوێت، ئەوەبوو ئاماژەکرا بۆ مامەڵەی نەشیاوی هەندێ لە کارمەندان بەرامبەر رەگەزی مێی هامشۆکەران، کە بووەتە هۆکاری دروستبوونی دڵەڕاوکێی خوێندکارانی زانکۆ لەکاتی سەردانەکانیان بۆ کتێبخانەکەیان، هەرچەندە چەندین ساڵیش بەسەر ئەو رووداوانەدا تێپەڕبوون!

هەرچۆن توێژینەوەیەکی(کولینز) ئەوەی سەلماندوە کە رێژەی دڵەڕاوکێی خوێندکارە کۆچەکەرە بەبنەچە ئەفریقیییەکان بە بەراورد بە خوێندکارە ئەمریکییەکان زۆرتربوون، ئەویش بەهۆی پاشینەی کۆمەڵایەتی و شارستانییانەوە.

لە توێژینەوەیەکی تریشدا ئاستی بەرزی دڵەڕاوکێ لای خوێندکارە جوولەکە کۆچکەرەکان بۆ ئیسرائیل سەلماوە، ئەویش بەهۆی جیاوازیی پاشینەی رۆشنبیری و ئاوەدانیی ولاتە کۆنەکانی خۆیان لەگەڵ ولاتی نوێیاندا.

هاوکات دابڕان و بێ بەشبوون و دوورکەوتنەوەی ژمارەیەك لە هامشۆکەران، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی بەردەوام سەردانی کتێبخانە دەکەن، بووەتە هۆکاری زیادبوونی دڵەڕاوکێیان لەکاتی چوونەوەیان بۆ کتێبخانەی خوێندنگاکان، یان گشتییەکان، تا دەگات بە کتێبخانەکانی زانکۆ.

## گرنگی دڵەڕاوکێی کتێبخانە



لە توێژینەوەیەکی تردا بابەتی(ئایا دڵەڕاوکێی کتێبخانە گرنگە؟) ورووژێنراوە، تیایدا گوزارشت لە ئامانجی هەر کتێبخانەیەك کراوە کە خۆی لە دوو ئامانجدا دەبینێتەوە:

1- زۆرترین ژمارەی خوێندنەوە.

2- زۆرترین ژمارەی سوودمەندان.

یەکەمیان باس لە کۆششی کتێبخانە دەکات لە دابینکردنی سەرچاوە کتێبخانەییەکان بۆ سوودمەندان، لەگەڵ چۆنێتی رێکخستنیان و ئاسانکاریی بۆ گەیشتن پێیان.

دووەمیش بانگهێشتی زۆرترین ژمارەی خەڵك بۆ سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئامانجی یەکەم.

هەر ئەو توێژینەوەیە داوا لە بەڕێوەبەری کتێبخانەکان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەحاڵەتی دەروونی کۆمەڵی سوودمەندان.

هەرچۆن باسی ئەوەش کراوە کە دیاریی کردنی دڵەڕاوکێ لەجاری یەکەمدا، یان سەردانی یەکەمدا گرنگە، ئەگەر دووبارە بووەوە ئەوا دیارە گرفتەکە لای خودی ئەو کەسە هامشۆکەرەیە.

## چارەسەری نیگەرانیی کتێبخانە

چارەسەری ئەو حاڵەتەی نیگەرانیی کتێبخانەیە بەتەنیا نەهێشتنی ئەو دیاردەیە نییە لە کتێبخانەکاندا، بەڵکو بەشداریی کردنە لە چارەسەری نەخۆشیی دڵەڕاوکێ بە شێوەیەکی گشتی، کە بەگرفتی سەردەم ناودەبرێت، چەندین رێگا هەیە بۆ ئەو چارەسەرە، ئەوانیش:

1- چارەسەری دەروونی: کە پشت بەچارەسەری دەروونی دەبەستێت لەلایەن پسپۆری ئەو نەخۆشییەوە، دوای تێگەیشتن لە حاڵەتەکە، پزیشکی پسپۆر دەرمانی پێویست دەداتە نەخۆشی، دیارە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا راوێژی دەروونی هەندێك نامۆیە، بەڵام لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا کارێکی ئاسایی و باوە.

2- چارەسەری ژینگەیی: واتە هەمواری هۆکارە ژینگەییەکان کە کاریگەریی بەرچاویان هەیە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی دڵەڕاوکێی سوودمەندانی کتێبخانەکاندا، ئەویش لەرێی چاودێریی کارەکانی کارمەندان و سەرنجدانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سوودمەندانداو سووربوون لە هێشتنەوەی باشترینیان لەکارەکانیاندا، لەگەڵ بەشداری پێکردنیان لە خولی تایبەتمەندا سەبارەت چۆنێتی مامەڵەیان لەگەڵ سوودمەندە سەردانکەرەکانی کتێبخانە لەجاری یەکەمیاندا.

لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو جۆرەی چاودێریی دەکەین لە کۆمپانیایەکی یابانیی هێڵی ئاسمانیدا کە کامێرای چاودێری بەرامبەر کارمەندانیان دانرابوو، ئەوانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبوو لەگەڵ گەشتیاراندا، تاوەکو بزانرێت زەردەخەنەی سەر ڕووی ئەوان چۆنە بەرامبەر گەشتیارەکان، بەمەبەستی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێیان لەکاتی فڕینی فڕۆکەکەیاندا بەئاسمانی بەرزو بەریندا.

هەروەها پێویستە ڕێبەری ڕێنمایی پێشکەوتوو بخرێتە بەردەستی هامشۆکەرانی کتێبخانە لەشێوەی چاپکراودا، یان بیستراوو بینراودا، لەتوێژینەوەیەکی (ئانا) ناوێکدا بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی کتێبخانەکاندا پێشنیاز کراوە لەبری سوودوەرگرتنی خوێندکاران لەخودی کارمەندان، کۆمپیوتەر دابنری بۆ فێربوونی بەکارهێنانی کتێبخانە.

هەرچۆن ژمارەیەك لە توێژەران ئاماژەیان بۆ دانانی کتێبخانەکان لەسەر ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان کردوە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێی سوودمەندان، ئەویش بە شارەزابوون لە کارو سیستمی کتێبخانەکان بەر لە سەردان کردنیان.

**سەرچاوە:**

**المجلة المعلوماتية، العدد 32، لسنة 2010، قلق المكتبات، بقلم: سمير مدحت سعيد، ماجستير علم المعلومات والمكتبات، جامعة تكريت.**

# رۆڵی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە بەزاندنی

# رژێمە عەرەبییە ستەمکارەکاندا

ن. محمود خلیفە



ولآتانی عەرەب و هەموو جیهان چاودێر بوون بەسەر رووداوەکانی سەرەتای ساڵی 2011دا، کە بریتی بوون لە روخاندنی دوو رژێمی ستەمکارو گەندەڵی عەرەبی، لە 14ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، دوای مانگێك لە خۆپیشاندان، رژێمی تونس بەسەرۆکایەتی (زین العابدین بن علی) کە 23ساڵ درێژەی کێشا، هەرەسی هێنا. بەدوایدا رژێمی میسری بەسەرۆکایەتی (حسنی مبارك) کە 30ساڵی رەبەق فەرمانڕەوا بوو، پاش بەرگریی تەنیا (18) رۆژ، رووخا.

لەم بابەتەدا، باس لە رۆڵی کاریگەری تەکنەلۆجیا و بەتایبەت ئینتەرنێت دەکەین، لە رووداوەکانی (کانوونی دووەم و شوبات)ی تونس و میسر، لەگەڵ جەختکردنەوە بۆ میسر، پاشانیش ئاماژە بە راپۆرتێکی ئەمریکی دەکەین لە 2003دا سەبارەت دژایەتی کردنی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لەلایەن رژێمە گەندەڵەکانەوە.

## ئایا تەکنەلۆجیا کاریگەریی لەسەر شۆڕشەکان هەبووە؟

فاکتەرەکانی بەرپابوونی خۆنیشاندان و شۆڕشەکان لە مێژوودا، کۆمەڵایەتین وەك نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری، یان ئابووریی وەکو گرانی و کەمیی مووچە، یان سیاسیی وەکو نەبوونی دیموکراسی و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، بەڵام شۆڕشەکانی ئەم سەردەمە نوێیە جیاوازن، چونکە پشتبەستوون بە ئامرازەکانی وەکو مۆبایل و ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانیان.

لەم سەردەمەدا، رەوشی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و پەیوەندییەکان ئەم راستیانەمان پێدەبەخشن:

تا تشرینی یەکەمی 2010، لە میسردا شەست و پێنج ملیۆنونیو هێڵی تەلەفۆنی گەڕۆك (مۆبایل) هەبووە، لەگەڵ نۆ ملیۆنونیو تەلەفۆنی سەر زەوی (نۆرماڵ)، نزیکـــەی 23 ملیۆن کەس ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە،





لەگەڵ ملیۆنێك و سێ سەد هەزار بەشدار لە ئینتەرنێتی خێرادا (ADSL) و هەشت ملیۆنونیو بەشداری خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت لەرێی مۆبایلەوە، هەروەها 4600 کۆفی ئینتەرنێت هەبووە.

لەتونس، تا تشرینی دووەمی2010، هەموو زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەو خوێندنگا دواناوەندییەکان بە ئینتەرنێتەوە بەسترابوونەوە، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت سێ ملیۆن و نۆسەد هەزار کەس بوون. هەرچۆن ژمارەی هێڵەکانی تەلەفۆنی سەر زەوی گەیشتبووە یەك ملیۆن و 262هەزار هێڵ و هێڵی مۆبایلیش گەیشتبووە شەش ملیۆن و 477 هەزار هێڵ (تا ساڵی 2006).

ئەمە رەوشی تەکنەلۆجیای پەیوەندییەکان بووە لە میسر و تونس، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئارا، ئایا تەکنەلۆجیا کاریگەریی هەبووە لەسەر رووداوەکانی ئەم دواییەی هەر دوو وڵات؟

هەن دەڵێن زۆر شۆڕش روویانداوە بەبێ پشتبەستن بە تەکنەلۆجیا، بەڵام ئەگەر خۆنیشاندەران بەدیار کۆمپیوتەرەوە بوونایەو نەرژایانە سەرشەقام ئاخۆ خۆنیشاندانەکانی میسرو تونس بەرێوەدەچوون؟

هەیشن دەڵێن بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا هۆکاری کاریگەربوون بۆ خۆنیشاندانەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆبەندیی ئەلیکترۆنیی رەخساند بۆ راگەیاندنی بیرورای بەرهەڵستکارانی ئەو دوو رژێمە، هەروەها بانگەوازی رژانە سەرشەقامەکان لەرێی ئینتەرنێتەوەو رێکخستنی خۆنیشاندانەکان و دیاری کردنی جێگاکانیان و پاشانیش پەخشی هەواڵەکان لە نێو جەرگەی رووداوەکانەوە.

## چۆن ئینتەرنێت لە خۆنیشاندانەکاندا بەکارهات؟

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هێڵی راستەوخۆ رۆڵێکی پاڵەوانانەی لە رووداوەکانی 2011/1/25ی میسردا بینی، بەتایبەت هەردوو ماڵپەڕی (فەیس بوك) و (تویتەر)، بەتایبەت تویتەر کە خەڵکی بەپیرییەوە چوون، هەرچۆن (فەیس بوك) سێ

رۆڵی جیاوازی گێڕا، بانگەواز بۆ خۆنیشاندان و پەخشی هەواڵی خۆنیشاندانەکان و بەشداریی خێرا لە بەیەکتر گەیاندنی هەواڵەکاندا.

## بانگەواز بۆ خۆنیشاندانەکەی 25ی کانوونی دووەم

لە 15ی کانوونی دووەمی 2011دا بانگەوازی خۆنیشاندانی گەورە لە میسردا ڕاگەیێنرا، واتە ڕۆژێك لەدوای هەرەسهێنانەکەی سەرۆکی ڕژێمی تونس، بانگەوازخوازان ڕۆژی (25)یان بەیادی ڕۆژی (پۆلیسی میسر)ەوە




هەڵبژارد، سێ گروپ لەسەر (فەیس بوك) خاوەنی بانگەوازەکە بوون:

1-لاپەڕەی هەمووومان (خالید سەعید)ین، کە ژمارەی ئەندامانی نزیکەی 600هەزار کەس بوون و گەورەترین کۆبوونەوەی میسری بوون لەسەر فەیس بوك.

2-بزاڤی (6ی ئەپریل)، کە کۆی ئەندامانی 53 هەزار کەس بوون لەسەر لاپەڕەکە و 93هەزار گروپیش.

3-گروپی (بەرادعی بۆ سەرۆکایەتی میسری 2011)، کە کۆی ئەندامانی گەیشتە 244هەزار کەس.

تەنانەت ئەوانەی زۆریش گەشبین بوون، پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد هەزاران میسری بەدەنگ ئەو بانگەوازە ئەلیکترۆنییانەوە بچن و دەزگا ئەمنی و سیاسییەکانیش بایەخی ئەوتۆیان بەو بانگەوازانە نەدەدا، بەڵام لە ڕۆژی 1/25دا مامەڵەی ئەمنی و سیاسییان لەگەڵ خۆنیشاندانەکاندا کردو زانییان مەترسیی ئەو بانگەوازانە چەندە زۆرە، هەربۆیە لە میسردا هەموو ئامرازەکانی پەیوەندیی ڕاگیران، ئەمەش یەکەمین ڕووداوی لەو جۆرە بوو لە جیهاندا، هەردوو ماڵپەڕی (تویتەر و فەیس بوك) لابران و دوای چەند سەعاتێکیش پەیوەندیی ئینتەرنێتی بچڕێنراو سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی مۆبایلیش ڕاگیران.



## ڕووماڵکردنی هەواڵی خۆنیشاندانەکان

هەر لە سەرەتای خۆنیشاندانەکانەوە، بێجگە لەو ماڵپەڕانەی ئاماژەیان بۆ کرا، ماڵپەڕی تریش کەوتنە کار، دیارترینیان لاپەڕەی (رصد)بوو کەوا ژمارەیەك لە هەواڵنێرانی یەك بەیەکی هەواڵەکانیان لەسەر ئەو لاپەڕەیە لە (فەیس بوك) و (تویتەر)دا بڵاودەکردەوە، نەك هەر هەواڵ، بەڵکو وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی لە ناو جەرگەی ڕووداوەکانەوە، هەروەها لاپەڕەی (هەمووومان خالید سەعیدین) و (بزاڤی 6ی ئەپریل)یش، لەگەڵ لاپەڕەی ڕۆژنامەی (الدستور) کە ژمارەی ئەندامانی 92 هەزار کەس بوون و لاپەرە و گروپی تریش.

بێجگە لەوانەش، ژمارەیەك لە خۆنیشاندەران و کەسایەتییە ناسراوە بەشدارەکانی وەك لاپەڕەی (د.أيمن نور). دەکرێت ڕۆڵی ئەو دوو ماڵپەڕەی (فەیس بوك و تویتەر)لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

1-پەخشی هەواڵەکان لە جەرگەی خۆنیشاندانەکانەوە.

2-دیاریکردنی ئاڕاستەی خۆنیشاندانەکان و شوێنی کۆبوونەوەی خۆنیشاندەرەکان.

3-بڵاوکردنەوەی بابەتی وێنەیی و بینراو سەبارەت خۆنیشاندانەکان.

ئەمانە بەبێ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەڕێی مۆبایلەوە نەبووایە نەدەهاتەدی و بەشدارانیان گەیشتنە (8.5)ملیۆن.

کاتێ دەسەڵات تا (ڕۆژی تووڕەیی) لە 1/28دا هەموو پەیوەندییەکانی بڕی، پێی وابوو ئیتر خۆنیشاندەران شپرزە دەبن، بەڵام زەمینی واقیعەکە هەڵەی ئەو بۆچوونە ئەمنییەی هەڵتەکاند و هەموو خەڵکەکە ڕژانە سەر شەقام.

ئەمانە چەند ژمارەیەکن کە بووبوونە سەرچاوەی زانیاریی بۆ خۆنیشاندانەکان:

* تۆڕی رصد:57 فایلی ڤیدیۆیی، 400 وێنە، 367 لینکی ماڵپەڕو هەواڵ و وێنە و فایلە ڤیدیۆییەکان، 10.584 بابەتی نوێی سەر ماڵپەڕی تویتەر.

* لاپەڕەی هەمووومان خالید سەعیدین: 61 فایلی ڤیدیۆیی، زیاد لە 200وێنە، 100 لینك.

* رۆژنامەی الدستور: زیاتر لە 500 بابەتی دابەزێنراوی سەر تویتەر.

## بەشداریی ئەندامان لە خێرایی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا

هەڵسوڕاوان، ئەوانەی لە ناو جەرگەی رووداوەکانەوە بوون، بەچاوی خۆیان شتیان دەدی و بەخێرایی دەیانگەیاندنە هۆیەکانی پەیوەندیی، هەرچۆن سوودیش لە ماڵپەڕە هەواڵییەکان و کەناڵە ئاسمانییەکانیش وەردەگیرا، ئەمانە وەك خزمەتگوزاریی ئەو کەسانە بوون بەناوی خۆیانەوە، بۆ خزمەتی ئەندامانی تەماشاکەری ماڵپەڕو لاپەڕەکان.

ئەوەی تازەبوو، بەشداریی لایەنگران بوو بۆ گواستنەوەو دەستاودەست پێکردنی هەواڵەکان لە هەردوو پێگەی فەیس بوك و تویتەرەوە، بەشێوەیەکی یەکجار خێرا، هەمووان خۆبەخش بوون بۆ کارکردن وەك بڵاوکەرەوەی هەواڵەکان لە ماڵپەڕەکاندا، هەروەها وەرگرتنی هەواڵ لە سەرچاوەی ترەوەو بڵاوکردنەوەیان.

کاریگەری ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە رووداوەکانی میسردا بێ وێنە بووە، بۆ نموونە:

-تێکڕای سەردانی ئەندامە بەشدارەکان لە لاپەڕەی (هەموومان خالید سەعیدین) کە رۆژی 2011/1/28 بانگەوازی خۆنیشاندانی راگەیاند بریتی بوون لە 20 ئەندام لە خولەکێکدا.

-ژمارەی ئەندامانی لاپەڕەی ناوبراو بەر لە 25ی کانوونی دووەم نزیکەی 400 هەزار ئەندام بووە، بەڵام تا رۆژی 9ی شوبات گەیشتووەتە 600 هەزار.

-کاتێك (وائل غنیم)ی بەڕێوەبەری لاپەڕەی (هەموومان خالید سەعیدین) ئازاد کرا، لاپەرەیەکی نوێ وەك نوێنەرایەتی خۆنیشاندەران لە 2/7دا دامەزرا، لە پێنج سەعاتی یەکەمیدا تێکڕای سەردانی ئەندامانی 150 کەس بووە لەیەك چرکەدا، دوای 24 سەعات لە دامەزراندنی ژمارەی ئەندامانی گەیشتووەتە 190 هەزار ئەندام.



## راپۆرتی دامەزراوی (راند)ی ئەمریکی سەبارەت ئایندەی زانیارییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

دامەزراوی راند، یەکێکە لە بەناوبانگترین سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئەمریکا لە بواری سیاسەت و ئابووریدا، ئەم دامەزراوە ساڵی 2003 راپۆرتێکی بەناوی (شۆڕشی زانیارییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا) بڵاوکردەوە، راپۆرتەکە باسی بابەتە پەیوەستەکانی کردوە بە تەکنەلۆجیای زانیارییەکانەوە لەناوچەکەدا.

راپۆرتەکە پێشبینی ئەوەی کردبوو کەوا چی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات، بەو ئەنجامەش گەیشتبوو کە وڵاتانی عەرەب تەقینەوەی شۆڕشی زانیارییەکان تا 25 ساڵی تر تیایدا روونادات، ئەویش بەهۆی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتە عەرەبییەکان بەسەر زانیارییەکاندا، چونکە ئەوان لەرێی هەڵبژاردنەوە نەگەیشتوونەتە دەسەڵات، واتە هەڵبژاردنی پاك و بێ گزی کردن، کەواتە ئازادیی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەبوو.

راپۆرتەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش تێدابوو کە لەو وڵاتانەدا بەکارهێنانی سەرجەم کەناڵەکانی میدیا بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵاتە و بۆ چەواشەکردنی رای گشتییە، بەڵام بە بڵاوبوونەوەی مانگە دەستکردەکان توانای زاڵ بوون بەسەر دەرەوەدا نەما و کەناڵە ئاسمانییەکان بینران، بەڵام پەنای بردە بەر کۆنترۆڵی ئامرازی نوێی وەکو ئینتەرنێت.

هاوکات راپۆرتەکە باس لە لایەنێکی گرنگی دیکەی کردوە، کە ئەویش لایەنی ئاسایشە، ئەوە دیاری کراوە کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەلای رژێمە عەرەبییە سەرکوتکەرەکان تەواو جیاوازە، لای ئەوان واتە پاراستنی دامەزراوە حکومییەکان و بەرپرسیارانە، تا دەگات بە بازرگانان و بیرمەندانی ملکەچی رژێمەکان.

## هاتنه دیی سیناریۆی ئەمریکی

بەدرێژایی ساڵانی پێشوو، هەردوو دەسەڵاتی میسر و تونس دژایەتی تەکنەلۆجیای زانیارییەکانیان کردوە، هەرچەندە بەپێی ویستی خۆیان بەکاریانهێناوەو کاریان بۆ بلاوکردنەوەی کردوە، بەپێی راپۆرتەکەی دامەزراوی (راند) ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییانە تەکنەلۆجیای زانیارییەکانیان بۆ سەرکوتکردنی هاووڵاتیان و بەرتەسککردنەوەی ئازادییان بەکارهێناوە.



ئەمانە، نموونەی هەندێك لەو حاڵەتانەن کە ئەو جۆرە دەسەڵاتانە تیایاندا دژایەتی تەکنەلۆجیایان کردوە:

### * شاردنەوەی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت:



لە وڵاتانی عەرەبدا لابردن و شاردنەوەی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بە تەنیا بۆ ماڵپەڕی سێکسی و ئەوانە نەبووە کە بەرهەڵستکاری رژێمەکانیان بوون، بەڵکو بۆ شاردنەوەی ماڵپەڕە هەواڵییەکانیش بوون کە رەوشی دەوڵەتەکانیان نیشانددا، بۆ نموونە لە تونس ساڵی 2005 ماڵپەڕی (العربية الأخبارية) لابرا، ساڵی 2006 ماڵپەڕی (المصريون الأخباري) لابرا، هەرچۆن لە تونس ماڵپەڕە ئۆپۆزیسیۆنییەکان لابران، تەنانەت (فەیس بوك) و (یوتیوب)، لە میسریش ماڵپەڕی (الأخوان المسلمون) و هەردوو ماڵپەڕی (حزب العمل) و (جبهة انقاذ مصر) بۆ چەند ساڵێکە لابراون.

وڵاتانی تریش لەوان باشتر نین، سعودیە هەر لە یەکەم رۆژی کارابوونی ئینتەرنێت تیایدا، ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕی شاردوەتەوە، هەروەها ئیمارات و سوریا و سودان، عێراقی سەردەمی (صدام حسین)یش لە خراپترینی ئەو وڵاتانە بووە لە سانسۆر خستنە سەر ئینتەرنێت و چاودێری کردندا.

بەشێوەیەکی گشتی، کردەی لابردنی ماڵپەڕەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا بەناوی ماڵپەڕە رەوشتییە ئابڕووبەرەکانەوە بووە، بەڵام بە پلەی سەرەکیی بۆ لابردنی ماڵپەڕە سیاسییەکان بووە.

### *بەرهەڵستکاران

لە تونس، لەرێی تورەکانی ئینتەرنێتەوە پەلاماری بەرهەڵستکاران دراوە، ئەوان لەرێی چاودێریی حسابی هاووڵاتیان لە ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر هێڵی راستەوخۆدا، بە رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئینتەرنێتدا، چاودێریی ئیمەیلەکانیان کردون.

لەمیسر، پارتی نیشتمانیی فەرمانڕەوا ژمارەیەکی زۆر لە لاوانیان دامەزراندوە بۆ کارکردن لەسەر ئینتەرنێت و بەتایبەت (ماڵپەڕی فەیس بوك)، بۆ شیرین کردنی دەسەڵات لەلایان و ناشرین کردنی وێنەی ئۆپۆزیسیۆن لەبەرچاویان، ئەو هەڵمەتە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە توندی رەتکرایەوە و بزاڤی (6ی ئەپریل) پەردەی لەسەر هەڵماڵین.

### *رێکەوتنی نهێنیی کۆمپانیاکانی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی لەگەڵ دەسەڵاتدا

ئەوەی لە 1/28دا لەمیسر روویدا، لە هیچ ولاتێکی تر لەوەوبەر رووینەداوە، لە سەعات یانزەی شەودا پەیوەندیی ئینتەرنێتی بەسەرجەم پارێزگاکانەوە پچڕێنرا، ئەویش بە مەبەستی ئیفلیج کردنی جوولەی خۆنیشاندەران و نەهێشتنی رێکخستن لە نێوانیاندا، هەروەها بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو خۆنیشاندانە گەورەیەی کە رۆژی (هەینی) روویدا، ئەمانە بە هاوکاریی کۆمپانیاکانی سەربە رژێمەکە ئەنجام دران، ئەمەش ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-مان بیردەخاتەوە کاتێك هەوالگری داوای لە کتێبخانەکان کرد زانیاریی تایبەت بە سوودمەندان و ئەو کتێبانەی دەیخوازن و دەیخوێننەوە، بەرزبکەنەوە، بەلام ئەم داوایە بە رەهایی رەتکرایەوەو تەنانەت کۆمەلەی کتێبخانە ئەمریکییەکان بەوپەڕی تواناوە بەرەنگاری بووەوە.





دەوترا گەورە کۆمپانیای ( TE DATA)ی فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی لە میسردا سەر بە هەوالگریی ولاتەکەیە، بەدڵنیاییەوە ئەو کۆمپانیایە چاودێری ئەو ماڵپەڕە لابراوانەی دەکرد.

دواتر کۆمپانیا میسرییەکان ئاشکرایان کردوە کە دەسەلات کۆنترۆڵی تەواوی زانیارییەکانی کردبوو، چاودێربوون بەسەر هەر کەسێکەوە هەوڵی کردنەوەی ماڵپەڕە لابراوەکان بدات، ئەمەش پێچەوانەی مۆراڵی کاری سەربەخۆی کۆمپانیاکانە.

## دوا وتە

هەمیشە وڵاتان لەرێی سەرچاوە سروشتییەکانیانەوە ژیانی سەرفرازانە بۆ هاووڵاتیانیان دەڕەخسێنن، وەکو وڵاتانی کەنداو، بەڵام بایەخ بە هێنانەدیی دیموکراسیەت نادەن، تونس و میسر و سەرجەم وڵاتانی عەرەبی پێویستیان بە پراکتیزەکردنی دیموکراسییەتە، تاوەکو لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا گەشەبکەن، نەوەك تەنیا لە بواری تەکنەلۆجیای زانیارییەکاندا.

## سەرچاوە:

**البوابة العربية للمكتبات والمعلومات، نووسینی محمود خلیفة (ماستەر لەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکاندا، قاهیرة).**

# بەرەو ڕێسایەکی مۆراڵیی پیشەیی

# لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا

هەرچەندە بەرهەمە هزرییەکان تا رادەیەکی زۆر مۆراڵ(رەوشت)و بەها پیشەییەکانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکانی گرتووەتەوە، بەڵام هێشتا شتی دیکە ماون دەستیان بۆ ببرێت.

جاران توێژینەوەکان باسیان لە دەستپاکی و راستگۆیی و وردبیان دەکرد لەکاردا، بەڵام بەهای دیکە هەبوون بایەخیان پێ نەدەدرا، وەکو هاوکاری و گورجوگۆڵی و هێمنی و لەخۆبردوویی و رێزگرتنی کات، تەنانەت سەرجەم توێژینەوەکان نەدەچوون بەلای مۆراڵی هەڵسوکەوتی پسپۆڕی زانیارییەکان لەگەڵ توێژی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا.

جاران توێژینەوەکان باسیان لە دەستپاکی و راستگۆیی و وردبیان دەکرد لەکاردا، بەڵام بەهای دیکە هەبوون بایەخیان پێ نەدەدرا، وەکو هاوکاری و گورجوگۆڵی و هێمنی و لەخۆبردوویی و رێزگرتنی کات، تەنانەت سەرجەم توێژینەوەکان نەدەچوون بەلای مۆراڵی هەڵسوکەوتی پسپۆڕی زانیارییەکان لەگەڵ توێژی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا.





هەرچۆن تێکەڵییەك هەبوو لەنێوان خزمەتگوزارییە کتێبخانەییە سەرەکییەکان و ئەو بەهایانەی کە دەبێ لای پسپۆڕانی بوارەکە هەبن. هەربۆیە دارشتنی مۆراکی دیکە هاتنە ئارا، وەکو وەڵامدانەوەی سۆراغ و پرسیارەکان کە یەکێکە لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی هەر کتێبخانەیەك، چونکە بەهای مۆراڵی فەرامۆش نەکردنی هەر پرسیارێك لەگەڵ وەڵامی دەستبەجێ بۆیان.

دوای سەرنجدانی زۆر لە بەها مۆراڵییەکان، کە بەتەنیا پیشەی کتێبخانەکان ناگرنەوە، بەڵکو دەگەنەوە بە ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای زانیارییەکانیش، دەبینین پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان پسپۆری کتێبخانەکان و کۆمەڵگای زانیارییەکان لەپشتی پەردەی ئەلیکترۆنییەوە لەژێر ناوی(کتێبخانەی ژمارەیی)دا دەرکەوتووە، کەواتە ئاخۆ رەوشی پسپۆڕی کتێبخانە لەسایەی دەرکەوتنی کتێبخانەی ژمارەیی، یان ئەلیکترۆنیدا چۆنە؟

پاشانیش ئاخۆ لەو رەوشەدا پێویستی بە بنەمای مۆراڵی دەبێت؟

دیارە ئێمە تاوەکو ئێستا بەروونی چارەنووسی ئەمینداری کتێبخانە لەژێر سایەی کۆمەڵگای گریمانەییدا نازانین و ناشمانەوێ لێی بدوێین، بەڵام لەوە دڵنیاین کە خزمەتگوزاریی ئەوتۆ هەیە کە پسپۆڕی کتێبخانە ناتوانێ خۆیان لێ وێڵ بکات، وەکو خزمەتگوزاریی وەڵامدانەوەی خێراو راستەوخۆ کە لە پلانی دامەزراندنی کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی جیهانیدا کارا کراوەن لەم خزمەتگوزارییەدا خودی بەرپرس، یان پسپۆر لە شاشەکەوە دەردەکەوێت تا وەڵامی پرسیار بداتەوەو گفتوگۆ بکات و شتەکان شیکاتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە داواکراوەکان.

لێرەدا پەیوەندیی نیمچە راستەوخۆ لەنێوان پسپۆڕی کتێبخانەو زانیارییەکان و سوودمەندناندا درووست دەبێ و ئەوەش پێویستی بە بنەمای مۆراڵی هەیە بۆ بەرێوەچوونی ئەو پەیوەندییە.

هەربۆیە پێویستمان بەنوێ بوونەوەی بەردەوام هەیە تا فریای ئەم سەردەمە تیژرەوە بکەوین، چەندە بوارەکەش گەشە بکات ئەوەندەش بنەماو دیسپلینە پیشەیی و مۆراڵییەکان پێویستیان بەتازەبوونەوە هەیە.

دەتوانین هەندێك لە کێشەی کتێبخانەکان بخەینە روو کە جۆرە ئاژاوەیەکی نێو دیوارەکانی ئەو دامەزراوەیەن، لەوانیش:

1- دەنگی بەرزی کارمەندان.

2-راسپاردنی سوودمەند بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەدا، ئەویش لەبەر تەمەڵی کارمەندە کە سۆراغی سەرچاوەی لەگەڵدا ناکات.

3-دەنگی زەنگی مۆبایلی چەند جارە بووەوە.

4-هەندێك لە کارمەندانی کتێبخانە بەتەنیا وەڵامی کچان دەدەنەوەو پرسیاری کوڕان فەرامۆش دەکەن و بەپێچەوانەشەوە بەهەمان شێوە.

5-دەبینی هەندێ کارمەندو پسپۆڕی کتێبخانە سەرقاڵی یارییە ئەلیکترۆنییەکانەو خوێنەریش بۆ ماوەی 15 خولەکێك دەگەڕێ و بێ ئەنجامە، هەر کە پرسیاریش بکات تەنیا وەڵامێك دەبیستێت"جارێکی تر بگەڕێ بۆی، دەیدۆزیتەوە"!

6-گوێگرتن لە گۆرانی و موزیك لە بەشەکانی کتێبخانەدا کاریگەرییان لەسەرکەشی گشتی دەبێت، ئەگەر بەدەنگی نزمیش لێ بدرێن.



## نموونەی بەڵگەنامەیەکی مۆراڵی پیشەیی بۆ کارمەندانی بوارەکە

بەپێی خاڵەکانی ئەم بەڵگەنامەیە، کە پەیوەستە بەبواری کتێبخانەو زانیارییەکانەوەو ئاڕاستەی سەرجەم کارمەندان دەکرێت، ئەنجامی مۆراڵیی پیشەیی دێتە بەرهەم:

1- تایبەتمەندیی: دەبێ زانیاریی لەسەر هامشۆکەران پارێزراو بێت، ئیتر سەبارەت پێناسەکەی بێت، یان پرسیارەکانی و دەبێ رێز لەتایبەتمەندیی هەر یەکێکیان بگیرێت و لەکاتی مانەوەیان لە کتێبخانەدا یان دەرچوونیاندا زانیاریی دزە نەکات.

2-دەستپاکی: بەرامبەر هەرچییەك لە دامەزراوەکەدا هەبێت.

3-راستگۆیی: بۆ هەر شتێك بەسوودمەندانی بڵێیت، یان هاوڕێکانی کارەکەت، تەنانەت لەگەڵ خۆشتدا.

4-ناوبانگ: پاکێتی لە هەڵسوکەوتدا لەپێناوی ناوبانگی کتێبخانەو پیشەکە.

5-جوانیی: ئەویش جوانیی ناوخۆییە کە لەرۆحی پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەردا رەنگدەداتەوە، زەردەخەنەی سەر لێوان و رێکپۆشی بەجۆرێك سوودمەند هەست بەجوانیی سەرچاوەکانی کتێبخانەکەش بکات.

6-دادپەروەری و یەکسانی: جیاوازی نەکردن لەنێوان سوودمەندانلدا بەهۆی رەگەزو رەنگ، یان ئایین و ناسنامەیانەوە.

7-رێزگرتن: رێزلێنانی هەمووکەس لە دامەزراوەکەو دەرەوەیدا، چونکە کارمەند هەڵگری دروشمی کتێبخانەکەیەتی، تەنانەت لەگەڵ سەرپێچیکاراندا بەرێزەوەو بەپێی رێنماییەکانی لێپرسینەوە هەڵسوکەوت دەکرێت.



8-کارمەند دەبێ لەدەنگ هەڵبڕین و جوولەدا، تەماشای گاڵتەجاڕانەو هەر هەڵسوکەوتێکی نەگونجاو بەدووربێت کە کەسانی دەوروبەرت بریندار بکەن و ببێتە هۆی درووستبوونی گیانی دوژمنکارانە.

9-کەرامەتی پیشە: دەبێ کارمەند بەر لە هەموو کەس کەرامەتی پیشەکەی بپارێزێت، دەبێ شانازبێ بە کردەوەو بەرهەمەکانی و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە، دەبێ هەوڵبدات بۆ بەرز راگرتنی پیشەکەی لە کۆمەڵگادا.

10- دیاریکردنی زنجیرەی کارەکان، یەکەم و سەرەتاکان لەپیشەوەو بەپێی گرنگییان.

11- ڕێزگرتن لە ئازادیی تاکە کەسی سوودمەندان، تا هەست بەهیچ جۆرە کۆت و بەندو سانسۆرێك نەکات و ئامۆژگاریی زیاد لەپێویستیش دەبێتە هۆکاری وەڕس بوونیان.

12- دەبێ بەڕێوەبەران چاودێریی بەڕێوەچوونی سەرجەم ئەرکی کارمەندان و پرۆسە هونەرییەکان بکات.



13- پاراستنی مافی نووسەرو ڕێگادان بە لەبەرگرتنەوەی سەرچاوەکان بەپێی یاساکانی کتێبخانەو بنەماکانی پاراستنی مافی دانان و بڵاوکردنەوە.

14- سەرنجدان: لەوەڵامی سۆراغی هامشۆکەران و دیاری کردنی وادەی کارو لەبەردەستدا بوونی سەرچاوەی دیاریکراوو خستنەڕووی سەرچاوە ژێدەرییەکان و سەرجەم کاروباری دامەزراوەکەوە.

15- نەشاردنەوەی سەرچاوە: خستنە بەردەستی سەرچاوەکان بەپێی داوای سوودمەندان.

16- پەیوەندیی پیشەیی: پاراستنی پەیوەندیی لەگەڵ برادەرانی کار و بڵاوکەرەوەکان، بەمەرجێ پەیوەندییە شەخسییەکان لەگەڵ پێداویستییەکانی کارو فەرماندا تێکەڵ نەکرێن.

17- بەریەك نەکەوتنی بەرپرسیاریی و سوودی کەسی: بەشێوەیەك بەرژەوەندیی دامەزراوەکە بخرێتە پێش بەرژەوەندییە شەخسییەکانی کارمەندەوە.

18- پێشکەش کردنی ئەوپەڕی خزمەتگوزاریی بەپێی توانا.

19- گەشەپێدان: پشتگیریی لە گەشەپێدانی گروپەکان، بۆ سیستمە میکانیکییەکان و بۆ سیاسەتی دامەزراوەکەو پیشەکەو گەشەکردنی کارمەندانی.

20- بەتوانایی: دانانی کەسانی لێوەشاوەو توانا لەجێی خۆیان بۆ گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارییەکان.

21- خێرایی و دەستوبردی لە گەیاندنی سەرچاوەی زانیارییەکان بۆ سوودمەند، هەروەها ئەنجامدانی کارە هونەرییەکان هەر لەوەرگرتنی سەرچاوەکانەوە لەبڵاوکەرەوەکان تا دەگات بەگەیاندنیان بەدەستی سوودمەند.

22- هاوکاریی لەنێوان کارمەنداناو لەگەڵ کارمەندە نوێیەکان بۆ ناساندنی کارەکانیان و هاوکاریی لەگەڵ سوودمەندان، هەروەها بۆ پەیوەندیی لەگەڵ کتێبخانەکانی ترو ئاڵوگۆڕ لەگەڵیاندا.

23- دیداری باش: بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سووك و گرانی سوودمەندان.

24- لەخۆبردوویی و دوورکەوتنەوە لەهەڵسوکەوتی لووتبەرزانە لەگەڵ هامشۆکەرداو پێویستە زمانی گفتوگۆ ساکار بێت و دووربێ لە زاراوەی تایبەت کە بەتەنیا پسپۆڕان لێیان دەگەن.

25- هەڵسوکەوت لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان: پێشکەش کردنی یارمەتی بۆیان و وەرگرتنی باری سەرنجیان بەهەند لە دەرکردنی بڕیارەکاندا.

26- دەبێ بەڕێوەبەری کتێبخانە بەلای کەمەوە ئەمیندارێك دابنێت کە هەڵسوکەوتی گونجاو بێت لەگەڵ منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا، بەشێوەیەك شارەزا بێت لە ئامێری تایبەت بە نابینایان و زمانی ئاماژە بزانێت.

27- ڕێزگرتن لەکاتی خودی کارمەند و سوودمەندان.

28- پاراستنی ئارامی و هێمنی ناو کتێبخانە.

29- ڕێزگرتنی وادەی کارکردن و دوانەخستنی دیدار و کۆبوونەوەکان.

30- کرانەوەو وەرگرتنی پێشنیاز و بیروڕای نوێ.


31- پاراستنی سەرچاوەکان و ڕێزگرتن لە موڵکی گشتی.

32- بایەخدان بە پۆشاك و پۆشینی بەرگی سادە و لەپێنەکردنی پێڵاوی وەرستکەر و بەکارنەهێنانی شتی زیادە کە دەنگیان لێوە بێت.

33- نابێت پێشوازی لە سوودمەند بکرێت و خواردن لەبەردەمی کارمەند دابێت.

34- با سەردانە تایبەتەکانی میوان لەشوێنی تایبەتدا بێت و کارنەکاتە سەر کارمەند و هامشۆکەران.





35- ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەگەڵ هاوڕێیانی کاردا.

36- سوودوەرگرتن لە شارەزایی پسپۆڕان.

37- ڕێزگرتن لە ڕێنمایی و یاساکانی کار.

38- پەیوەست بوون بە دابونەریتی کۆمەڵگاوە.

39- ئامادەبوون لە کۆنفرانس و سیمیناری تایبەت بە ئامانجی دامەزراوی کتێبخانەکان.

40- سوودوەرگرتن لە سەرنجی خەڵکی سەبارەت بەکاری ڕۆژانەی کتێبخانەو بایەخدان پێیان.

41- هاندانی بەهرەمەندان تا بێنە ناو کاری کتێبخانەوە.

42- رەخنە لەخۆگرتنی بابەتییانە لە پیشەکەدا.

43- دەبێ کارگێڕی شارەزا بێت لە کاروبارە کارگێڕییەکاندا.

44- بەرزکردنەوەی راپۆرتی پێویست بۆ سەرووتر.

45- پەیوەندیی باش لەگەڵ بەشەکان و کارمەندان.

46- قووڵ نەکردنەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکان.

47- فریاکەوتنی پێشهاتە کتوپڕەکان.

48- هانی کارمەندان بدرێت سەرنج و پێشنیازیان بخەنەروو.

49- پێشکەش کردنی دەست لەکارکێشانەوە لە کاتێکدا بێ کە کار مەندی ئەلتەرناتیف دابین بکرێن.

50- پەیوەندییە تەلەفونییەکان کورت و بۆ کاتی پێویست بن.

51- گاڵتە نەکردن لە بەرچاوی هامشۆکەراندا.

52- خۆنەسەپاندن و بەشداریی هاوکاران لە بڕیاردا.

53- پەیوەست بوون بە پسپۆڕی و دابەشکردنی کارەوە.





54- لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکان بۆ داهاتوو.

55- کاراکردنی خزمەتگوزاریی و نوێکردنەوەی زانیارییەکان(الأحاگە الجاریە) بەشێوەیەکی بەردەوام.

56- هەمیشە با کارمەند چاوەڕوانی سوپاسنامە و پاداشت نەبێت، بەڵکو بۆ باوەڕی خۆی کارەکانی رایی بکات.

57- با خوێندنەوەی تایبەت لە دەرەوەی کتێبخانە بێت و کاتت هەبێت بۆ خزمەتی سوودمەندان.

58- باش بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

59- پەروەردەکردنی گیانی لەخۆبردوویی.

60- با دیالۆژی کارمەند بەردەوام بێت لەپێناوی داهێنان و بەخششدا.

61- دواجار، دەبێ کارمەندی کتێبخانە پەیوەندییەکانی لەنێو کۆمەڵگا و لەنێو پیشەکەیدا پەیوەندیی نموونەیی بن.

**سەرچاوە:**

**البوابة العربية للمكتبات و المعلومات.**

# خـــــــولاوەكـــــــــان

## (گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوكراوەكان)

ن. دكتور ليلى قطيشات




دەرکەوتنی خولاوەکان کۆن نییە، بەڵکو پانزە سەدە بەدوای دەرکەونی کتێبدا هاتووە. خولاوەکان، یان گۆڤارەکان هەستیارترین ئامرازی گواستنەوەی زانیارییەکانە لەسەرجەم بوارە زانستی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، لەکاتێکدا زانیاریی لە کتێبدا بەهۆی سستی دەرچوونیەوە زیندوویی لە دەستدەدات.

گۆڤارەکان هەروەك جەستەی سەرەکی و بڕبڕەپشتی بەرهەمی هزرین لە بوارەکانی زانست و تەکنەلۆجیادا، بگرە گرنگترین سەرچاوەی زانیارییەکانن، گۆڤار یاخود خولاوە چاپکراوێکە کە خاوەنی ناونیشانی دیارە و بەشێوەیەکی بەردەوام و رێكوپێك لە دەرچوون بەدوای یەکدا، یاخود ناوبەناو بڵاو دەکرێتەوە.

ناوەرۆکی گۆڤار لە رووی بابەتەکانیەوە هەمەجۆرن، هەرچۆن ئاستی هونەریی گۆڤارەکان جیاوازن، هەندێ گۆڤار جەخت دەخاتە سەر توێژینەوە سەرەکییەکان و



هەندێکی تر جەختی لەسەر لایەنی زانستیی وەك (پیشەسازی، پزیشکی، بازرگانی)یە، هەمیشەش پشت بەکەسانی شارەزا دەبەسترێت بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکان بەر لە بڵاوبوونەوەیان.

خولاوە بەو چاپکراوە پێناسە دەکرێت کە لە ماوەی زەمەنیدا بڵاودەبێتەوە، هەمیشەش پێویست نییە ئەو ماوە زەمەنییانە رێکوپێك و لە یەك وادەدا بن، هەر ژمارەیەی ژمارەی یەك بەدوای یەکیان دەخرێنە سەر، هەمیشەش ژمارەکانیان لەگەڵ مێژووی دەرکردنیاندا دیاری دەکرێن، هەرچۆن پێشبینی وادەی راگرتنیان لە دەرچوون ناکرێت(1).

بیرنارد، بەمجۆرە پێناسەی کردوە"جۆرێکە لە زنجیرەکان و جیاوازن لە هەمەچەشنی ناوەرۆکیان و جیاوازیی نووسەرانیاندا، ئیتر لەیەك ژمارەدا بێت، یان لە ژمارە یەك بەدوای یەکەکاندا بێت"(2).

بێجگە لە رۆژنامە گشتییەکان و هەندێکی تر لە خولاوەکان، ژمارەی خولاوەکان دیاری دەکرێن و ژمارەبەندییان بۆ دەکرێت، بەو پێیەی دەبنە چەند بەرگێك لە ماوەی دیاریکراودا.

ئینسایکلۆپیدیای زانستی کتێبخانەو دۆکیۆمێنت و زانیارییەکان پێناسەی خولاوە بەو چاپکراوە دەکەن کە لە ماوەی دیاریکراودا و بەژمارەی یەك لە دوای یەك دەربکرێن و تیایدا بەرهەمی گەلێك نووسەر لە بابەتی جۆراوجۆر بڵاودەکرێتەوە(3).

بەڵام یۆنسکۆ پێناسەی کردوە بەو چاپکراوەی لە ماوەی رێکخراو، یان نارێکخراودا دەردەکرێت و یەك ناونیشانی دەبێت بۆ سەرجەم ژمارەکانی، کۆمەڵێك نووسەر بەشدار دەبن لە نووسینەکانیدا و مەبەست لێی دەرکردنێتی بەشێوەیەکی بێ کۆتایی (4).

بەپێی ئەو پێناسانە، خولاوەکان بریتین لە هەموو ئەو چاپکراوانە کە بەشێوەیەکی خولاوەیی و لە ماوەی رێكوپێکی خۆیاندا، یان بەپێچەوانەوە بۆ ماوەی نادیار و بەژمارە و بەرگی یەك لە دوای یەك دەردەکرێن و یەك ناونیشان هەڵدەگرن، هەر

دانەیەی ژمارە و مێژوویەك هەڵدەگرێ و بەبابەت و وتاری جۆراوجۆری ژمارەیەك لە نووسەران پڕ دەکرێنەوە، خولاوەکان بریتین لە رۆژنامەو گۆڤار و رێبەر و کورتکراوەی خولاوەیی و راپۆرتی خولاوەییو..تاد.

## خەسڵەتی خولاوەکان

1-ناونیشانی دیار.
2-ژمارەی زنجیرەیی.
3-بەردەوامیی بلاوکردنەوەی (5).

## جۆری خولاوەکان

بیروڕای نووسەر و توێژەران سەبارەت دابەشکردنی خولاوەکان جیاوازن، هەیانە بەپێی بوارە بابەتییەکان دابەشیان دەکەن، هەندێکیش بەپێی لایەنی بلاوکەرەوە، بەلام هەندێکی تر بەپێی ماوەی دەرکردنیان و ..تاد.



## خولاوەکان بەپێی بابەتەکانیان

1-خولاوەگشتییەکان: بایەخ بەبلاوکردنەوەی وتار و هەواڵی هەمەڕەنگ و بابەتی رۆشنبیریی دەدەن، بەجۆرێك توێژی جیاوازی ناو کۆمەڵگا قایل بکەن.

2-خولاوە تایبەتمەندەکان: ئەوانەن کە بایەخ بەبلاوکردنەوەی وتار و هەواڵی تایبەتمەند لەبابەتی دیاریکراودا دەدەن، هەمیشەش ئاڕاستەی گروپی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگا دەکرێن.

خولاوەکان بەپێی بابەتەکانیان بەسەر سێ جۆردا دابەشدەکرێن:
أ-خولاوەکانی زانست و تەکنەلۆجیا.
ب-خولاوەکانی مرۆیی و هونەرەکان.
ج-خولاوەکانی زانستە کۆمەلایەتییەکان(6).

## خولاوەکان بەپێی دەرچوونیان

أ-خولاوە رۆژانەکان: وەك رۆژنامەکان کە بایەخ بەبلاوکردنەوەی هەواڵی رۆژانە و بابەتی نوێ و گەرموگوڕ دەدەن.
ب-خولاوە نیو هەفتەییەکان: کە هەفتەی دوو ژمارەیان لێدەردەکرێت.
ج-خولاوە هەفتەییەکان: هەفتەی جارێك دەردەکرێن.
د-خولاوە نیومانگییەکان: کە مانگی دووجار دەردەکرێن.
هـ-خولاوە مانگانەکان: کە مانگی یەك ژمارەیان لێ دەردەکرێت.
و-خولاوە دوومانگییەکان.
ز-خولاوە وەرزییەکان: کە هەرسێ مانگ جارێك دەردەکرێن.
س-خولاوە نیوساڵییەکان: کە هەر شەش مانگ جارێك دەردەکرێن.
ش-خولاوە ساڵانەکان: یەك جار لە ساڵێکدا دەردەکرێن.

ص-خولاوەی نارێکوپێك لە دەرچوونیاندا.

خولاوەکان بەپێی لایەنی دەرکردنیان

أ-ئەوانەی دامەزراوە زانستییە ئەکادیمییەکان دەریاندەکەن.

ب-ئەوانەی دامەزراوی بازرگانی، پیشەسازیی، کشتوکاڵیو..تاد، دەریاندەکەن.

ج-خولاوەی حکومی.

د-خولاوەی پیشەیی.

ه-ئەوانەی تاکە کەس دەریاندەکەن.

خولاوەکان بەپێی بابەت دابەشدەبن بەسەر خولاوەی تایبەتمەند، یان گشتی، یاخود گشتی و تایبەتمەند لە بابەتێکی دیاریکراودا.

## خەسڵەتی خولاوەکان

خولاوەکان بە بەشێکی سەرەکیی سەرچاوەکانی کتێبخانەی ئەکادیمی و تایبەتمەند دادەنرێن، لەگەڵ پێکهاتەی زۆر لە کتێبە زانستی و تەکنەلۆجییەکان، بەپلەی یەکەم ئەو کتێبخانانە پشدەبەستن بەبابەتی خولاوەکان.

هەرچۆن خولاوەکان بەرادەی لەسەدا پەنجا داخوازیی خوێنەر و توێژەران بەهۆی بابەت و ئاڵوگۆڕی زانیاریی و بڵاوکردنەوەی کۆی زانیارییەکانەوە دێنێتە دی.

هاوکات خولاوەکان بەهۆی نرخی هەرزانتریان لە کتێب و خێرایی بڵاوبوونەوەیان و سوودوەرگرتن لێیان دیسانەوە لە کاتی خۆیدا، بوونەتە سەرچاوەی بەکەڵك و جێگای بڵاوبوونەوەی گەلێك بابەتی ئەوتۆ کە بەئاسانی دەخرێنە بەرچاو و تێگەیشتن لێیان بەگونجاوی دەگاتە ئەنجام. هەروەها:

-زۆریی بابەتی نێو خولاوەکان فاکتەرە بۆ فراوانبوونی ئاسۆی زانیارییەکانی خوێنەر.

-زانیارییەکانیان نوێن و هەنووکەیین و بەدواداچوونی گەشەکردنەکانن.



-بیروڕاو روانگەی جیاواز پێشکەشی خوێنەر دەکات بەشێوەیەك هەر بابەتە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ببینێت.

-بابەتی نێو خولاوەکان کورت و چڕوپڕن.

لەگەڵ ئەوانەشداو هەرچەندە کە خولاوەکان جێگەیەکی دیاری هەیە لەنێو سەرچاوەکانی زانیاریدا، بەڵام لایەنی نەرێنیی خۆشیان هەیە، وەکو:

1-دواکەوتنی بڵاوبوونەوە:

هەندێ لە نووسەر و دانەرەکان ترسی دواکەوتنی وتارەکانیان هەیە لە خولاوەکاندا، رێکدەکەوێت ساڵێکی تەواو بابەتیان دوا دەکەوێت، ئەویش لەبەر دوو هۆیە:

أ- زۆریی بابەتەکە بۆ خولاوەی دیاریکراو و نێردراون.

ب- دواکەوتنی چاپی خولاوەکەیە.

2- دووردرێژیی بابەت کە دەنێردرێن بۆ خولاوەی تایبەتمەند:

کە خولاوەکە ناچار دەبن هەندێ زانیاری لە بابەتەکە بقرتێنن، یان سنووردانان بۆ ئازادیی نووسەر لە گوزارشت و دەربڕیندا.

3- بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوە:

هەمیشە خولاوەکان وتار و توێژینەوەکان کە دەنێردرێن بۆ بڵاوکردنەوە هەڵدەسەنگێنن، ئەویش بەهۆی کەسانی شارەزاو سەربەخۆ لە بڕیاردا بۆ بڵاوکردنەوەیان، یاخود لابردنی بۆچوونی نەگونجاو کە کار بکەنە سەر ئاستی خولاوەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی نانەوەی گرفت و درووستبوونی ناکۆکی لەنێوان نووسەران و هەڵسەنگێنەران و ئاراستەکردنی تۆمەت بەرامبەر یەکتر، کە ئەوانەش دەبنە هۆکاری دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی بابەتەکان.

4-گرانی نرخی بەشداریکردن لە خولاوەکان:

هەروەها تێچووی زۆری جزوبەند کردنیان.

## ڕێبەری خولاوەکان

لەبەر زۆریی ژمارەی خولاوەکان لە جیهاندا، وا پێویست دەکات کۆبکرێنەوەو ڕێبەری تایبەت بەخۆیان بۆ ڕێکبخرێت، تاوەکو زانیاریی بخرێتە بەردەست خوێنەر بەناونیشانی خولاوەکان و شوێن و کاتی دەرچوونیان و پسپۆڕی و تایبەتمەندییان و ئەو لایەنانەی دەریاندەکەن، لەگەڵ نرخی بەشداریکردن تیایاندا.

نموونەی ئەو ڕێبەرانەش:

* ڕێبەری خولاوە ئەردەنییەکان 1982: کە تایبەتە بە خولاوە و ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەو لە لایەن کۆمەڵەی کتێبخانەو زانیارییەکانی ئەردەنەوە ئامادەکراوە.

* ڕێبەری خولاوەکانی کەنداو 1988: کە تایبەتە بە خولاوەکانی کەنداوی عەرەبی و لەلایەن نووسینگەی پەروەردەی عەرەبیی وڵاتانی کەنداوەوە ئامادەکراوەو 784 خولاوەی لەخۆگرتووە.

* خولاوە عەرەبییەکان 1988: ڕێبەری گشتیی ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکانەو لەلایەن (ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانست)ەوە ئامادەکراوەو 842 خولاوەی گرتووەتەخۆ.

* Ulrich,s International Periodical:

ئەم ڕێبەرە هەموو خولاوەکانی وڵاتە جیاوازەکانی جیهان لەخۆدەگرێ و بەپێی ڕیزبەندیی هیجایی ڕێکخراوەو تیایدا زانیاریی سەبارەت ناونیشانی خولاوە، لایەنی دەرکردنی، مێژووی بڵاوبوونەوەی و ماوەی نێوان بڵاوبوونەوە، نرخ، دەستەی نووسەران، بڵاوکەرەوە، لەگەڵ لیستی ئەو خولاوانەی لە دەرچوون ڕاگیراون، هەروەها خزمەتگوزارییە ڕێبەرییەکان و کورتکردنەوەکان، ئەم ڕێبەرە لە فۆرمی جیاوازدان، وەکو مایکرۆفیش و CD-ROM لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا و لە هێڵی ڕاستەوخۆی DIALOG, BRS دەبینرێت و 115هەزار خولاوەی تیادایە.

5-Standard Periodical Directory:



ئەم ڕێبەرە بریتییە لە سەرجەم خولاوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و بەپێی بابەت ڕێکخراون، لەگەڵ ئیندێکسی هیجایی بۆیان و کۆی 68520خولاوەی تیادایە.

## چۆنێتی وەدەستخستنی خولاوەکان

1-بەشداریکردن: دەبێت بەشداریکردن لە خولاوەکاندا بڕی دوو لەسەر سێی بودجەی کتێبخانەی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە هۆکاری سەرەکییە بۆ وەدەستخستنی خولاوەکان، دەتوانرێت بەشداریکردنیش لەم دوو ڕێگایەوە بکرێت:

أ-لەڕێی بڵاوکەرەوەوە بەراستەوخۆیی.

ب-لەڕێی هاوردەکاران و دابەشکارانەوە.

2-بەهۆی دیاری و ئاڵوگۆڕەوە.

3-بەهۆی ژمارەی سپاردن بەخشینەوە.

## پەراوێزەکان:

1-حشمت قاسم، مصادر المعلومات و تنميه مقتنيات المكتبات، گ4، القاهره، مكتبه غريب، 1993.

2-Barnard, Scientific Periodical 5, London, 1997.

3-عبدالوهاب شرف الدين، المعجم الموسوعى لعلوم المكتبات و التوپيق و المعلومات، ص/18.

4-عمر الهمشهرى، المرجع فى علم المكتبات، 1997، ص/9.

5-Rang Nathan, SR, Documentation & Its facts, 1963.


6-پەراوێزی ژمارە یەك ، ص/112.

## سەرچاوە:

**د. ليلى قطيشات، مصادر المعلومات، عمان، جمعية المكتبات و المعلومات الأردنية،2008.**

## بۆچی خەڵکی کتێب دەدزن؟

**ن. فایننشال تایمز**



ئەم مەسەلەیە پەیوەندی نییە بە دزینی کتێبی قوتابخانەوە کە قوتابیان سوودی لێ وەرگرن، بەڵکو حاڵەتەکانی دزینی بە بەرنامەیە، زۆربەی جاریش جۆرە سەرچڵییەکە بۆ وەدەستهێنانی کتێبی دەگمەن و جوان.

لەسەرەتای ساڵی رابردوودا پیاوێکی بازرگان و کۆکەرەوەی کتێب بەناوی (فەرهاد حەکیم زادە) بڕیاری دوو ساڵ زیندانیی بەسەردا درا بەرامبەر لێکردنەوەو دزینی چەندین پەڕە لە کتێبە دەگمەنەکانی کتێبخانەی لەندەن و بۆدلین بۆ ماوەی حەوت ساڵ زیاتر، ئەو پیاوە 60 ساڵە وتوویەتی پەڕەی لەو کتێبانە کردوەتەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەیەم و باس لە پەیوەندیی نێوان ئەوروپاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، ئەوەشی کردوە بۆ دەوڵەمەندتر کردنی سەرچاوە تایبەتەکانی نێو کتێبخانەکەی، ئەوەی بەسەردا سەلماوە کە دزییەکانی لەپێناوی



بەرزکردنەوەی بەهای کتێبەکانی خۆی بووە کە لەوکاتەدا خاوەنیان بووە، کە دەیتوانی بیانفرۆشێت، یەکێك لە پەڕە دزراوەکان بریتی بووە لە نەخشەیەك کە تەمەنی 500 ساڵ بووەو دەستکردی(هانز هۆلبین) بووە، کە هونەرمەندێکی بیلاتی هێزی حەوتەم بووە، نرخی ئەو نەخشەیە 32 هەزار جونەیهی ئەستەرلینی بووە!

هەرچۆن لە ئابی 2000دا (ستانیسلاس غوس)ی ئەفسەری پێشووی دەریایی و مامۆستای ئەندازە کە تەمەنی 30 ساڵ بووە دەستی گەیشتووە بە کتێبخانەی (دیر مونت سانت- ئودایل)ی دێرینی سەر چیاکانی فوسجینی خۆرهەڵاتی فەڕەنسا، غوس کلیلێکی کتێبخانەکەی دزیوەو لەشەودا چەندین بەرگی لە کتێبەکان بردووە، لە کتێبخانەکەدا هەزاران کتێبی بەنرخ هەبووەو ئەویش کتێبە قورسەکانی بە پایسکیلەکەی گواستوەتەوە بۆ ماڵەکەی، پاشان راڕەوێکی نهێنی پەی پێ بردوەو بەئاسانی گەیشتووەتە ناو کتێبخانەکە.

کاتێ دواجار لە ئایاری 2002دا بە تاوانەکەوە گیراوە، ویستویەتی سێ جانتا ببات کە 300 کتێبیان تیادا بووە، ئیدی دانی بە هەموو شتێکدا ناوەو کە پۆلیس چوونەتە ماڵەکەی هەزارو سەد کتێبی مێژوویی و ئایینی و دەستنووسی رێکخراو، پێرستکراو و چاکراویان دۆزیوەتەوە، ئەو دزە هیچ یەکێك لە کتێبەکانی نەفرۆشتووەتەوە.

دوای ئەو رووداوە بە چەند ساڵێکی کەم، لە کتێبخانەی (لەندەنی) لە ویستنتەر دزێکی بەناوبانگی تر گیراوە، ئەویش (ویلیام جاکس)ی ناسراو بە دیڤید فیتشەر بووە کە بە (چەتەی کتێبەکان) ناویشی دەبرێت و دواتر رۆژنامەکان ناویان ناوە بە (سەرگەورەی خۆگۆڕەکان)، ئەو بەچاکەتێکی فەرووی کڵاوەدارەوە (کە هەر لەدز چووە پێیەوە) بۆ ماوەی پێنج ساڵ کتێبی لەو کتێبخانەیە دزیوەو هاوکات دزیشی لەکتێبخانەکانی لەندەن و کتێبخانەی زانکۆی کامبریج و کتێبخانەی بەریتانی دزیوەو کۆی دزراوەکان بایی زیاد لە یەك ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی بووە، لەناویاندا بەرهەمەکانی گالیلۆو نیوتن بوون لەگەڵ نوسخەی ئەسڵیی کتێبەکەی مالیۆس کە ساڵی 1798 بەناوی (وتارێك سەبارەت چڕیی دانیشتووان)ەوە نووسیویەتی و بایی 40 هەزار جونەیهی ئەستەرلینی بووە.

دەگێڕنەوە(حەکیم زادە) لە دادگا داکۆکی لەخۆی کردوەو وتوویەتی "من شەوی زاوایەتیشم هەر خەریکی خاوێن کردنەوەی کتێبە ئازیزەکانم بووم" بەڵام (غوس) گوزارشت لە خۆشەویستیی

خۆی بۆ کتێب کردوەو وتوویەتی"وامدەزانی کتێبەکان کۆچ دەکەن" ئەمیان حوکمی بەسەردا دراوە لەگەڵ راگرتنی حوکمەکەیدا، لەگەڵ سزای حەڤدە هەزار جونەی و رێگاشی پێدراوە بچێتەوە سەر کارەکەی کە مامۆستایی بووە، هەرچۆن سەرۆکی قەشەکان لێی خۆشبووەو داوای کردوە بۆی هەبێت سەربکاتەوە بەکتێبخانەکاندا، بەڵام بەمەرجێ لەژێر چاودێریدا بێت.



کتێبخانەی نیشتمانیی بەریتانیا

## قۆناغەکانی پلاندانان بۆ دزینی کتێب

مارتن غیل، کە یەکێك لە کۆمپانیا راوێژکارییەکان دەبات بەڕێوە، قسەی بۆ خاوەن کتێبخانەکان کردوەو وتوویەتی "ئەگەر وەکو دزێك بیربکەیتەوە، دەتوانیت حاڵەتەکانی لاوازیی ئاشکرا بکەیت"، ئەو و گروپە هاوکارەکەی بۆ باسکردنی ئەم گرفتە، باسی چۆنێتی پرۆسەی کتێب دزین، یان شاردنەوەی یاخود زیان پێگەیاندنی دەکەن (ئەوان



مەبەستیان لە سامانی کتێبخانە گشتییەکان بووە، بەڵام هەمان مەبەست بەسەر کتێبخانە بازرگانییەکانی فرۆشتنی راستەوخۆی کتێبیشدا دەچەسپێت).

هەر ئەو، بەمجۆرە قۆناغەکانی بیرکردنەوەی کتێب دز کورت دەکاتەوە، ئیتر ئەو دزە نێر بێت یاخود مێ:

### 1- هەڵبژاردنی ئامانج:

هەر کاتێك لەسەرپێچیکارێکی یاسایی دەپرسرێت"بۆچی ئەو ئامانجەت هەڵبژارد؟"، دەڵێت"چونکە ئاسان بوو".

### 2- چوونە ناو ئامانجەوە:


یەکێك لە بەهەند وەرگرتنەگرەکانی (دزان) ئەوەیە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا رانەکێشن، هەروەها سەرنجی پاسەوان و ئەوانەی دەبنە ئەگەری هەڕەشە بۆ سەریان، کارمەندی بەئاگاو پاسەوانان کە پەیوەستن بەچاودێرییەوە گرفتی هەرە گەورەن بۆ دزەکان.

### 3- دیاریکردنی بابەتی هەڵبژێردراو بۆ دزی:

هەندێك جار دز دەزانێت چی دیاری کردوە بۆ دزین، هەربۆیە راستەوخۆ روودەکاتە ئەو شوێنەی کە بابەتی دیاریکراوی لێیە، بۆ ئەو مەبەستەش ئاگاداریی کامێرای چاودێری و ئاسایشی شوێنەکە دەبێت کە ناکرێت فەرامۆشیان بکات، هاوکات کەمترین ماوە دەخاتە بەرچاوی خۆی بۆ بەدیهێنانی نیازو ئامانجەکەی.

### 4- چۆنێتی دزینی کەرەستەکە:

ئەوەش زیرەکی و لێهاتوویی دەوێت، هاوکات بەکارهێنانی تەکنیکی تایبەت بەکاردێنێت بۆ بەدیهێنانی مەرامەکەی، بۆ نموونە دەرهێنانی دۆکیۆمێنتێك لە کتێبخانەکەیدا واتە ماشینەوەی و شاردنەوەی لەژێر جلەکانیدا، یان جانتاکەیدا کە دەشێت شتەکانی تری ناوی لە جێگایەکی نزیکەوە کڕیبێت.



کتێبخانەی زانکۆی کامبریج بەریتانیا

## 5- جێهێشتنی شوێنەکەو دوورکەوتنەوە لێی:

لەو کارانەی کە پێویستە ئەو کەسە بیکات دوورکەوتنەوەیە لە ئاگادارکردنەوەکان و دڵنیابوون لەوەی کەسێك شوێنی ناکەوێت، هەروەها خۆرزگارکردن لە پشکنین لەکاتی چوونە دەرەوەی لە کتێبخانەکەدا، لەتوانای ئەو کەسەدایە لەوەوبەر لەشێوازی چاودێری شوێنەکەو فرسەت هێنان تێبگات.

## 6- خۆڕزگارکردن لە کەرەستە دزراوەکە:

دەشێت لایەنێك عەواڵی کەرەستەی دزراو بێت و بەدوایدا بگەڕێت، هەربۆیە چاودێریی دەخرێتە سەر بازاڕ بۆ پشکنینی ئەو کەرەستانەی کە دەفرۆشرێنەوە، تا بزانرێت ئاخۆ شتی دزراویان تێدایە یان نا، ئەوەش لەوەوبەر ئەنجامی هەبووەو لەو ڕێگایەوە کەرەستەی دزراو دۆزراونەتەوە، هەرچۆن چاودێری ئەو کەرەستانە دەکرێت کە دەبرێنە بازاڕەوە کەوا دزینیان کارێکی ئاسانە.

لێرەدا پەنا دەبەینە بەر کورتە بابەتێکی (مارتن غیل)کە بەناوی (ئاسایشی نێو کتێبخانەکان..بەرەو رووبوونەوەی مەترسییەکان) نووسیویەتی و لە (LiberQuarterly) بەرگی هەژدەیەمی ساڵی 2008دا بڵاوکراوەتەوە:



– هەرگیز شتێك نییە ناوی ڕۆمانسییەت بێت کە پەیوەست بێت بەشێواندن یان دزینی کتێبە بەنرخەکان، ئەوانەی بەهیچ نرخێك پێوانە ناکرێن، کتێبخانەکان بەپێی ڕەوتی مێژوو، کاتێ لەو گێروگرفتانەشیان تیادا قەومابێت هەر ئارام بوون، نەوەك سەرنجی دزی دیکەش بەلای خۆیاندا رابکێشن.. بەڵام ئێستا ناچارن بەئاشکرایی بەرامبەر دیاردەی بەربڵاوی کتێب دزین ببنەوە، (بین ساندرسۆن)ی سەرۆکی بەشی چاپخانە لە کتێبخانەی بەریتانی دەڵێت"دوای کێشەکەی حەکیم زادە واتەواتێکی میدیایی گەورە پەیدابوو، ئەویش کاتێك کتێبخانەی ناوبراو بەناوی-کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی بەر لە حوکمدانی تۆمەتبار حەکیم زادە- ڕۆژنامەنووسانی کۆکردەوەو بەوەش چەندوچوون لەرۆژنامەکاندا کەوتنە بەرچاو، ئەمە لەچەند ساڵێکی کەم لەمەوبەردا خۆمان دەرچووین و پەیامێکی بەهێزمان راگەیاند کە چیدی بەرامبەر ئەم جۆرە کارانە دان بەخۆماندا ناگرین و شوێن ئەو دزانە دەکەوین، هەرکێیەك بن".



فەرهاد حەکیم زادە

هەروەها وتوویەتی" هەرچۆن کتێبخانەی بەریتانی ساڵی رابردوو کۆنگرەیەکی سەبارەت پاراستنی ئاسایشی کتێبخانەکان بۆ یەکێتی کتێبخانە ئەوروپییەکان بەست و تیایدا جەخت کرایە سەر پاراستنی سامانی کتێبخانەکان و تیایدا قسەکەرانی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی و بیبلیوتیك نیسیونای فەڕەنسیی لە ئەزموونی خۆیان دوان لەو بارەیەوە".

ئەوە تەنیا کۆنگرەیەك بوو تایبەت بەو پرسە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەردەوام جەختی لەسەر بووەو پاراستنی ئاسایشی کتێبخانەو مۆزەخانەکان بووەتە خواستێکی گشتیی.

لەگەڵ ئەوانەشدا، تا ئێستا تۆڕێکی ئاسایشی جیهانیی بۆ کتێبخانەکان نییە، بەڵام رووداوەکەی (حەکیم زادە) پەیامێك بوو بۆ وریابوونەوە، هەر ئەو کەسە ساڵی 1998 تۆمەتباربوو بەدزینی 94 سەرچاوە لە کۆمەڵەی شاهانە، کە کتێبخانەیەکی بەریتانیی دیکەیە، ئەو کێشەیە لە دەرەوەی دادگا چارەسەر کراوە، بەڵام رێگای پێ نەدراوە جارێکی تر سەربکاتەوە بەو کتێبخانەیەدا.

بەر لە دوو ساڵ (جودیت بامز) وەك سەرۆکی ئاسایشی کتێبخانەی بەریتانی دەستبەکاربووە، ئەو دەڵێت"هەندێ سەرچاوە کە حەکیم زادە دزیونی سەبارەت (سێر جۆزیف بانکز)ی زانای بەناوبانگی سروشتیی سەدەی هەژدەیەم بوون کە یاوەری (کۆك) بووە لە گەشتە دەریاییەکەیدا بۆ ئوسترالیا، کە ئەوەش بەشێکە لەمێژووی بەریتانیا، ئەو کتێبە بەر هەڵوەشان و لێکردنەوەی لاپەڕەکانی کەوتووە... ئێمە نامانەوێت ئەم رەوشە لەنێوماندا بەردەوام بێت، چونکە خەڵکی پێویستیان بە سوودوەرگرتنە لەسەرچاوەکانی کتێبخانە، بە هەموو جۆرەکانیانەوە".

بەڵام راستییەك هەیە وەك کەلێنێك کەوتووەتە نێو کتێبخانەکانەوە، ئەویش قورسیی چاودێریی کتێب دزانە، رەقیبی پۆلیس (فیمۆن رابلی) کە 23 ساڵ خزمەتی لەبوارەکەیدا هەیەو سەرۆکی یەکەی هونەرو ئاسەوارەکانی پۆلیسی ئەنتەرپولە لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا، ئەو خۆی و تیمەکەی توانیویانە بایی حەوت ملیۆن جونەی لە کەرەستەی هونەری و ئاسەواری گرنگ وەدەست بهێننەوە کە لەناویاندا کتێبیش هەبوون، ئەمە ساڵانە روودەدات، هەرچۆن شتیان چنگ کەوتووە کە لە عێراق براون، رابلی دەڵێت"زەحمەتە بزانرێت بڕی دزینی کتێب چەندە، چونکە زۆرجار لاپەڕەیان لێدەکرێتەوە تا چەند ساڵێك بەوە نازانرێت".

بەڵام تۆڕی پاراستنی کتێبخانەکان کە رێکخراوێکی هۆڵەندیی خۆبەخشەو لەو بوارەدا کار دەکات رایگەیاندوە لەسەدا 2-5ی کتێبە دزراوەکان دەدۆزرێنەوە، بە بەراورد لەگەڵ تابلۆ دزراوەکاندا کە نیوەیان پەیدا دەکرێنەوە.

رابلی لە قسەیەکی تریدا دەڵێت"زەحمەتە نرخی کتێبە دزراوەکان دیاری بکرێت، چونکە کە دەفرۆشرێنەوە نرخەکانیان نزیکە لەنرخی فرۆشتنیان لە بازاڕدا، نەك لەنرخی بازاڕی



رەش"، دزەکانیش لەوە دڵنیان کە لاپەڕە دزراوەکان کە بەتاك لە کتێب دەکرێنەوەو دوای وێنەگرتنەوەیان دەفرۆشرێنەوە، دزینیان ئاسانترەو لەخودی کتێبەکان باشترە بۆیان.

زۆر لە دزەکان لاپەڕەکان بەگوێزان دەبڕن و لەجلەکانیاندا دەیانشارنەوە، باشترین شوێنیش بۆ مەرامەکانیان تاخچنە بەرزەکان و جێگاکانی هەڵگرتنی چاپکراوەکانە، لەگەڵ ئاودەستی نێو هۆڵەکانی خوێندنەوە.

خوێنەرە دەستپاکەکان دەبینن لەم چەند ساڵەی دواییدا چالاکیی ئاسایش روو لەزیادبوونە، هەروەها بەکارهێنانی تۆڕەکانی کامێرای شاراوەی چاودێری زیادیان کردوە، هەرچۆن چاودێریی هۆڵەکانی خوێندنەوە دەکرێت و لەپێناسەی هامشۆکەران سەرنج دەدەن و لە هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەیاندا، جانتای دەستی هامشۆکەران دەپشکندرێت.

بەهەرحاڵ، لای پیشەمەندانی پسپۆر لە ئاسایشدا وەکو (روبرت وایتمان) کتێبخانەکان پێویستە لەسەریان چاو بخەنە سەر هۆڵی کتێبە دەگمەنەکانیان، هەرچۆن (سمایلی)ی دزی نەخشە بەناوبانگەکان لەم ساڵانەدا ئاشکرابوو، ئەویش ئەوکاتەی چەقۆیەکی کانزایی لە کتێبخانەی پیل لێ کەوتە خوارەوەو کارمەندێك بەوەی زانی و دەستگیرکرا.

**سەرنج:**

**ئەم بابەتە لە (فایننشال تایمز)ەوە لەلایەن (عادل العامل) کراوە بە عەرەبی و بە کەمێك کورتکردنەوەوە لە(المدی)ی 2010/5/9-وە کراوەتە کوردی.**

# خزمەتگوزاریی خواستنی

# سەرچاوەکانی زانیاریی

ن: ربحي مصطفى عليان

خواستن، واته داخوازیی وەرگرتنی شتێك بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، كاتێك خوێنەر دەیەوێت كتێبێك بخوازێت دەبێ خوارەوەی ئەنكێتەكە ئیمزا بكات.

لای پسپۆڕانی عەرەب، لەچوار دەیەی رابردوودا وشەی(خواستن) بۆ یەكێك لە ئەركە گرنگەكانی كتێبخانەی نوێ بەكارهێنراوە، ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەرچاوەكانی زانیارییە تا لە دەرەوەی كتێبخانە بەكاربێت.

خواستن دەكرێت بە دوو بەشەوە، خواستنی دەرەكی بۆ ئەو سەرچاوانەی كە دەبرێنە دەرەوەی كتێبخانە، خواستنی ناوخۆییش واتە بۆ ناو كتێبخانەو بۆ ئەو سەرچاوانەن كە نابرێنە دەرەوە، وەكو دەستنووس و وێنەو دۆكیۆمێنت و چاپكراوە فەرمییەكان.

بێجگە لە زاراوەی خواستن، چەند زاراوەیەكی دیكەش هەن كە پەیوەستن بە خزمەتگوزاریی خواستنەوە، لەوانەش:

### 1- بەشی خواستن:

ئەو بەشەیە كەوا كاروبارە تایبەتەكانی خواستنی سەرچاوەكانی زانیاریی بۆ سوودمەندان تیادا ئەنجام دەدرێت.

### 2- خزمەتگوزاریی خواستن:

سەرجەم چالاكییەكانی پەیوەست بە خواستنی سەرچاوەكانی زانیاریی، یان كۆتایی هێنان بەو خواستنە دوای هێنانەوەیان بۆ كتێبخانە" دەگەیێنێت. هەروەها خواستنی سەرچاوە تایبەت و دەستبەسەردا گیراوەكان، چاودێریی كتێبە دواخراوەكان لەهێنانەوەیاندا، ئامادەكردنی ئاماری رۆژانەو مانگانە.

### 3- ئامارەكانی خواستن:

بریتییە لەتۆمارەكانی سەرچاوە خوازراوەكان و سەرچاوە گەڕاوەكان(هێنراوەكان) تیایدا ماوەی زەمەنیی خواستنەكان دیارو شیدەكرێنەوە، لەگەڵ بابەتی سەرچاوە خوازراوەكان و جۆری سوودمەندەكانو..تاد.



### 4- سیستمەكانی خواستن:

مەبەست لەو تۆمارو كارانەیە كەوا پرۆسەی خواستن و رێكخستنی جووڵەی كتێبی نێو كتێبخانەیەكی پێ ئەنجام دەدرێت.

### 5- كاروبارەكانی خواستن:

شێوازی پەیڕەوكراوە بۆ بەدەستهێنانی سوودمەند لە سەرچاوەی نێو كتێبخانەو پاشانیش گەڕاندنەوەیان بۆ كتێبخانە بەپێی سیستمی خواستنی بڕیار لەسەر دراو.

* لەرووی زاراوەشەوە، دەتوانرێ پێناسەی(خواستن) بكرێت بە:

كۆمەڵێك خزمەتگوزاری و كاروبارن كە كتێبخانە لە ئاقاریانەوە هەل لە بەردەمی سوودمەندا دەڕەخسێنێت.

بۆ بەكارهێنانی سەرچاوە كتێبخانەییەكان لە دەرەوەی كتێبخانەدا، ئەویش بەپێی پرەنسیبی دیاریكراو كە ببنە پارێزگاریكەر لە سەرچاوەكان و گەڕاندنەوەیان لەكاتی خۆیاندا.

***Flexner** پێناسەی خواستنی كردوە بە:

چالاكییەك كە خواستنی خوێنەر دابین دەكات بەو سەرچاوانەی دەیەوێن، ئەویش لەڕێی پەیوەندیی شەخسییەوەو سیستمی تۆماركردنەوە.

خواستن بە یەكێك لە گرنگترین خزمەتگوزارییە گشتییەكانی كتێبخانەو سەنتەرەكانی زانیاریی دادەنرێت و یەكێكە لە ئاماژەكان بۆ كارایی ئەو خزمەتگوزارییەو پەیوەندیی بە كۆمەڵی سوودمەندانەوە، چونكە باشترین پێوانە بۆ بڕیاردان بەسەر سەركەوتوویی كتێبخانەو سەنتەرەكان پلەو ئاستی خواستی سوودمەندانە بۆ سەرچاوەكان و سوودوەرگرتن لێیان، ئیتر لەناو كتێبخانەدا بێت یان لە دەرەوەی، یان لە دوور لە كتێبخانەكانەوە.

بێجگە لەوانە، واتە خواستن لەناو كتێبخانەو دەرەوەیدا، خواستنێكی دیكە هەیە كە ئەویش خواستنی بەرامبەرو ئاڵوگۆڕكردنە لە نێوان كتێبخانەو سەنتەری زانیارییەكاندا، ئەویش بە مەبەستی دابینكردنی ئەو چاپكراوانەی كە لە كتێبخانەیەكی دیاریكراودا نین، دوای خواستنی لە كتێبخانەیەكی تر، وەڵامدانەوەی خواستی خوێنەرەكان.


**خواستن بەپێی شوێنی بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەپێی شوێنەکانیان، دوو جۆر خواستن هەیە:**

### 1- خواستنی ناوخۆیی بۆ سەرچاوەکانی زانیاریی:

ئەم جۆرەی خواستن، ئەنجامی سروشتی بەرنامەی تاخچنی(رەفە)ی کراوەیەو واتە ڕێگا نادرێت بەبردنە دەرەوەی هەندێك لە سەرچاوەکانی کتێبخانە بۆ دەرەوەی، بەڵکو بەتەنیا لەنێو هۆڵە تایبەتەکاندا بەکاردێن، خواستنی ناوخۆییش بە دوو شێوەن:

أ- خواستنی ناوخۆیی کاتی بەرێك و پێکی: کەوا کارمەندی خواستن پێناس و کارتی کتێبەکە لای خۆی دادەنێت بەبێ ئەوەی مۆری لێ بدات، لەوێوە کارمەندەکە دەزانێت چ کەسێك کتێبێکی دیاریکراوی خواستووە بۆ ناو هۆڵەکە، ئەمە لە کتێبخانە ئەکادمییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

ب- خواستنی ناوخۆیی ناڕێكوپێك: لەم حاڵەتەدا خوازیار سەرچاوەی کتێبخانە لەناو کتێبخانەدا بەکاردێنێت، بەبێ کردەی تۆمارکردن، یان بەشداریی کارمەندی خواستن لەو کارەدا، لەو کاتەدا سوودمەند هەر خۆی سەرچاوەکە دەخاتەوە نێو رەفەکان، یاخود لەسەر مێزەکانی خوێندنەوە جێیدەهێڵێت.





### 2- خواستنی دەرەکیی سەرچاوەکانی زانیاریی:

ئەوە مافێکی خوێنەرە، بەڵام لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك هەلومەرجدا بۆ هەندێك لە هامشۆکەرانی کە دەتوانن زیاتر سەرچاوە بۆ دەرەوەی کتێبخانە بخوازن، ئەوانیش مامۆستاو توێژەران لە کتێبخانە ئەکادیمییەکان و لەو کاتانەدا سەرچاوە نابرێتە دەرەوە تا تۆمار نەکرێن و ماوەی خواستنەکەشی دیاریی نەکرێت، ئەم جۆرەی خواستن کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکیی کاریگەریی لەسەری دەبێت، وەکو:

أ- ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵەی سوودمەندان لە کتێبخانە.

ب- ژمارەی کارمەندانی بەشی خواستن.

ج- قەوارەی کۆمەڵە چاپکراوەکانی نێو کتێبخانە.

## شێوازەکانی خواستن بەپێی تاخچن (رەفەکانەوە)

### یەکەم: سیستمی رەفەی کراوە:

ئەم سیستمە ڕێگا دەدات بەسەرجەم سوودمەندان کە بچنە ناو کتێبخانەوەو بەناو دۆڵاب و رەفەکاندا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی هەر سەرچاوەیەکی کتێبخانە کە بیانەوێت بیخوێننەوە یان بیخوازن، ئەویش دوای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی سەرچاوەکەو سەرنجدانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

ئەمەش پێویستی بەڕاهێنانی هامشۆکەرانی کتێبخانەیە بۆ چۆنێتی گەیشتن بە رەفەکان و دەرهێنانی کتێبەکان و دانانەوەیان بەرێك و پێکی.



هەروەها دەبێت پانتایی پێویست هەبێت لەنێوان رەفەکاندا تا سوودمەند بتوانێت بەناویاندا بەباشی هاتوچۆ بکات.

سوودی ئەم سیستمە لەوەدایە کە ژمارەی پێویست لە کارمەندانی خواستن کەم بکرێنەوە، هەروەها هانی خوێنەر دەدرێت بۆ هامشۆی بەردەوامی کتێبخانە.

لایەنی نەرینیشی ئەوەیە کە هۆڵەکانی خوێندنەوە لەگەڵ رەفەکاندا پێکەوەبن، ئەمە بێجگە لەوەی بە ئەنقەست بێ یان نا کتێب هەندێك جار لەشوێنی خۆیاندا دانانرێنەوە، هەرچۆن دەرفەتی دزینی سەرچاوەو لێکردنەوەی لاپەڕەکان زۆرتر دەبێت.

**دووەم: سیستمی رەفەی داخراو:**

هەرگیز رێگا نادرێت بە هامشۆکەری کتێبخانە بچێتە ناو رەفەکانەوەو پیایاندا بگەڕێت، یان لەناویاندا بخوێنێتەوە، بەڵکو لە ئەنکێتی تایبەتدا زانیاریی تەواوی بیبلیۆگرافی سەبارەت کتێبەکەو سەبارەت خۆی تۆمار دەکات و دەیداتە کارمەندی پسپۆری خواستن، کە لای خۆیەوە بەشوێن کتێبەکەدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوەو دەیداتە داواکەر، ئەم سیستمە خراپی خۆی هەیەو بەمجۆرە:



خوێنەر کاتێکی زۆری دەوێت بۆ گەڕان لەنێو پێڕستەکانداو پڕکردنەوەی ئەنکێتی خواستن.

کە خوێنەر کتێبی مەبەستی دەستنەکەوێت، ناچار ئەوەی وەری گرتووە دەیگێڕێتەوەو بەشوێن سەرچاوەی دیکەدا دەگەڕێت.

ئەم سیستمە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کارمەندانە، چونکە هەموو کارەکە کارمەند دەیکات و خوێنەر چاوەڕوانی دەکات و کاتێکی باشیش دەبات، لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەم سیستمە لایەنی باشیشی هەیە:

شوێنێکی زۆر لە پانتایی نێوان رەفەکان دەگەڕێتەوە، هەرچۆن پێویست ناکات هۆڵەکانی خوێندنەوە لەناو رەفەکاندا بن.

کتێبەکان بەرێك و پێکی لەنێوان رەفەکاندا دادەنرێنەوە چونکە ئەو کارە کارمەندی تایبەت جێبەجێی دەکات.

**د. ربحی مصطفی علیان، خدمات المعلومات، عمان،** 2010.

## لیستی نیویۆرک تامیر

## بۆ بـــــاشـــتریـن کـــتێبی ســـاڵی 2010




لاپەڕە رۆشنبیرییەکانی نێو رۆژنامە بەناوبانگەکان، دەستیانکردووە بە هەڵبژاردنی باشترین کتێبی ساڵی 2010، کە تیایدا سەرجەم بوارەکان خراونەتە روو، ئەوانیش: رۆمان، کورتە چیرۆك، مێژوو، ژیاننامە، زانست، لەگەڵ چاپکراوی تایبەت بۆ منداڵان.

لە ئەمریکاو ئەوروپا رۆژانە دەیان کتێب بڵاودەبنەوە، دوای سەرنجدانی هەڵبژاردنی رۆژنامەکان، دەبینین رۆمانی(ئازادی)ی جۆناسان فرانزن لەپلەی یەکەمی زۆربەی لیستەکانی (باشترین کتێب)دایەو لەلایەن سەرجەم رەخنەگرانەوە گەرمترین پێشوازیی لێکراوە، بێجگە لە رۆمانی ئازادی، لەنێو رۆژنامەکاندا لیستەی (نیویۆرك تایمز)مان هەڵبژاردوە کە(باشترین کتێبی 2010) دیاری دەکەن.

**ئەوانیش بریتین لە:**

**1- چیرۆکەکانی نیویۆرکەر:**

**نووسینی: ئان بیتی**

ئەم کتێبە لە 48 چیرۆك پێکهاتووە لە ساڵانی1974-2006دا لە گۆڤاری(نیویورکەر)ی ئەدەبیدا بڵاوبوونەتەوە، ئەو ژنە نووسەرە لە کورتە چیرۆکەکانیدا باسی لە نەوەی شەستەکان کردوە، هەڵوێست و دەنگیان، خواست و گرفتەکانیان و ژیانی ئابووریان، نووسەر هەموو چیرۆکەکانی بەشێوەیەکی زیرەکانەو زمانێکی رەوان نووسیوە.



**2- ژوور**

**نووسینی: ئیما دۆنگۆ**

بەهۆی شێوازی دارشتنییەوە، ئەم رۆمانە کارێکی ناوازەیە، باسی منداڵێك دەکات کە لەگەڵ دایکیدا لە ژوورێکی 11x11پێیدا دەستبەسەر کراون، خوێنەر رووبەڕووی حاڵەتی تەمومژاویی نێوان لەناوچوون و نەستی پەنگخواردوو دەبێتەوە، گێڕانەوەی بەشێوەیەکی زیندووە، خاتوو ئیما لەرێی رۆمانەکەیەوە گوزارشت لە هێما سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکاتەوە، پێکەوە گوزارشت لە دڵشادی و مەترسیی دەکات، ئەو جووتە هەستەی کە دەشێت لەیەك کاتدا پێکەوەبن.

**3- چیرۆکی هەڵبژاردە**

**نووسینی: ویلیام تریڤۆر**

ئەم کۆمەڵەیە باشترین چیرۆکی(تیرفۆرن)ن لەچاو هەر چوار کۆمەڵە چیرۆکەکەی لەوەوبەری، دوای خوێندنەوەی ئەوە دەسەلمێت کە بۆچی لە دەیان ساڵی رابردوودا خوێنەران بە پەرۆشەوە چیرۆکی ئەویان خوێندووەتەوەو سەرسام بوون پێی.

رووداوی زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە(ئێرلەندەو ئینگلتەرە)دان، نووسەر بەمیتۆدە پێگەیشتووەکەی خۆی توانیویە شێوازی ژیانی کۆن کە داهاتوو دەنەخشێنێ" بخاتە روو، شێوازی ئەم نووسەرە نەنوێیەو نەکۆنە، بەڵام چیرۆکەکانی لەگەڵ رۆژگاردا هەر دەمێننەوە.

**4- سەردانی تاقمە دەبەنگەکە**

**نووسینی: جنیڤەر ئیگان**

ئەم رۆمانە باس لە موزیکی(رۆڵ ئان رۆڵ) دەکات، ئەویش لەرێی بەرهەمهێنی تۆمارە موزیکییەکانەوەو ئەو خەڵکەی کە بوونەتە پێکهێنەری جیهانی ئەو. رۆمانەکە سەربوردەی 40 ساڵ دەگێڕێتەوەو کاراکتەرەکانیش 13 کەسن، کە هەر یەکەیان حەکایەت و دنیابینینی خۆیان هەیە.

**5- فریشتەکانی ئەپۆلۆ**

**نووسینی: جنیڤەر هۆمانز**

ئەم کتێبە مێژووی بالیەی کلاسیکی دەگرێتەوە لە زیاتر لە چوار سەدەدا، شۆڕشی فەرەنسی، شانۆی رووسیا لە سالآنی شەڕی سارددا، کە تیایدا بالیە بوو بووە پێناسەی روناکبیریی کۆمەڵگا، نووسەر باس لە گەشەی ئەو هونەرە دەکات و دواجار دەپرسێ ئاخۆ بالیە لە توانایدا ماوە لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا هەر بەردەوام بێت.

**6- کلیۆپاترا**

**نووسینی: ستاکی سکیف**

ئەو خانمە نووسەرە، توانیویە بە زیرەکی و شێوازە تایبەتەکەی خۆی 2000سال بگەڕێتەوە بۆ لەوەوبەر، بۆ سەردەمێك کە زۆربەی لەسەر نووسراوەو هاوکات هەڵەی زۆریشی دەربارە وتراوە، دوای توێژینەوەی قووڵی راستیی ژیانی ئەو شاژنەی باسکردوە کە سەردەمانێك فەرمانڕەوای میسر بووە.

**7- ئیمپراتۆری گشت نەخۆشییەکان.. بایۆگرافیی شێرپەنجە**

**نووسینی: سیدارتا موکرجی**

نووسەر باس لە مێژووی نەخۆشی شێرپەنجەو جەنگی رووبەڕوو بوونەوەی کردوە، هەرچۆن لە ئەزموونی پزیشکیی خۆی دواوە لە چارەسەری سەدان قوربانیی ئەو نەخۆشییەدا، هاوکات ئامرازە زانستییەکانی چارەسەریشی خستووەتە بەرچاو.



**8- تەواوکردنی کلاوەکە**

**نووسنی: ستیفن سۆندهیم**

کۆمەڵێ شیعری لیریکی شاعیرە کە لەسالآنی (1954-1981) نووسیونی، شیعرەکان وانەیەکن بۆ هەر کەسێك ئارەزووی بێت لەو ژانرە بنووسێت.

ئەو شاعیرە بەوەش ناسراوە، کە گۆرانیی بۆ چەندین شانۆگەریی نووسیوە، لەوانە(چیرۆکی گەڕەکی خۆرئاوا)و (سوینی تود)، شانۆنامەکانیشی لە زۆربەی شانۆ جیهانییەکاندا نمایش کراون و بەردەوامیش سەرکەوتن بەدەستدێنن.

**9- گەرمایی خۆرەکانی ئەوانی دی**

**نووسینی: ئیزابێل ویلکەرسۆن**

ئەو ژنە نووسەرە پەیامنێری لەوەوبەری (تایمز) بوو، کتێبەکەی باسی کۆڕەوی شەش ملیۆن ئەفریقی و ئەمریکی دەکات لە باشوورەوە بۆ باکوور لە سالآنی 1915تا 1917، ئەم کتێبە زانیاریی وردی تیایە لەسەر ئەو رەوە، ئەویش لەڕێی رەوی سێ کەسەوە لەرەشەکان، بەو هەموو گرفتەیان کە هاتووەتە رێگایان تا گەیشتوونەتە شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێیان.

**10- ئازادی**

**نووسینی: جۆناسان فرانزن**

ئەو رۆمانەی کە لە سەرەتای وتارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

**اوراق المدى**

# ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانە و ڕۆڵی

# لە جیهانی تەکنیکی زانیارییەکاندا



جیهان لە ئێستادا بەجۆرێك پێشكەوتووە كە ناوی (گوند)ی لێنراوە، ئەویش بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانكارییە نوێیانەوە كە بەسەر بواری پەیوەندییەكاندا هاتووەو هەموو جۆرە زانیارییەك بەرێگای ئاسان و خێرا چنگ دەكەون.

مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی بەتەنیا خێزان و قوتابخانە و شارو وڵاتەكەی ناكاتە سەرچاوە، بەڵكو بەهۆی ئامێری كۆمپیوتەرەوە كە بەستراوە بەتۆڕە زانیارییەكانەوە ئەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی دنیا تەی دەكات و بەبێ ماندووبوونی ئەوتۆ هەرچییەكی بوێت چنگی دەكەوێت.

واتە، وەك ئەوە وایە لە گوندێكی بچووكدا بژی و چی بوێت بێتە بەردەستی، بەگەشەكردنی كۆمپیوتەر و كەناڵەكانی گواستنەوەی زانیاریی رەوشێكی واهاتووەتە دی كتێبخانەكان بەگشتی و كتێبخانەی قوتابخانەكان و ئەمیندارەكانیان بەشێوەیەكی تایبەتی لەگەڵ ئەو گەشەكردنە بڕۆن بەڕێوەو چییان مەبەست بێت بەدی بهێنن.

لێرەوە (ئەمینداری كتێبخانەی قوتابخانە) دەبێتە تەوەری باسمان و هۆكاری گۆڕانە پێویستەكان بۆ گەشەپێدانی كتێبخانەی قوتابخانەكان و فاكتەری راكێشانی هامشۆكەرانی كتێبخانە، بەقوتابی و مامۆستاو كارمەندانەوە بۆ كتێبخانە و سوودوەرگرتن لەو هەموو گەشەكردنە زانیارییەی كتێبخانە بەخۆوەی دەبینێت.



## ئەمینداری كتێبخانە

ئەمینداری كتێبخانەی قوتابخانە، ئەو كەسەیە كە سەركەوتن و بەرەوپێشەوە چوونی كتێبخانە، یان بەپێچەوانەوە، پەیوەستە بەوەوە، ئەو هەڵگری پەیامی كتێبخانەیەو كاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی هەیە بۆ راكێشانی قوتابیان بۆ كتێبخانەكە.

رۆڵی ئەمینداری ئەم جۆرە كتێبخانەیە لەگەڵ هەڵكشانی خزمەتگوزارییەكاندا روو لەزیادبوون، بەتایبەت لە كۆكردنەوەو هەڵگرتنی سەرچاوەكان و پاشان گواستنەوەیان بۆ بەردەستی خوێنەر.

ئەو دەتوانێ كاریگەریی لەسەر قوتابیان هەبێت بۆ سوودوەرگرتن لەكاتی دەستبەتاڵییان، هاوكات كتێبخانەكەی بكاتە جێگایەك بۆ گەشەپێدانی توانا و رۆشنبیریی قوتابیان، نەك بەتەنیا گەنجینەیەك بێ بۆ پاراستنی كتێبەكان.

لەو كاتانەشدا سەرچاوەكانی كتێبخانە بەهۆی ئەمینداری كاراوە دەبێتە فاكتەری هاوكاری كردنی قوتابی بۆ پێشكەوتنیان لەوانەكانیانداو ئامادەكردنی هەرچییەك مامۆستا لێیان بخوازێت بەهۆی كتێبخانەوە بەباشترین شێوە جێبەجێی دەكەن.

ئەو وەرچەرخانە خێرایانەی بەسەر پەروەردەو فێركرندا و میتۆدو ئامڕاز و تەكنیكەكانی گەیاندنیاندا هاتووە ئەوە لە(ئەمینداری كتێبخانە) داوا دەكەن كەوا دەستبەرداری رۆڵی تەقلیدی ببێت و تواناكانی خۆی بگۆڕێت بەشێوەیەك پەیوەندییەكانی لەگەڵ قوتابیان و مامۆستایان و بەڕێوەبەرێتی پێشكەوتووتربێت، نەك هەر ئەوە، بەڵكو وەرچەرخانەكە دەبێت لەپێناوی بەكارهێنانی دەستەبەركردنی زانیارییەكاندا بێت بەشێوەیەك كتێبخانەكەی و قوتابیان سوود لەو سەرچاوە دەستكەوتووانە وەربگرن، چونكە قوتابیان بۆ گەشەپێدانی خۆیان و كاروباری خوێندن و وانەكانیان پێویستیان بەو سەرچاوانە دەبێت.

هەربۆیە دەبینین كتێبخانەی قوتابخانە لە جیهانی تەكنەلۆجیادا دەتوانێ بەربەستی شوێن (جێگا) ببەزێنێ و بەهۆی بەكارهێنانی كۆمپیوتەرەوەو بەهۆی تۆڕەكانی زانیارییەوە هەموو شتێك دابین بكات، هەرچۆن بەهۆی تۆڕەكانەوە كتێبخانەكان لەناوخۆیاندا بەیەكترەوە دەبەسترێنەوە پێكەوە دەبنە تۆڕی زانیاریی بەهێزی ئەوتۆ كە خاوەن بایەخی بەشداربن و راستەوخۆ خزمەتگوزارییان بەیەكتر و سوودمەندان بگەیێنن، لەوێوە كتێبخانەی قوتابخانە روو لە ئاسۆی خزمەتگوزاریی فراوان دەبێت، چ لە پەیوەندیدار و چ لە ئاڵوگۆڕی زانیارییەكاندا.

## له ئەمینداری گەنجینەوە بۆ کەسێکی شارەزا

لەم سەردەمەدا، رۆڵی ئەمینداری کتێبخانە گۆڕراوە و کاریگەریی بەسەر وەرزەکانی خوێندندا بەجێ هێشتووە، ئەویش بەهاوکاری و هەماهەنگی بەڕێوەبەرێتی و مامۆستایانی قوتابخانە، چونکە هەمووان پێکەوە دەزانن داخوازی و پێویستییەکانی قوتابی چین و چی نین.

پێویستە ئەمینداری کتێبخانە تەنیا لە چوارچێوەی ژوورەکەیدا خۆی قەتیس نەکات بەڵکو سۆراغی ئەو لە دەرەوەی کتێبخانەکەشیدا بێت، بەوەش لە شێوازی تەقلیدیی کارەوە دەگۆڕێ بەشێوازێکی نوێ کە دەزانێت قوتابیان لە دەرەوەی کتێبخانەکەشدا پێویستیان بە چ جۆرە سەرچاوەو زانیارییەکی ترە، بەوەش کاری ئەو بەتەنیا کارە تەقلیدییەکانی ناو کتێبخانەکەی نابێت و ئەرکی پەیوەندیی زیاتری دەکەوێتە سەرشان.



ئەمیندار دەتوانێ هاوکاری مامۆستا و قوتابیان بێت بۆ هەرچییەك پێویستییان پێی بێت و لەکەمترین کاتدا، تەنانەت دەتوانێ لە داخوازیی ئەوانە بگاتە ئەنجامێك کە ئایا چ جۆرە زانیارییەك پێویستن.



کەواتە دەبێت شارەزاو پسپۆڕ بێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت، بگرە دەبێ سوودمەندانیش رابـهێنین بـۆ هـاوکاریی خۆی و جێبەجێکردنی داواکانیان.

ئەگەر ئەوانە هاتنەدیی، ئەوا کتێبخانەی قوتابخانەش دەبەسترێتەوە بەکتێبخانەی ئەلیکترۆنییەوە و بەشێوەیەکی هاوچەرخانە سوود لە کتێبی ئەلیکترۆنی وەردەگیرێت، بەوەش ئامانجێکی گەورە دێتەدیی، کە ئەویش گۆڕانی ئەمینداری کتێبخانەیە لە بەرپرس و ئەمینداری گەنجینەی پڕ لە کتێبەوە بۆ کەسێکی شارەزاو پسپۆڕ کە لەسەر دەستی ئەو و هاووێنەکانیدا گەشە بەکتێبخانەی قوتابخانەکان دەدرێن.

**سەرچاوە:**

**المجله المعلوماتیه، العدد الرابع، 2004.**


# کــتێبخــانەکـــان

## لــەسەردەمـــی زانیاریـــی کــــۆمــەڵایەتیدا

هەندێك لەماڵپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییە –گشتییەکان سەرکەوتوون و هاوکات هەندێکی تریان وەهانین.

ئەوانەی بەسەرکەوتوو ناویان دەبرێت بەتەنیا کاریان پێگەیاندنی خەڵکی نییە، بەڵکو هەوڵیان بۆ زیاترەو دەیانەوێت ناوەرۆك و کەرەستەی وەها پێشکەش بکەن کە خەڵکی زۆر بەشداربن تیایانداو لە دەوریان کۆببنەوەو قسەیان لەسەر بکەن و پەیوەندیی نێوانیان پێکەوە گرێ بدەن و ئاڵوگۆڕی زانیاریی بکەن.

بەتەنیا بەدیاری کردنی لاپەڕەی زانیارییەکان و خستنەڕووی پێشنیازەکان بەشداریی ئەندامانی بەشدار لەو جۆرە ماڵپەڕانەدا کارا دەبێت، ئیدی هەندێ لایەنی خواستی یەکتریان بۆ دەردەکەوێت و پەیوەندییان توندوتۆڵ دەبێت.




دیارە ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکان لەو جۆرە ماڵپەڕانەدا دەبنە هۆی بونیادی کۆمەڵگاکان و لێرەدا ڕۆڵی کتێبخانەکان دێتە پێشەوە.

هەڵبەت کتێبخانەکان خەسڵەتی زۆری خۆیانیان هەیە، بەڵام مامەڵە لەگەڵ کتێب(وەك ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی) بەو شێوەیە نییە، چونکە سەرچاوە دانراوەکان لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان بە پێچەوانەی ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەن.

کتێب کە خاوەنداریی بۆ کتێبخانە دەگەڕێتەوە، دەستاودەست دەکات لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی ریزبەندیی خواستنی، دیارە کتێبخانە تا ئەم ساتە پابەندە بە کلتوری(بێ دەنگ بە) ئەو کلتورەی دەیان ساڵە کارمەندی کتێبخانەکان لە هەوڵی گۆڕینیدان.



کەسانێك هەن کە کتێب دەخوازن بەموڵکی خۆیانی دەزانن و دێن ئاماژەی لەسەر دەنووسن و هەندێ بڕگەی لێ دەکوژێننەوەو توانج لەسەر پەراوێزەکان دەنووسن، ئەو لێنووسینانەیان چەندە گرنگ بن کارەکەیان بە نەشیاو دادەنرێت، ئەوان دژ بەو کلتوری(بێ دەنگ بە)یەی کتێبخانەکان.

لەکتێبخانەدا، لای خوێنەرانی تر ئەو نووسین و توانجانە کارێکی ناپەسەندە، هەر قسەکردنێکیش لە هۆڵەکانی خوێندنەوەدا دەبنە مایەی ژاوەژاونانەوەو هەراسان کردنی کەسانی تر.

کتێبخانەکان کاردەکەن بۆ پاراستنی سەرچاوەکانیان بەهەرشێوەیەك بێت، واتە پەیوەندیی کەسانی نێو کۆمەڵ پێوەیان لەو سنوورەدایە، بەڵام بەپێچەوانەوە ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییە–گشتییەکان بەشێکی نەپچڕاو و دانەبڕاوە لە پەیوەندییەکانمان، تەنانەت ناوەرۆکیان بەمامەڵەی هەر کەسە بەجۆرێکەو لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و مشتومڕیش لەسەر ئەو گۆڕانانە دەکرێت.

لەجیهانی ئەلیکترۆنیی تێکئالاّودا، دەشێ کارە مەعریفییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی تەواوبن و دەتوانرێ بەهۆی کاری دەستە جەمعییەوە گەشەیان پێ بدرێت، هەرچۆن دەشتوانرێت لەلایەن ژمارەیەکی خەڵکییەوە بگۆڕێن و باشتر بکرێن، تەنانەت گەر لەلایەن یەك کەسی دیاریکراوەوە بنووسرێن لەگەڵ خۆیدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەرچاو کە ئەویش بەشی خوارەوەیەتی بۆ نووسینی سەرنج و لێدوانەکان، لەبەر ئەوەی لەسەر تۆڕێکی دیاری کراو دەبن ئەو ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆیان دەگەێنن و دەتوانرێ ڕێکبخرێن و لە هەموو کاتێکدا بگەڕێنرێنەوەو بخرێنەوە بەردەست.. نەك هەر لێدوان لەسەریان، بەڵکو دەتوانرێ ببەسترێنەوە بە بابەتی دیکەوەو هەڵبسەنگێندرێن و سەرلەنوێ بەکاربهێنرێنەوەو لەمەبەستیان بگۆڕدرێت بەپێی چوارچێوەی یاسایی، لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا ناوەرۆك بەنرخی خۆی هەیە، چونکە لێدوان و سەرنجی سەربابەتەکانیش بیرۆکەی نوێ دێننە ئاراوە.

لەکتێبخانەدا کارەکە جیاوازەو وەك کارە مەعریفییەکانی سەرماڵپەڕەکان نییە، چونکە کاتێ بابەتی دیاریکراومان دەوێت بەهۆی ناونیشانەوە کۆمەڵێ بابەتمان دەخاتە پێش چاو، بەڵام لەکتێبخانەکاندا بەهای سەرچاوەکان ڕاستەوخۆ نابینرێن و بەهۆی

ئەودیوی زانیارییەکانەوە(زانیاریی وەسفیی بابەتیی کە سوودمەند بەکاریان دێنێ) دەیانگاتێ. چونکە گەر زانیاریی هەبن ئەوا کتێبخانە دەبێتە سەرچاوەی بەخشینی هەرچییەك بمانەوێت.

کارمەندی کتێبخانەکان پیشەوەری پابەندن بە پیشەکەیان و خزمەتگوزارییانەوە، دەتوانن توانای خۆیان بخەنە کار بۆ رێکخستن و بەردەوامی، بەڵام کارەکانیان هەرچۆنێ بێ تەقلیدییەو لەچاو پێکەوە گرێدانی زانیاریی سەر تۆڕە(کۆمەڵایەتی-گشتی)یەکان هێشتا خزمەتگوزارییان سنووردارە.

**سەرچاوە:** Madarat.net

کتێبخانـەی نیشـتـمـانی



کتێبخانەی نیشتمانیی ئەڵمانیا

لە راپۆرتی ئاماری نێودەوڵەتیی کتێبخانەکاندا، بەمجۆرە پێناسەی کتێبخانەی نیشتمانیی کراوە:

" ئەو کتێبخانەیەیە، بێجگە لە خەسڵەتی ناونانەکەی، ئەرکی کۆکردنەوەو پاراستنی کلتوری هزری و نیشتمانیی لەئەستۆدایە، ئیتر لەرێی ژمارەی سپاردنی یاساییەوە بێت، یان لەهەر رێگایەکی ترەوە".

ژمارەی سپاردنیش، ئەو یاسایەیە کە نووسەر یان بلاوکەرەوە ناچار دەکات، کە چەند دانەیەك لەهەر چاپکراوێك بەبێ بەرامبەر بسپێرن بە کتێبخانەی نیشتمانی.

لەبەرامبەر ئەوەشدا، دەوڵەت مافی نووسەرەکان دەپارێزێت و کتێبەکانیش بەر لە تەواوبوونی چاپیان" ژمارەی سپاردنیان پێدەبەخشرێت.



هەرچۆن لە کۆنگرەی (یونسکۆ)ی ساڵی 1958دا، کتێبخانەی نیشتمانی، یان نەتەوەیی پێناسە کراوە بەو"کتێبخانەیەی بەرپرسە لە کۆکردنەوەو پاراستنی چاپکراوە نەتەوەییەکان لە پێناوی خزمەتکردنی نەوەکانی داهاتوودا.



کتێبخانەی نیشتمانیی رووسیا

بەشەکانی کتێبخانەی نیشتمانی

هەر کتێبخانەیەکی نیشتمانی ئەم بەشانە لەخۆدەگرێت:

1-بەشی کاروباری کارگێڕی و پەیوەندییە گشتییەکان: بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کتێبخانەو دانانی ئەو یاسا و گەڵاڵەنامە و سیستەمانەی کە کتێبخانەکە لەسەریان دەڕوات بەڕێوە.

هەمیشە دەوڵەت سەرپەرشتی دامەزراندنی هێزی کارو کارمەندانی ئەم کتێبخانەیە دەکات، یان دەسەڵاتی ئازادیی دامەزراندن رادەستی لایەنی تر دەکات،

دەوڵەت بودجەی کڕینی کتێب دیاری دەکات، هەرچۆن سەرپەرشتی تەلاری کتێبخانەکەو چاپککردنەوەکانی دەکات و ڕێگاخۆشکەریش دەبێت بۆ بەستنی پەیوەندیی لەنێوان کتێبخانەی نیشتمانیی و کتێبخانەکانی تردا.

2-بەشی کاروبارە هونەرییەکان:

کە بەرپرسە لە پێڕست و پۆلێن و بەرگ تێگرتن و چاککردنەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانە، تاوەکو هامشۆکەرانی بەباشترین شێوە سوودیان لێوەربگرن.

3-بەشی خزمەتگوزارییە کتێبخانەییەکان:

تایبەتمەندە بە سەرپەرشتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ڕێنماییەکان و خزمەتگوزارییەکانی ژێدەر و بیبلیۆگرافیا و ڕاگەیاندن و خواستنی ناوخۆیی و هەر شتێکی پەیوەستی تر بە خزمەتگوزارییە ڕاستەوخۆکانەوە بۆ خەڵکی.

ئەرکەکانی کتێبخانەی نیشتمانی

هەر کتێبخانەیەکی نیشتمانی، کۆمەڵێك ئەرکی سەرەکیی جێبەجێ دەکات، کە دیارترینیان بریتیین لە:

*کۆکردنەوەی کلتوری نیشتمانی لەرێی سپاردنی یاساییەوە، بۆ هەموو ئەو چاپکراوانەی لەناو وڵاتەدا دەردەکرێن، یان هەرشتێك لەدەرەوەی وڵات دەربکرێن و پەیوەندییان بەو وڵاتەوە هەبێت، پاشان کارسازیی دەکرێت بۆ خستنەبەردەستی ئەو کلتورە و سوود وەرگرتن لێیان.

ئەمە لەگەڵ کۆکردنەوەو پەیداکردنی هەموو جۆرەکانی بەرهەمی هزریی جیهانی تا پێشکەش بە پسپۆڕان و توێژەران بکرێن" بۆ هەریەکیان لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆیاندا.

*پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی و زانیارییەکان بۆ دامەزراوە حکومییەکان، یان دەسەڵاتی خەمی و توێژەر و پسپۆڕان لە هاونیشتمانان.

*سەرپەرشتی کتێبخانەکانی تری ناو وڵات، ئەویش لەرێی بەشداریی ئەو کتێبخانانە بەکۆمەکی سەرچاوەو سەرپەرشتی و گەشەپێدانیان.



*گەشەپێدانی خزمەتگوزاریی بیبلیۆگرافی و ڕاگەیاندن بەو پێیەی ناوەندێکی نەتەوەییە بۆ ڕاگەیاندنی بیبلیۆگرافی، ئەویش لەرێی:

-کۆکردنەوەی بڵاوکراوە بیبلیۆگرافییە نیشتمانییەکان.

-سەنتەرگیریی پێڕست و پۆلێن و ئامادەکردنی کارتی پێڕست و دابەشکردنی بەسەر کتێبخانەکانی تردا، هەرچۆن ئێستا لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکیدا جێبەجێ دەکرێت.



کتێبخانەی نیشتمانیی کەنەدا

-دانانی ڕێسا و تەکنیکی بیبلیۆگرافی و بەشداریی لە کۆڕو کۆنفرانسەکانی تایبەت بە کتێبخانە و سەنتەری زانیارییەکان.

-هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ کتێبخانە و سەنتەری زانیارییەکان لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا.

دیاره لە جیهانی ئەمڕۆماندا، کتێبخانە نیشتمانییەکان میتۆدی تەکنەلۆجی و ئامێری زانستیی پێشکەوتوو بەکاردێنن بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی و پاراستنیان و هێنانەوە بەردەستیان، هەروەها بۆ بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ کتێبخانە نیشتمانییەکانی دەرەوەو کتێبخانە و سەنتەری زانیارییەکانی ناوخۆی وڵات بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی مەعریفە و زانیارییەکان لەسەرجەم بوارە جیاوازەکاندا.

www. barboura. jeeran. com

# کتێبخانەی کۆنگرێس

## جیهانێك لە کتێب و دۆکیۆمێنت



کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی لە واشنتۆن کە گەورەترین کتێبخانەیە لە جیهاندا، بە تەنیا کتێبخانەی کتێب و دۆکیۆمێنت و راپۆرتەکان نییە، بەڵکو لە چەند ساڵی رابردوودا بووەتە جێگای پاراستنی کلتوری ئەمریکیش.

ناوەڕاستی مانگی رابردوو، کتێبخانەکە رایگەیاند کە 25 فیلمی سینەمایی و کۆمەڵێك فیلمی دۆکیۆمێنتاری خراونەتە نێو کتێبخانەکەوە کە بە بەشێکی گرنگی رۆشنبیریی ئەمریکی دادەنرێت، کە یەکیان باسی ئابرووچوونی (وۆتەرگێت) ی ساڵی (1957)ە کە بووە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆك ریچارد نیکسۆن.

جیمس بیلینگتۆن کە بەڕێوەبەری کتێبخانەی کۆنگرێسە، بە (واشنتۆن پۆست)ی راگەیاندووە کە لەساڵی رابردوودا زیاد لە دوو هەزار فیلم و فیلمی دۆکیۆمێنتاری وەرگرتووە، بەڵام تەنیا (25) یان هەڵبژێردراون بۆ بەکارهێنان لە کتێبخانەکەدا.



پێودانی هەڵبژاردن لەم کتێبخانەیەدا بەندە بە (بایەخی رۆشنبیری و مێژوویی و ستاتیکی) و یەك لە فیلمە هەڵبژێردراوەکان بەناوی(برزرفیشن ئوف سین)ە کە باسی لە زمانی ئاماژە دەکات و بۆ بایەخدانە بە کەڕولاڵ و نابینایان.

جاران کتێبخانەی کۆنگرێس فیلمەکانی لەسەر کاسێتی تۆمار دەپاراست، پاشان فیلمی ڤیدیۆیی پەیدا بوو، بەڵام ئێستا فیلم بە رێگای ئەلیکترۆنیی دەپارێزێت.

بەڕێوەبەری کتێبخانەکە دەڵێت" لە ئایندەدا، هەموو بابەت و دۆکیۆمێنتەکانمان دەخەینە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، تاوەکو خوێندکارانی خوێندنگایەك بتوانن بە هۆیانەوە لە مێژووی ئەمریکاو بۆ نموونە لەشەڕی ڤێتنام بکۆڵنەوە، هەروەها دەڵێت" کتێبخانەکە مافی کۆی 130 ملیۆن کتێب و چاپکراوو دۆکیۆمێنت و دەستنووس و پارێزراوو نەخشە و بەرهەمی موزیك و تابلۆی هونەریشی تیادایە، کە 30 ملیۆن کتێبیان بە 460 زمانی کۆن و نوێن".

کتێبخانەی کۆنگرێس بە تەنیا بۆ پاراستنی کتێب نییە، بەڵام بە گرنگترین سەرچاوەکانی دادەنرێت.

هەر چۆن کتێبخانەکە جێگایەکی گەورەیە بۆ ئاوێتەبوونی رۆشنبیرییەکانی جیهان، هاوکات شوێنیکیشە بۆ گەشەسەندنی زانستەکان.

بەڕێوەبەری کتێبخانەکە دەڵێت" لەبواری زانستدا کتێبخانەکە کتێبی زۆری زانستەکان دەپارێزێت، هاوکات سوودمەندان بەهۆیانەوە کەڵك لە گەشەکردنە زانستییەکان دەبینن، چونکە مەبەستمانە لەگەڵ رەوتی داهێنانە نوێکاندا بەڕێوەبچین و هەموو خەڵکی سوودیان لێوەربگرن، دیارە بەهۆی زانستە تەکنەلۆجییەکانیشەوەیە کە کتێبخانەکەمان دەرگای بەڕووی جیهاندا والاکردووە"




له دۆکیۆمێنته گرنگەکانی ئەم کتێبخانەیە گەلێك سەرچاوەی بەنرخ دەبینرێن، لەوانە دەستووری بنەڕەتیی ئەمریکا، وێنەی دەگمەنی شەڕی ناوخۆ، یەکەمین دۆکیۆمێنتی جاڕدانی رەتکردنەوەی کۆیلەیەتی، لەگەڵ کۆچ و رەگەزنامە وەرگرتنی ئەمریکییە بەناوبانگەکان.

**الشرق الأوسط**

## خوێندنەوەی چەند کتێبێك

## سەبارەت بە زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان





# کتێبخانه گشتیــیەکان

**نووسینی: د. محمد فتحی عبدالهادی و د. نبیله خلیفه جمعه**
**(مامۆستایانی بەشی کتێبخانەو دۆکیۆمێنت و زانیارییەکان**
**لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی قاهیره)**
**چاپی یەکەم: ئۆکتۆبەری 2001**
**شوێنی چاپ: قاهیره**
**الدار المصریه اللبنانیه 223 لاپەڕە**

نووسەرانی کتێبەکە لە(پێشەکی)دا وتویانە"کتێبخانە گشتییەکان لە گرنگترین جۆرەکانی کتێبخانەن و زۆرتریشیانن، کتێبخانەی هەمووانە لەناوچەیەکی دیاریکراوداو هەموو کەس بۆی هەیە رووی تێبکات بەمەبەستی بەدواداچوونی مەعریفەو رۆشنبیری و حەواندنەوەی دەروون و خۆفێرکردن".

پاشان دەڵێن"ئەم کتێبە باس لە کتێبخانە گشتییەکان دەکات لە هەموو روویەکەوە، تیایدا هەموو بابەتە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کتێبخانە گشتییەکان خراوەتەروو، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئاڕاستە نوێیەکان و هێنانەوەی چەند نموونەیەك لەسەر هەردوو ئاستی جیهانی و ناوچەیی.

**بەشی یەکەم:**

## پەیامی کتێبخانە گشتییەکان و ئامانجەکانی

کتێبخانەی گشتی" دەزگایەکی دامەزراوە لەلایەن دەسەڵاتێکی ناوچەیی، بۆ پێشکەشکردنی سەرچاوەو هەموو خزمەتگوزارییەکان بەخەڵکی ئەو ناوچەیە.

کتێبخانە کە پشت بە دارایی گشتی دەبەستێت لەپێناوی بەکارهێنان و سوودی گشتیدا، کاردەکات بۆ بەکارهێنانی کەرەستەکان لە فۆرمی چاپکراوو بیستراوو بینراوو ئەلیکترۆنیدا، ئەویش بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و رێکخستن و هێنانەوە ئاراو پەخشی و گەیاندنی زانیارییەکان و بیروڕاو بەرهەمی ئەفرێندراوی مرۆڤ.



ئەرکەکانی کتێبخانە گشتییەکانیش بریتین لە:

1- پێشکەش کردنی خزمەتگوازریی بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازیی رەگەزو ئایین و رەنگو..تاد، بۆ هەموو تەمەنێك و گشت ئاستە رۆشنبیری و پەروەردەییەکان.

2-بەشێوەیەکی گشتی خزمەتگوزارییەکانی بێ بەرامبەرن.

3-کتێبخانەی گشتی لەهەر شوێنێکدا بێت بۆ خزمەتی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە خۆی پڕ سەرچاوە دەکات لەگەڵ ئاگاداربوون لەو ژینگەیەی تیایدایەتی، ئیتر کشتوکاڵ بێت یان پیشەسازیو..تاد.

4-کتێبخانە ئەو شوێنەیە کە تاکی کۆمەڵ بە ئازادیی هامشۆی دەکات.

ئامانجەکانیشی بریتین لە(بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی، راگەیاندنی بابەتە گرنگەکان، فێرکردن، خۆشبەسەربردن).

ستراتیژی پێویست بۆ خزمەتی سوودمەندان لەم سێ هەنگاوەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ- خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی تەقلیدیی بۆ کەرەستە چاپکراوەکان و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاریی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکاندا.

ب- رۆڵ بینینی نوێ وەك سەنتەرێکی تەکنەلۆژیی زانیارییەکان لەناوچەیەکدا بۆ گەیشتن بە بەرنامەو تۆڕەکان تاوەکو کتێبخانە ببێتە جێگایەك بۆ فێربوون.

ج- کردنی کتێبخانەی گشتی بە بەرهەمهێن و بڵاوکەرەوەی زانیارییەکان.

لەهەر وڵاتێکدا چەند کتێبخانەیەك هەن، ئەوانیش:

کتێبخانەی نەتەوەیی(نیشتمانی)، کتێبخانەی تایبەتمەند، کتێبخانەی زانکۆیی، کتێبخانەی خوێندنگاکان، لەگەڵ کتێبخانە گشتییەکان.

### بەشی دووەم

### خانووبەرەی کتێبخانە گشتییەکان و پڕ کەرەستەکردنیان

خانووبەرەی هەر کتێبخانەیەکی گشتی رۆڵی گەورەی هەیە لەراکێشانی خوێنەران بەلای خۆیدا. زۆر لەبینا کۆنەکان کە لەبەر بەهای مێژووییان دەستکاریی ناکرێن بەکەڵکی کتێبخانەی ئەمڕۆ نەماون. گرنگترین فاکتەر بۆ سەرکەوتوویی خانووبەرەی کتێبخانە گشتیەکان لەم خاڵانەدا چڕ دەبنەوە:

1- جێگا: دەبێت لە جێگایەکدا بێت کە دانیشتوانی قەرەباڵغ بن و خەڵکی بە ئاسانی بیگەنێ.

2- نەخشەسازیی بینا: بەشێوەیەك بێت لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بگونجێت و رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە خزمەتی دەکات، دەبێت سەرنج راکێش بێت و هانی خوێنەران بدات تا هامشۆی بکەن.

3- نەخشەسازیی ناوەوە: ئەویش رۆڵی گرنگی دەبێت، وەك سیستمی رەفەی کراوەو بەکارهێنانی دەرگاو دەروازەو چاودێریی هامشۆکەران.

4- چاککردنەوە: هەر خانووبەرەیەك پێویستی بە پرۆسەکانی چاککردنەوە دەبێت و کتێبخانەش پێویستە بەردەوام لەلایەن ئەندازیارو کارمەندانی پسپۆڕەوە چاوی لەسەربێت و لەزووترین کاتدا کەموکوڕییەکانی چاك بکرێنەوە.

5- کەرەستەو پۆشتەکردنەوە: کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە چۆنێتی دروستکردنی تەلاری کتێبخانەوە هەیەو بەبێ کەرەستەی پێویست کاری کتێبخانەیی ئەنجام نادرێت، ئەوانیش خۆیان لە کەرەستەی کارمەندان و دۆلابی کتێب و مێزو کورسیی خوێندنەوەو کەرەستەی بەشە جیاوازەکان و سەرچاوەکانی روناکی و ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو پەیوەندیو..تاد" دەبیننەوە.



### بەشی سێیەم:

### رێکخستنی کتێبخانە گشتییەکان و بەڕێوەبردنیان

رێکخستنی بەڕێوەبردنی کتێبخانە هۆکاری سەرەکیی باش بەڕێوەچوونی سەرجەم کاروبارەکانی کارمەندانە، ئەوانە وا لەکارمەندان دەکەن بەشداریی کارا بکەن لە پرۆژەو بڕیارەکان و داهێنانە نوێیەکان و خزمەتگوزارییەکاندا.

1- رێکخستنی کارگێڕیی: بەپێی پەیکەرێك کە بۆ قەوارەی کتێبخانەکەو چالاکییەکانی دەستبدات لە بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرو بەشەکان پێکدێت.

2- کارمەندان: رەگەزی مرۆیی گرنگترین رەگەزە بۆ بەڕێوەبردنی کتێبخانەی گشتی، ژمارەشیان پەیوەستە بە کۆی هامشۆکەران و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە.

بەپێی پێوەدانی یەکێتی نێودەوڵەتیی دامەزراوە کتێبخانەییەکان هەر کارمەندێکی کتێبخانەیی بۆ 2500 دانیشتووی ئەو ناوچەیە پێویستە کە کتێبخانەکەی تیادایە.

3- رێساکانی کار: ئەوانیش پەیوەستن بەپێوانی خزمەتگوزاری و پرۆگرامەکانی کتێبخانەو یاسای کتێبخانە گشتییەکان و سیستمی کاری کتێبخانەیی و پلان و چۆنێتی پراکتیزەکردنی کاروبارەکانی کتێبخانەو..تاد.

4- کۆمەك و بودجە: بەپێی خەملاندنی پێویستییەکان بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت و سەرچاوەی کۆمەکی کتێبخانەکان بریتین لە دارایی دەوڵەت و کۆمەکی تایبەت، ئیتر بەپارە بێت یان کەرەستە.

### بەشی چوارەم

### کارە هونەرییەکان لە کتێبخانە گشتییەکاندا

دەکرێت کارە هونەرییە سەرەکییەکانی کتێبخانە بۆ چارەسەری سەرچاوە کتێبخانەییەکان دابەش بکەین بەسەر کارەکانی (سەرچاوە بەدەستهاتووەکان- التزوید، پێڕست و پۆلێن، چاککردنەوەو بەرگ تێگرتنو..تاد). پێویستە کتێبخانەی گشتی

بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخ بدات بە میتۆدەکانی کارکردن، تاوەکو سوودمەندان بەباشترین شێوە دەستیان بگاتە سەرچاوەکانی.

گرنگترین کارە هونەرییەکان بریتین لە:

1- هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ نێو کتێبخانە، ئەویش بەسەرنجدانی سەرچاوەکانی لەوەوبەری کتێبخانەکەو وردبوونەوە لە لیستی کتێب فرۆشییەکان تا دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ ئاسان ببێت.

2- پێودانە چەندییەکانی کۆمەڵەکان، بۆ ئەمەش کار بەپێودانەکانی(LFLA) دەکرێت بۆ ئەژمارکردنی کۆی سەرچاوەکان (بەچاپکراوەکانی منداڵانیشەوە) بەپێی کۆی دانیشتووانی ئەو ناوچەیەی کتێبخانەکەی تیادا دەبێت.

3- گەشەپێدانی سەرچاوەکان و چۆنێتی زیادکردنیان: ئەویش بەپێی خواستی خوێنەران سەبارەت چۆنێتی سەرچاوەکان دێتە دی.

4- بەشداری کردن لەسەرچاوەکاندا: هەر کتێبخانەیەك بەپێی توانای خۆی و بودجەکەی بەشداری دەکات لەو چاپکراوە نوێیانەی کە لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا چاپ و بڵاودەکرێنەوە.

5- پێڕست و پۆلێن: دوای دابینکردنی سەرچاوە، کتێبخانە ئامادەکاری دەکات بۆ جێبەجێکردنی کارە هونەرییەکان، ئەویش کاری پێڕستی وەسفی و پاشان پۆلێن و پێڕستی بابەتییە.

6- ئەنجامدانی کاری هونەریی رۆژانە: وەك خواستن و خزمەتگوزاریی هونەری و کاری سەرچاوەکان (المراجع).

7- پاکژکردنەوەو دوورخستنەوە: گەلێك سەرچاوە کۆن دەبن و پێویستیان بە دوورخستنەوە هەیە لە کتێبخانەداو لەبری ئەوان سەرچاوەی نوێ تر دەخرێتە شوێنیان.

8- چاککردنەوەو بەرگ تێگرتن" یان جزوبەندکردن: دەبێ کتێبخانە بەردەوام چاودێریی سەرچاوەکانی بکات بۆ ئەوەی لەناو نەچن و بەکەڵکی بەکارهێنان بێن، هەرچۆن جزوبەندکردنیان یارمەتییان دەدات بۆ ساڵانێکی زۆرتر بەکار بهێنرێن.



## بەشی پێنجەم

## خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان

بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خوێنەران، کتێبخانەی گشتی ئەم خزمەتگوزارییانە دەنوێنێت:

1-خواستن: خواستنی دەرەکی گرنگترین ئەرکی کتێبخانەیە، چونکە کتێبخانە جێگای ئەو هەموو خوێنەرەی تیادا نابێتەوە، ئەمە بێجگە لە خواستنی ناوخۆیی کە بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە.

2-خزمەتگوزاریی سەرچاوەکان و زانیارییەکان: دەبێ بەشی تایبەت هەبێت بۆ سەرچاوە گرنگەکان (المراجع)و دۆزینەوەی سەرچاوەکان.

3-خزمەتگوزارییە بیستراوو بینراوەکان: کە بایەخیان وەك سەرچاوە چاپکراوەکانەو سوودمەندانی خۆیان هەیە.

4-خزمەتگوزاریی لاوان و گەورەکان: کە سەرچاوەی پێویستی بۆ هەموو تەمەنەکان دابین بکرێت، وەك سەرچاوەی جدیی بۆ گەورەکان و کات بەسەربردن بۆ لاوەکان.

5-خزمەتگوزاریی منداڵان: کە ئەرکی یەکەمی کتێبخانەو راهێنانی کۆمەڵگا بۆ خوێندنەوەو پێشکەوتن لەوانەوە دەستپێدەکات.

6-خزمەتگوزاریی لەگەڵ خوێندنگاکان: ئەویش بۆ هاوکاریی مامۆستایان و قوتابیان لەرێی کردنەوەی خولی تایبەت و نمایش چاپکراوەکان بۆیان دەکرێت بەشی منداڵان ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرێت.

7- خزمەتگوزاریی خوێنەرە تازەکان و ناوچە گوندنشینەکان بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆیان و گەیاندنی چاپکراو بەناوچە دوورنشینەکان کەزۆرترین دانیشتووانیان تیادایە.

8- خزمەتگوزاریی نەخۆش و کەمئەندامان: لەرێی هاوکاریی نەخۆشخانەکان و رێکخراوی تایبەت بەکەمئەندامانەوە.

### بەشی شەشەم

### چالاکیی تری کتێبخانە گشتییەکان

لەوانە: بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گشتی و شیرینکردنی کتێب و خوێندنەوە لای خەڵکی، ئەویش بەتوندوتۆڵکردنی پەیوەندیی ئەمیندارى کتێبخانەو کارمەندان لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵگادا.

ئەمە بێجگە لەبڵاوکردنەوەی زانیاری و لێدوان و پرۆگرام لەمەڕ کتێبخانەو پەیوەندیی بەلایەن و گروپەکانەوە، هەرچۆن دامەزراندنی (کۆمەڵەی هاوڕێیانی کتێبخانە) لەلایەن ژمارەیەك لە کارمەندانی کتێبخانەو روناکبیرو سوودامەندانەوە کە دەبنە هاوکار بۆ پێشخستنی کتێبخانە.

هاوکات پروپاگەندەو ریکلام و بڵاوکردنەوەی راپۆرت و لەچاپدانی بڵاوکراوەی تایبەت بەکتێبخانەو چاپکراوی دیکەو پێڕستە لەچاپدراوەکان و پۆستەرو نمایشی هەر هەموویان دەبنە چالاکیی تر بۆ بەرز راگرتنی کتێبخانەو خزمەتگوزارییەکانی.

### بەشی حەوتەم

### بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لەکتێبخانە گشتییەکاندا:

1- ئەویش بریتییە لەزانیارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و گەیاندنی زانیارییەکان بۆ سوودمەندان.


2-بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ سەرجەم کارە هونەرییەکان، کەسوودی هەمەلایەنەی بۆ تێچوون و کات هەیە.

3- خستنە بەردەستی بنەمای زانیارییەکان لەسەر سیدی.

4- بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەکتێبخانە گشتییەکاندا.

* دوابەشی کتێبەکەش تەرخانە بۆ ئاوڕدانەوەی مێژوویی لەکتێبخانە گشتییەکانی وڵاتی میسرو باسکردنی واقیعی کتێبخانەکانی ئەمڕۆیان و پێشنیاز بۆ چاککردنی خزمەتگوزارییان، ئەمەو کتێبەکە بەسوود وەرگرتن لەدەیان سەرچاوەی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوەو بەرهەمهێنراوە.






**کتێب لەهەزارەی سێهەمدا**

**نووسینی: محمد عدنان سالم**
**چاپی یەکەم: نیسانی** 2000
**شـوێنی چـاپ: دیمەشق**
**دار الفكر المعاصر/ بیروت– لبنان، دار الفكر/دمشق– سوريە** 255 **لاپەڕە**

له هەزار ساڵی داهاتوودا، هەموو شتێکی کتێب دەگۆڕڕێت، فۆرمی و قەوارەی و ڕێگاکانی پاراستنی زانیارییەکان تیایدا و شێوەی هێنانەوە بەردەستیان. مێژووی پێنج هەزار ساڵ لەگەڵ کاغەز و مرەکەب و قەڵەم و دەفتەر دەپێچرێتەوە، هەرچۆن میتۆدەکانی نووسین و خوێندنەوەو هەموو ڕێگاکانی دۆکیۆمێنت کردن و فێرکردنیش دەگۆڕڕێت.

ڕۆڵی کتێب و پەیمانگا زانستییەکان و سەنتەری توێژینەوەکان بەجۆرێکی تر دەبن و لەو کاتانەدا کاغەزی کتێب و مقەستی سانسۆر و ڕێنماییەکانی ئامۆژگارکاران و ئایدۆلۆجیا لە قاڵب دراوەکان لەگەڵ داینەسۆرەکاندا دەچنە نێو مۆزەخانەکانی مێژووەوە.

پیت و وشەو کتێب لە هەموو کۆت بەندێك ئازاد دەبن و بیروڕاکان گەشە دەکەن.

**بەشی یەکەم**

**پیشەسازیی بڵاوکردنەوەو بەرەو ڕووبوونەوەی سەدەی داهاتوو**

گەورەترین بەرەنگاربوونەوەی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە لەسەدەی بیستویەکەمدا گەشەکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی بوو بۆ سەر سیدییەکان و ئامڕازەکانی تر.

باشە، ئاخۆ داهاتوو کتێبی کاغەزین بەو سەرچاوە پەسەندە دەمێنێتەوە کەوا زانیارییەکانی تیادا تۆمار بێت و بە هۆیەوە بکەونە بەرچاو؟ پاشان، ئایا دەتوانرێت بەهۆیەوە ڕۆڵی کارا ببینرێت بەرامبەر کێبڕکێکارە ئەلیکترۆنییەکەیدا و ئاخۆ دەتوانرێ پێکەوە ڕۆڵی خۆیان ببینن؟

ئەگەر توانای پێکەوە ژیانیان مەحاڵ بێت، ئەی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە چی لێدێت؟ ئاخۆ دەچنە پاڵ ئەو پیشانەی کەبەرەو نەمان دەچن؟ یان دەتوانێت گەشە بەخۆی بدات و بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بەرەو بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی وەرچەرخێت؟ بەهەر شێوەیەك بێت، پێویستە لەگەڵ هاتنی سەدەی نوێدا بنەمای ئەوتۆ دابمەزرێت کە ڕۆڵی کاریگەری بەرهەمهێنانی کتێبی لێ بکەوێتەوە، بەجۆرێك هەموو تەکنیکەکانی پەیوەندیی نوێ بەکاربێت بۆ سەرنج ڕاکێشان و نەهێڵرێت ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی دیکە ڕۆڵی کتێب نەهێڵن.



**بەشی دووەم**

**بەرهەڵستی کتێبی عەرەبی**

لەم سەردەمەدا، ئاخۆ نووسەران دڵخۆشن بەرامبەر کتێبەکانیان و بەپیرەوەچوونیان لەلایەن خوێنەرانەوە، یاخود ئەم نەوەیە کتێب بەدەستەوە ناگرن و چاویان بڕیوەتە تەلەفزیۆن و بە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ئەلتەرناتیفی کتێبیان چنگ کەوتووە؟!

ئاخۆ تەلەفزیۆن بووەتە مایەی زانیاری و ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری و سەرچاوەی هەڵسوکەوتی پەسەند بۆیان؟

ئەمڕۆ گواستنەوەی کتێب لەوڵاتە عەرەبییەکاندا لە گواستنەوەی خەڵکی و هەموو کاڵایەکی تر زەحمەت ترە. هەرچۆن خوێندکاران بەگشتی دوای بەجێهێشتنی کورسییەکانی خوێندن ماڵئاواییش لە خوێندنەوەی کتێب دەکەن و بە بیانووی وەکو: گرانیی نرخی کتێب و نەبوونی کات و ئاڵۆزبوونی ژیانو..تاد“ خۆ لە خوێندنەوە دەدزنەوە، بەوەش کاریگەرییە گرنگەکانی کتێب لەسەریان جێنامێنێت.

لەلایەکی ترەوە کۆت و پێوەندی سانسۆر بەرهەڵستی کردنێکی دیکەی کتێبە، لەلای زۆربەی سیستمە حوکمڕانەکانی عەرەب بەناوی شکۆداریی وڵات و مەسەلەی ڕۆشنبیریی بەرهەڵستی کتێب دەکرێت، دەبێ کتێب بۆ گەیشتن بەخوێنەرانی ڕێگای پڕ لە دڕك و داڵی سانسۆر ببڕێت، گەر لە وڵاتێکدا لە چاوی تیژی سانسۆر بەدووربێت، ئەوا لە وڵاتانی دیکەدا دەکەوێتە داویانەوەو دەرگای لەسەر کلۆم دەدەن. ئیتر لەبەر ناوەکەی بێت یان نووسەرەکەی یان لەبەر ناوهێنانی هەردێك، چیایەك، ڕوبارێك،..کەلای هەندێك پەسەندە و لای هەندێکی تر یاساغ!

ئیتر نازانرێت، ئاخۆ لەم هەزارەیەدا چارەنووسی کتێب چی لێدێت، ئایا لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا لەم کۆمەڵگایانەدا کتێب دەبێتە سۆراغکاری خوێنەرانی؟ دیارە سڕینەوەی ڕای بەرامبەرو ڕێنەدان بە گوزارشت لە خودی بەرامبەر نیشانەی نابووتی لایەنی سانسۆرە.

تۆڕەکانی ئینتەرنێت، بەو هەموو گەشەکردنەو ئاسۆکانی ئایندەیانەوە دنیای پێکەوە گرێداوەو پەیوەندییەکان لەرێی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجام دەدرێن، کەواتە

دەبێ بپرسین: شوێنەواری زانیارییەکان چەندە لەسەر ژیانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و پەروەردەییمان جێدەمێنێت؟

دواجار، لەم تیژڕەوییەدا، دیارە بەرهەمی هزر جێگای کاری دەستی دەگرێتەوەو زانیارییەکان نەك بە تەنیا لە ناوچەیەکدا، بەڵکو لە هەموو شوێنێکی سەر رووی زەمین دەکەونە بەرچاو و کاری سانسۆریش سنووربەند دەکرێت و گرفتی کتێبی تەقلیدیی روو لە چارەسەر دەبن.

## بەشی سێیەم

## پیشەسازیی بڵاوکردنەوەو قەیرانی کتێب

نووسەر لەم بەشەدا باس لەوە دەکات کە کتێب هەندێ جار بۆ خێزان وەك نان و دەرمانە، تەنانەت گەورەی ماڵ دەیخاتە نێو لیستی پێداویستییە رۆژانەکانەوە، تەنانەت وەك جوانترین دیاری پێشکەش بە ئازیزان دەکرێت، بەڵام لەوڵاتانی عەرەبدا دێن دوو هەزار دانە لە کتێبێك چاپ دەکەن بۆ 200ملیۆن عەرەب! ئەوانیش بە دەردەسەری ساغ دەکرێنەوە، جا لەم کاتەدا نووسەری عەرەب چی بکات؟!

لێرەوە دەبێت بیر لە ژیانێکی باش بکرێتەوە بۆ نووسەران تا بتوانن خۆیان بۆ کارە هزرییەکانیان تەرخان بکەن، ئەویش بە فراوانکردنی بازنەکانی خوێندنەوە دێتە دی تاوەکو کۆمەڵگایەکی خوێندەوار درووست بێت و ئەو کاتەش ژیانی پڕ لە پێشکەوتن بێتە دی.

## بەشی چوارەم

## پیشانگاکانی کتێب

لەبەر گرنگی کتێب، زۆربەی وڵاتان مەبەستیانە پیشانگای کتێب بکەنەوە، ئەویش بۆ چالاك کردنی پڕۆسەی خوێندنەوەو زۆرکردنی کتێب لە بەردەستی خوێنەراندا، ئەویش بە دابینکردنی تازەترین چاپکراوی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوخۆ و دەرەوە و درووستبوونی پەیوەندیی لە نێوان نووسەرو بڵاوکەرەوەو دابەشکار و خوێنەراندا.

بەڵام ئاخۆ پیشانگایەکانی کتێب توانیویانە ئامانجیان بپێکن؟ دیارە پڕۆسەی خوێندنەوە لە تەمەنی منداڵیی مرڤەوە دەستپێدەکات لە ماڵداو پاشان لە خوێندنگا



پەرەی پێدەدرێت و دواتر دەوڵەت ئەو هەلە باشتر دەڕەخسێنێت بۆ کاریگەربوونی پڕۆسەکە کە لە ئەنجامدا رەوشێك دەڕەخسێ کە تیایدا ئازادیی رادەربڕین و چالاك بوونی رەخنە و دیالۆژ و رێزگرتنی رای بەرامبەر دەبینرێتەوە.

هەرچۆن لە پیشانگاکانی کتێبدا بێجگە لە نمایشەکانی چاپکراوەکان چالاکی روناکبیری و سیمیناری فیکری و ئاهەنگی رێزلێنان و دابەشکردنی خەڵات ساز دەکرێن، بەوەش پیشانگاکان دەبنە وەرزی رۆشنبیری و رووداوی دیار لە ژیانی کۆمەڵگادا.

رێکخەرانی پیشانگاکان، بێجگە لە نمایشی چاپەمەنیی نوێ پێویستە ئاگاداری نرخ و بڕی داشکاندن بن، هەرچۆن رێنمایی هامشۆکەران بکەن بۆ بەسەرکردنەوەی تەواوی بەشەکانی پیشانگا.

## بەشی پێنجەم

## بەرەو بازاڕێکی هاوبەشی کتێب

لەچاو کبی بێیانیدا، نرخی کتێبی عەرەبی بەرز نییە، هەڵبەت لەبەرژەوەندیی بڵاوکەرەوەتێکانیش نییە نرخی کتێب بەرزبکەنەوە لە کاتێکدا کە خوێندنەوە بەربڵاو نییە.

بەگشتی خەڵکی عەرەب بەتەنیا لەو کاتانەدا بایەخ بە کتێب دەدەن کە لەسەر کورسییەکانی خوێندنن، یان سەرقاڵی کاری زانستین، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کتێب بەشوێن خوێنەرانیدا دەگەڕا، بەڵام خوێندەوارانی عەرەب بە بیانووی گرانیی کتێب پشتیان تێدەکرد.

بازاڕی کتێب لە هەلومەرجی چالاك بوونی پڕۆسەی خوێندنەوەدا درووست دەبێت، کۆمەڵێ فاکتەر بازاڕی هاوبەش پێکدێنن، ئەوانیش زمان و پرس و خەونەکانن.

ئەوەی دەگاتە بازاڕە گەورەکانی کتێب لە جیهاندا، چاپکراوە بەنرخەکانن بەبێ سانسۆرکردن، واتە ئازادی لە جووڵەی کتێب و رەهایی لە نمایشیاندا.

ئێمە پزیشکانی بێسنوور دەبیستین، یان رۆژنامەنووسانی بێسنوور، دەبێ رۆژێك بێت (کتێب بێ سنوور)ی لێبێت؟

## بەشی شەشەم

### لەپێناوی کتێبی عەرەبیی باشتردا

لەم بەشەدا چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ نووسەری کتێبەکە خراوەتە بەرچاو، وەك لێپرسراوی دەزگایەکی بڵاوکردنەوە لە وڵاتی سوریا، تیایاندا بەسەرهاتی خۆی و خوێندنەوەو هۆگربوونی بە کتێبەوە دەگێڕێتەوە.

ئینجا باس لە رۆڵی بڵاوکەرەوەکان دەکات لە هێنانە ئارای کتێبی باشدا، لەو پێناوەشدا دەزگای (الفکر) باسدەکات کە ساڵی 1997 خەڵاتی بۆ باشترین رۆمان دیاریکردوە، لەوانەی چارەسەری رەوشی کۆمەڵایەتی دەکەن.

لەو ئاقارەشەوە دان بەوەدا دەنێت کە بەرهەمە ئەفرێندەرەکان لەچاو بەرهەمی تەقلیدیدا هێشتا هەر کەمترن، لەوێوە نووسەر دان بەوەدا دەنێت کە لەدەیان ساڵدا بەرهەمێکی ئیبداعی دەردەکەوێت.

لەدوا پەرەگرافەکانی ئەم بەشەدا نووسەر باس لە (نەوەی باش لەپێناوی ئایندەی باشتردا) دەکات و نموونەی ئەو نەوەیەش بە خوێنەرەکانی دادەنێت.

**⋆بەشی حەوتەم لە کتێبەکەشدا، باس لە چەند مەسەلەیەك کراوە، وەکو:**

-گەمەی ساغکردنەوەو داشکاندنی کتێب.

-هەڵەکان، بە هەڵەی چاپ لە قەڵەم دەدرێن.

-پیشەسازیی بڵاوکردنەوە، بازرگانییە یان پەیام؟


-لەئاوابوونی ئەفراندندا.

-دژ بە نوێ.

-کاتێ پێودانەکان نامێنن.

-هامشۆی پیشانگاکانی کتێب.





**سەرچاوەکانی زانیاری**

**ئامادەکردنی: د. لیلی قگیشات**

**چاپی یەکەم: 2007**

**شـــوێنـــی چـــاپ: عەممان/ ئوردون**

**جمعیه المکتبات و المعلومات الاردنیه**

**72 لاپەڕە**

ئەم کتێبە لە پێشەکی و پێنج بەش و ناوی سەرچاوەکان پێکهاتووە، ئامادەکار لە پێشەکیدا وتویەتی "ئەمڕۆ لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕنکاریی خێرا، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا دەژین، جیهانێك بە شۆڕشی زانیارییەکان و جیهانی زانیارییەکان وەسف دەکرێت، چونکە لەمڕۆدا زانیارییەکان بووەتە هۆکاری کاریگەر لە ژیانی وڵاتان و گەلاندا، ئەویش بەهۆی ڕۆڵی زیندووی لە بونیاتنانی کۆمەڵگا و گەشەکردنیدا، هەروەها بەشداریی لە پرۆسەی بڕیارەکان و چارەسەری کێشەکان و دانانی پلان و ستراتیژەکاندا...".

هەروەها وتویەتی "نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری زۆری لە بواری چالاکیی زانستیدا بینیوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بەرهەمە فکرییە جیهانییەکان..".

### بەشی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی سەرچاوەکانی زانیاری

زانیارییەکان، ئەو دیاردانەن کە لە هەموو سەردەمێکدا هاوڕێی مرۆڤ بوون، لە مێژوودا جۆرەکانی ئەو سەرچاوانە جیاوازبوون، لە سەرەتاوە مرۆڤ ویستویەتی دەستکەوتەکانی تۆمار بکات تا کاتی پێویست بگەڕێتەوە سەریان، هاوکات نەوەکانی داهاتوو سوودیان لێ ببینن، مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە سەرچاوە کۆنەکان، بەڵام لەگەڵ داهێنانی کاغەزدا لەلایەن چینییەکانەوە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا، نووسین گەشەی کردوە، لەوێوە پیشەسازیی بەرهەمهێنانی کتێب هاتووەتە ئارا.



لە سەدەی پانزەیەمی زایینیدا، کاتێك گۆتنبرگ چاپی داهێناوە کاغەز بووەتە کەرەستەی یەکەمی نووسین و تۆمارکردن، بەڵام لەگەڵ داهێنانەکانی تردا، ئامرازی تر بۆ تۆماری زانیارییەکان و هێنانەوە بەردەستیان. خراونە بەرچاو، وەکو ئامرازەکانی بیستن و بینین، سیدی کۆمپیوتەر و پاشان تۆڕەکانی ئینتەرنێت کە بوونەتە سەرچاوەی بەربڵاوی پەخشی زانیارییەکان.

توێژەران قۆناغەکانی پرۆسەی گەشەکردنی سەرچاوەکانی زانیارییان دابەشکردوە بەسەر چوار قۆناغدا:

1-سەرچاوەکانی زانیاریی بەر لە داهێنانی کاغەز.
2-سەرچاوەکانی زانیارییە کاغەزینەکان.
3-سەرچاوەکانی زانیارییە نا کاغەزینەکان.
4-سەرچاوەکانی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان.

### بەشی دووەم: دابەشکردنی سەرچاوەکانی زانیاری

بەشێك لەپسپۆڕان سەرچاوەکانی دابەشکردنی زانیارییان بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە:

1ـ سەرچاوەکانی زانیارییە سەرەتاییەکان.
2ـ سەرچاوەکانی زانیارییە لاوەکییەکان.
3ـ سەرچاوەکانی زانیاریی لەپلەی سێیەمدا.

بەشێکی تر دابەشیان کردوون بەسەر (پێش کاغەزین، سەرچاوە کاغەزینەکان و دوای کاغەزینەکان)، هەرچۆن وتراوە سەرچاوەکانی زانیاریی بریتین لە (فەرمی و نافەرمی)، یان وتراوەکان سەرچاوەکان (تەقلیدی و ناتەقلیدی)ن، بەڵام لەمڕۆدا زیاتر کار لەسەر ئەم دابەشکردنە دەکرێت کە بریتییە لە (سەرچاوەکانی زانیارییە کاغەزینەکان، ناکاغەزینەکان، ئەلیکترۆنییەکان).

یەکەمیان (سەرچاوەکانی زانیارییە کاغەزینەکان) بریتییە لە:

ـ کتێب، ئەویش ئەم جۆرانەی هەیە:

1ـ کتێبی خوێندن.

2ـ کتێبی تاك بابەتی.

3ـ کتێبی کۆبەندی.

4ـ کتێبی ژێدەری.

## بەشی سێیەم: هەڵبژاردنی کتێب

لەم لێشاوەی مەعریفەداو ئەو هەموو چاپکراوە لە سەرجەم بابەتەکان و هەموو زمانەکاندا، مەحاڵە هیچ کتێبخانەیەك، چەندە گەورەش بێت و چەندە توانای دارایشی هەبێت بتوانێت هەر چییەك چاپدەکرێت، بتوانێت بەدەستی بهێنێت، هەر بۆیە پەنا دەبرێتە بەر هەڵبژاردن، تاوەکو کتێبخانە باشترین سەرچاوە بۆ سوودمەندانی دابین بکات.

هەڵبژاردن قورسترین ئەرکی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەیە، چونکە تا ئەم ساتە پێودانی ئەوتۆ نییە بۆ هەڵبژاردن، ئەو کارەش پەیوەستە بەدوو خاڵەوە:

1ـ بودجە.

2ـ پێویستیی خوێنەران بۆ سەرچاوەکان، کە هەرگیز کۆتایی نایەت.

سەرچاوەکانی هەڵبژاردنی کتێبیش بریتین لە:

أـ سەرچاوە راستەوخۆکان، کەپشت بەپێشنیازی سوودمەندان دەبەستێت.

ب ـ پیشانگاکانی کتێب.

جـ ـ بڕیاری ئەمیندارانی کتێبخانە بۆ جۆری کتێبەکان لە کتێبخانەکان و لای نووسەران.

دـ کەتەلۆکی بڵاوکەرەوەکان.

هـ ـ نمایشی کتێب لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا.

وـ بیبلیۆگرافیا.

ی ـ ئیندێکس (رێبەر).



## بەشی چوارەم: خولاوەکان

ناوەرۆکی گۆڤارو رۆژنامەکان جیاوازن لەکتێب، بەو چاپکراوانە پێناسە دەکرێن کە لەماوەی زەمەنیی دیاریکراودا بڵاودەکرێنەوە، واتە رۆژانە، هەفتانە، نیومانگی، مانگانە، وەرزی، نیوساڵی، ساڵانەکان، لەگەڵ هەندێکی دیکە کە دەرچوونیان بەشێوەیەکی نارێك و پێکە.

خولاوەکان بەپێی لایەنی دەرکردنیان دابەشدەبن بەسەر:

1ـ ئەوانەی دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییەکان.

2ـ حکومییەکان.

3ـ پیشەییەکان.

4ـ خولاوەی تاکە کەسەکان.

چۆنێتی وەدەستخستنی خولاوەکانیش لەچەند رێگایەکەوە دەبێت، ئەوانیش (بەشداریکردن، دیاری و ئاڵوگۆڕ، بەهۆی بەخشینی ژمارەی سپاردنەوە).

## بەشی پێنجەم: سەرچاوەکانی زانیارییە ناکاغەزینەکان

ئەوانیش بریتین لە:

1ـ بچووککراوە فیلمییەکان (مایکرۆفۆرم)

2ـ سەرچاوە بیستراوو بینراوەکان کە فیلمی ڤیدیۆ، سیدی، نەوار، وێنەی فۆتۆگرافی و نەخشەن.

ئامادەکاری ئەم کتێبە، بۆ توێژینەوەکەی سوودی لە سیانزە سەرچاوە، بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگرتووە.






## کتێبخانەو زانیارییەکان لەجیهانێکی نوێدا

**کتێبی: کتێبخانەو زانیارییەکان لە جیهانێکی نوێدا**
**نووسینی: د. محمد فتحی عبدالهادی**
**بڵاوکەرەوە: الدار المصریە اللبنانیە** 2007
246 **لاپەڕە**

ئەم کتێبە، کە لەلایەن مامۆستایەکی بەشی کتێبخانەو زانیارییەکانی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی قاهیرەو نووسراوە.

نووسەر لەپێشەکیدا دەڵێت"جیهانی نوێ جیهانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و ئینتەرنێتە، جیهانی جیهانگیری و کۆمەڵگای زانیارییە گەردوونییەکانە، ئەم جیهانە لە کاروانی خۆیدا لە ئێستا پشتدەبەستێ بە زانیارییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، زانیاریی بە هەموو پیشەسازی و بازرگانی و دامەزراوە پەیوەستەکان پێیەوە".

توێژینەوەکانی نێو ئەم کتێبە بەسەر سێ تەوەردا دابەشبوون، یەکەمیان لە چوار بەش پێکهاتووە کە کتێبخانەکان وەك سەرچاوەی زانیارییەکان دیاری دەکەن و کاری ئەوان لەژینگەیەکی نوێدا هەڵدەسەنگێنرێت کە لەگەڵ سەرەتای هەزارەی سێیەمی زاینیدا کەوتووەتە ڕێ، بەڵام تەوەری دووەم باسی رەگەزێکی گرنگ لە زانیارییەکان دەکات کە ئەویش رێکخستنی زانیارییەکانە، ئەم تەوەرەش لەچوار بەش پێکدێت.

باسێکی دیکە تەرخانە بۆ کەرەستەکانی کاری هونەریی لە دامەزراوە زانیارییە عەرەبییەکاندا.

باسی تر لە کتێبەکەدا باس لە وەسف و شیکردنەوەی سیان لە ڕێبەری کتێبخانە عەرەبییە نوێیەکان دەکات لەژێر ڕۆشنایی ئاراستەو پێوانە تایبەتەکاندا.

باسێکی تر بریتییە لە ئامادەکردنی پێڕست لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیدا وەك پێداویستی نوێ بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان.

یەکێکی تر لە باسەکان سەبارەت(میتا داتا)یە بەو پێیەی تازەترین ئامرازە بۆ ڕێکخستنی سەرچاوەی زانیارییەکان، بەتایبەت سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان کە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتدان.

تەوەرێکی تر کە سێیەمە تایبەتە بۆ نمایشی هەندێك لە مەسەلە گرنگەکان کە لەم دواییانەدا جێبایەخی بواری کتێبخانەو زانیارییەکانە، لەوانە مەسەلەی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکەدا، هەروەها بەتایبەت کردنی لە بوارەکەدا، لەگەڵ ئایندەی کتێبی ئەلیکترۆنی عەرەبی و پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەروەها پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگای زانیارییەکاندا، تەوەرە ئاماژە بۆکراوەکان بەسەر ئەم دوانزە بەشەدا دابەشکراون:

1-کتێبخانەی ئەسکەندەرییە.. کتێبخانەیەکی جیهانیی: تیایدا بە چڕی باسی لە ژیاندنەوەی کتێبخانەکە، تەلارەکەی، ئەرکەکانی، کتێبخانەکە وەك نیشانەیەکی مەزن..کراوە.

2-کتێبخانە گشتییەکان.. مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی. مەبەستی کتێبخانە گشتییەکان، پرۆژەکانی نوێکردنەوەی کتێبخانەی گشتی، گەشەپێدانی کتێبخانە گشتییە عەرەبییەکان.

3-کتێبخانە گشتییەکان لە میرنشینی عەرەبی سعودیدا لەژێر ڕۆشنایی بەرهەمە هزرییە عەرەبییەکاندا.

4-پێگەی کتێبخانە عەرەبییەکان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت:



ماڵپەڕی کتێبخانەکان، پێوانەی هەڵسەنگاندنی ماڵپەڕەکان، شیکردنەوەیان، ئامادەکردنی ماڵپەڕی کتێبخانە عەرەبییەکان، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە نووسینی ناوی ماڵپەڕەکاندا دەروازەکانی ئینتەرنێت.

5-کەرەستەکانی کاری هونەری و ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی زانیارییەکاندا:

تەکنیکی پێڕستی وەسفی، شێوەکانی پەیوەندیی، دۆسیەی پشتبەستوو بە ناوەکان، ڕێبەرە ڕێنمایکارەکان، لیستەی سەرە بابەتەکان، سیستمەکانی پۆلێن، خشتەی ژمارەی نووسەران، میتاداتا.

6-ڕێبەرە عەرەبییەکان لەنێوان عەرەباندن و دامەزراندندا.

7-ئامادەکردنی پێڕستکار لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیدا:

کە بریتییە لە: پێڕست لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا لە ڕاهێنانی پێڕستکاردا، مەشق و گەشەپێدانی پیشەیی بۆ پێڕستکاران لە میسردا.

8-میتا داتا، یان ئەودیو زانیارییەکان:

پێناسەی، سەرهەڵدان و گەشەکردنی، میتا داتاو پێڕست، ئەرکەکانی، خەسڵەتەکانی، سیستمەکانی، پێودانەکانی، کاریگەریی میتادا لەسەر کتێبخانەکان.

9-توێژینەوەی زانستی لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا:

ڕەگەزی مرۆیی، سەنتەرەکانی توێژینەوە، توێژینەوە زانکۆییەکان، بنەمای تیۆری، بەرهەمی هزریی، هاندانی مادی و ئەدەبی.

10-بەتایبەت کردن لە بواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا:

ئەم بەشەش باس لە خەزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان دەکات لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، هەروەها ئاخۆ کورتی تایبەت چی پێشکەشی ئەو بوارە دەکات- نموونە لەو ڕووەوە..

11-کتێبی ئەلیکترۆنی و ئایندەی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە:

چەمکی کتێبی ئەلیکترۆنی و خەسڵەتەکانی، جۆرەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی، لایەنە باش و خراپەکانی، میتۆدەکانی توێژینەوە تیایاندا، کاریگەرییەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی، بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەلیکترۆنی عەرەبیی.

12-کە دوابەشە، وەبەرهێنان لە پیشەسازیی ناوەرۆکی عەرەبیدا:

مەبەست لەناوەرۆك، بەرهەمهێنانی ناوەرۆك یەکێکە لە پێگەکانی پیشەسازیی زانیارییەکان، بایەخی، بەرەنگاربوونەوەی، بەرەو پیشەسازیی ناوەرۆکی عەرەبیی بەهێز.

شایانی باسە نووسەر بۆ کتێبەکەی دەیان سەرچاوەی عەرەبی و بیانی بەکارهێناوە.

## چاپكراوەكانی نووسەر

1- شۆڕشی مردووەكان، شانۆنامەی وەرگێڕراو:
چاپی یەكەم، بەغدا، 1980.
چاپی دووەم بە ناوی (مردووەكان بنێژن)، سلێمانی، 1998.

2- پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوكاریی چوار نووسەر، بەغدا، 1980.

3- كۆچ بۆ دارستان، چیرۆكی منداڵانی وەرگێڕراو:
چاپی یەكەم، بەغدا، 1988.
چاپی دووەم، سلێمانی، 2008.

4- قەفەزی زێڕین، چیرۆكی منداڵانی وەرگێڕراو:
چاپی یەكەم، سوید، 1994.
چاپی دووەم، سلێمانی، 2000.

5- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری كوردو نووسەری كوردستان، بەهاوكاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد،
سلێمانی، 1988.

6- كێشەی كەمینە نەتەوەییەكان لەوڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

7- دروستبوونی دەوڵەتی كوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

8- مەرگی وەنەوشە، چیرۆكە هەواڵ:
چاپی یەكەم، سلێمانی، 2000
چاپی دووەم، سلێمانی، 2002
چاپی سێیەم، سلێمانی، 2010

9- لەئەرشیفی شانۆی كوردییەوە، سلێمانی، 2001.

10- كە ئاگر دەریای خامۆشكرد، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، 2001.



11- چەند بابەتێكی شانۆیی، وەرگێڕان، سلێمانی، 2001.

12- ئەكتەرە كوردەكان، سلێمانی، 2001.

13- دوای بیست ساڵ، چوار شانۆنامەی ئامادەكراو وەرگێڕراو، سلێمانی، 2001.

14- بیبلیۆگرافیای 24 ژمارەی گۆڤاری سەردەم، سلێمانی، 2002.

15- چاوەكانی تابان، چیرۆكی رۆژنامەنووسیی:
چاپی یەكەم، سلێمانی، 2002.
چاپی دووەم، سلێمانی، 2007.

16- چەند باسێك دەربارەی شانۆی كوردی، سلێمانی، 2005.

17- شانۆی كوردی، ئەرشیف و تێكست.. نمایش و بینەر، سلێمانی، 2007.

18- چەند باسێكی شانۆیی، وەرگێڕان، هەولێر 2008.

19- فەرهەنگی شانۆ، بەرگی یەكەم، سلێمانی، 2008.

20- لەئێوارەیەكدا، شەش شانۆنامەی یەك پەردەیی وەرگێڕراو، هەولێر، 2008.

21- بەرەو ئەستێرەیەكی تر، شانۆنامەی بەكوردیكراو،
سلێمانی، 2008.

22- هونەری دراما، سلێمانی 2009.

23- ئەزموونە درەوشاوەكانی شانۆ، وەرگێڕان، سلێمانی، 2010.

24- گەورەبوونی رۆح، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، 2010.

25- ئیتیكی كاری راگەیاندن و حەتمیەتی تەكنولوجیا، وەرگێڕان، سلێمانی، 2010.

26- ژین.. یەكەمین رۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبیی، سلێمانی، 2010.

27- دەروازەیەك لەڕووی كتێبخانەو زانیارییەكان،
سلێمانی،.2010.

28- زانستی پێڕست و دۆكیۆمێنتاری، وەرگێڕان، سلێمانی، 2011.

29- ئەو (10) کتێبەی جیهانیان هەژاند، ئامادەکردن، سلێمانی، 2011